# مافەکانی تۆمەتبار

# لەکاتی دەستگیرکردن و وەرگرتنی وتە و راگرتندا

**نووسینی: د. دادوەر سەردار عەلی عەزیز**

**وەرگێڕانی: پارێزەر کاروان رەحیم شەریف**

**2010**

# پێشەکی

مافی تاکەکان لە پاراستنی ئازادیە کەسیەکانیان لەو مافانایە کە جارنامەکانی مافی مرۆڤ گرنگی پێئەدەن وە دەوڵەتەکان لە دەستوور و یاساکانیاندا جێیان کردۆتەوە وە دەستلێدانیانی قەدەغە کردووە تەنها لە چەند حالەتێکدا نەبێت کە دیاری کراوە بە یاسا وە بە پێی چەند ڕێوشوێنێك کە تیایدا دیاری کراوە [1].

وە ئەوەی تێبینی ئەکرێت کە پاراستنی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی گەورە پەرەی سەندووە لە کاتی ئێستادا ، وە ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی هەستکردنی دەوڵەتەکان بەوەی کە پێویستە مافەکانی تاکەکان بپارێزرێن لە هەر دەستدرێژیەك بۆ سەریان.

لەبەر ئەوە پاراستنی ئازادی کەسی بەردی بناغەیە لە یاسای مافەکانی مرۆڤی نێودەدەوڵەتی ، هەر لەبەر ئەوەشە هەر لە سەردەمی دێرینەوە جەختکراوەتەوە لە سەر ئەو مافانە لە جارنامەکانی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامە نێودەوڵتیەکاندا .

وە بناغەی ئەو مافە ئەگەڕێتەوە بۆ (ماگناکارتا )ی ئینگلیزی ساڵی (1215) کە لە بەشی (39) یدا بەدەقهاتووە کە ( نابێت هیچ کەسێك بەرپرسیار یان بەند یان دەستبەسەر بکرێت یان بە لەیاسادەرچوو لە قەڵەم بدرێت یان دوور بخرێتەوە یان لەناوببرێت بە هەر شێوەیەك یان تەنانەت دادگایی بکرێت جگە بە حوکمێکی یاسایی نەبیچت لە لایەن هاوەڵەکانیەوە بەپێی یاسای ووڵات .

وە هەروەها بە دەقهێنراوە لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوولاَتی فەرەنسی ساڵی ( 1789) کە ماددەی دووەم لەم جاڕنامەیە پاراستنی مافە سروشتیەکانی مرۆڤ و لە ناویاندا ئازادی کەسی کردووە بە مەبەست و ئامانجی هەموو دەستەیەکی سیاسی ، کە بەدەقی هێناوە کە (مەبەستی هەموو دەستەیەکی سیاسی بریتیە لە پاراستنی مافە سروشتیە جێگیرەکانی مرۆڤ ، کە بریتین لە ئازادی خاوەندارێتی و ئاسایش و بەرەنگاربوونەوەی ستەم )

وە سەرەڕای بایەخدانی نێودەوڵەتی بە مافو ئازادیەکانی تاکەکان لە لایەنی ناوخۆی دەوڵەتانیشەوە ئەبینین کە زۆربەی دەستورەکان — بە دەقی ڕاشکاو لەکاتی ڕیزکردن و باسکردنی ماف و ئازادیە گشتیەکان — ئاماژەیان کردووە بۆ مافەکانی تاکەکان لە چێژوەرگرتن لە مافە کەسی یەکانیان و کۆتوبەند نەکردنی تەنها لە چەند حالەتێکی دیاریکراو نەبێت بە یاسا بە پێی چەند ڕێوشوێنێك کە تیایدا بڕیار دراوە .

بەڵام ماف و ئازادیە کەسیەکان ڕەها نین بەڵکو بە مەبەستی پاراستنی ئارامی و جێگیری لە کۆمەڵگاکاندا، ئەبینین کە زۆربەی یاسا ی دەوڵەتە جۆاوجۆرەکان بە مەبەستی ڕێخۆشکردن بۆ دەسەلأتی گشتی کە قەلأچۆی دیاردەی تاوان و لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیە سەرەکیەکانی کۆمەڵگا لە بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی دوور لە توندوتیژی و تاوان ڕێی داوە کە ئازادیە کەسیەکان کۆتوبەند بکرێت لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراو بە یاسا هەرچەندە لە بنچینەدا تاکەکان بۆیان هەیە چێژوەرگرن لە ماف و ئازادی یە بنچینەیەکانیان کە ئاینە ئاسمانیەکان و جاڕنامەکان و پەیماننامە نێودەوڵتیەکانی پەیوەند بە پاراستنی ماف و ئازادیە بنچینەییەکانی مرۆڤ جەختیان لەسەرکردۆتەوە وە دەستوور و یاساکان لە دەوڵتە جۆراو جۆرەکان ڕێکیان خستووە ، بەلأم بەرژەوەندی گشتی لە بەدیهێنانی ئارامی و جێگیری وا ئەخوازێ کە ماف و ئازادیەکانی تاکەکان ڕەها نەبێت و چەند بنەمایەك نەبێت ڕێکی بخات

لەبەر ئەوە لە کاتی تۆمەتبارکردنی کەسێك بەوەی کە تاوانێکی ئەنجامداوە یان بەشداریکردووە لە ئەنجامدانی وە دوای جولأندنی داوای سزایی لە دژی ئەو کاتە ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لەدژی پیادە ئەکرێت

---

[1] ينظر: أحمد المهدي و أشرف الشافعي، القبض والتفتيش والتلبس، دار العدالة للنشر والتوزيع، القاهرة، ط1، 2005، ص48.

لەهەموشیان گرنگتر دەرکردنی فەرمانی دەستگیکرتن لەدژی و ووتە وەرگرتنی و ڕاگرتنی و چەندەها ڕێوشوێنی ترکە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ کۆتوبەند ئەکات .

وە لە دەستگیرکردن و ووتەوەرگرتن و ڕاگرتندا دەستئەبرێت بۆ ئازادی کەسی کە برێکی زۆر لە زۆرلێکردن و ناچارکردن ئەگرێتە خۆ کە تیایدا کەسەکە بەبێ ویستی خۆی ڕاپێچ ئەکرێت .

وە هەروەها لە ووتەوەرگرتندا بۆ ئەوەی بەکارنەهێنرێت وەك هۆکارێك بۆ زۆرکردن لە تۆمەتبارەکە بۆ دەستخستنی دانپیانانی وە بۆ ئەوەی تۆمەتبارەکە بتوانێت مافی خۆی بەکار بهێنێت لە لە بەرگریکردن لەکاتی ووتە وەرگرتندا ، یاسادانەر ووتەوەرگرتنی چواردەورەداوە بە چەندەها دڵنیایی لەوانە پەیوەندی هەیە بە ئەو لایەنەی هەڵئەسێت بە ووتەوەرگرتن وە هەیە پەیوەندی هەیە بە زامنکردنی ئازادی تۆمەتیار لە کاتی ووتەوەرگرتن وە چەند دڵنیاییەکی تر هەیە پەیوەندی هەیە بە بە پیادەکردنی مافەکانی لەکاتی بەرگریکردن لەکاتی ووتەوەرگرتنی .

وە لەبەر مەترسیداری ئەم ڕێوشوێنانە ئەبینین کە یاسا چەند پێوەرێکی داناوە لە کاتی ئەنجامدانی ئەم ڕێوشوێنانە وە ئەمەش ناودەبرێت بە دڵنیاییەکانی تاکەکان لە بەرامبەر ڕێوشوێنە تاوانکاریەکان وە ئەوەش بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان مافی هاولاتی کە دەست نەبرێت بۆ ئازادیەکەی و مافی کۆمەڵگە لە بەدیهێنانی ئارامی و جێگیریی کە وا ئەخوازێت دەست ببرێت بۆ ماف ئازادی چەند تاکێك ..

لەبەر ئەوە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە هەوڵدان بۆ ڕوونکردنەوەی چوارچێوەی ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی و بەتایبەتی ئەو ڕێوشوێنانەی کەدەست ئەبات بۆ ماف و ئازادیەکانی تاك .

وە ئێمە ئەم بابەتە دابەش ئەکەین بۆ سێ دەروازە لە دەروازەی یەکەم باسی دەستگیرکردنی تاکەکان ئەکەین و لە دەروازەی دووەم باسی ووتەوەرگرتن ئەکەین بەو پێیەی لە ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوەیە کە دەسەلاتی لێکۆڵینەوە مافی ووتو وێژکردنی هەیە لەگەڵ تۆمەتبارەکە بە ووردی لەو تۆمەتەی کە ئاراستەی کراوە وە ڕووبەڕووکرنەوەی بەو بەلگە جۆراوجۆرانەی لەدژی هەیە وە بیستنی ئەوەی ئەیخاتە ڕوو لە ڕووەکانی ڕەتکردنەوەی تۆمەتەکە و سەلماندی بێتاوانیەکەی و یان دانپیانان بە تۆمەتەکە [2].

وە لە دەروازەی سێیەم باسی ڕاگرتن ئەکەین بەوەی لەو ڕێوشوێنانەیە کە تیایدا دەست ئەبرێت بۆ ئازادی تاکەکان وە ماوەیەکی زۆری پێئەچێت بە بەراورد بەوانی تر وە تیایدا ماهیەتی ڕاگرتن و سروشتی یاسایی یەکەی وە باسی مەرجە بابەتیەکان و شێوەیی یەکانی ڕاگرتن دەکەین .

وە بابەتەکە کۆتایی پی دێنین بە گرنگترین دەرئەنجامەکان و پێشنیارەکانی کە پێی ئەگەین .

---

[2] ينظر: أحمد المهدي و أشرف الشافعي، الحبس الإحتياطي والإجراءات المترتبة عليه، دار العدالة-القاهرة، 2006، ص23.

## مافی پاراستی ئازادیە کەسییەکان

## دەروازەی یەکەم

## دەستگیرکردنی کەسەکان

مافی کەسەکان لە پاراستنی ئازادی یە کەسییەکان لەو مافانەیە کە جاڕنامەکانی مافەکانی مرۆڤ بایەخی پێ دەدەن و دەوڵەتەکان لە ناو دەستور و یاساکانیاندا جێگیریان کردووە و دەستلێدانیانی قەدەغە کردووە تەنها لە چەند بارێکی دیاریکراو بەیاسا نەبێت و بەپێ ی ئەو ڕێوشوێنانەی تیایدا بڕیار دراوە [3].

دەستگیرکردنی کەسەکان لەو حاڵەتانە دائەنرێت کە تیایدا دەست دەبڕێت بو ئازادی کەسی تاکەکان وە لە هەرە ڕێوشوێنە بلاو و بەکارهێنراوەکانە لەلایەن دەسەڵاتە گشتی یەکانەوە کەئامانج لێ ی گلدانەوەی تۆمەتبارە بەشێوەکی کاتی لەترسی هەڵهاتنی[4].

وە ئەم ڕێوشوێنە واتە دەستگیرکردنی کەسەکان برێکی زۆری لە دەستبردن بۆ ئازادی کەسی گرتۆتە خۆ ، بەوەی کە ئازادی یەکەی لە هاتۆچوکردن لێ وەردەگرێتەوە بۆ کاتێکی دیاری کراو ، لەبەرئەوە ئەبینین کەیاساکان ئەم ڕێوشوێنەیان چواردەورە داوە بەکۆتوبەندی دیاری کراو لە پێناو پاراستی مافەکانی مرۆڤ و جەختکردنەوە لە بنەمای بێتاوانی کەوا پێویست ئەکات ئازادی کەسە تۆمەتبارەکان بەکردەی تاوانکاری کۆتوبەند نەکرێت تەنها لە بەرتەسکترین سنوور کە لە توانا دابێت و بە پێی چەند ڕێوشوێنێکی زۆر وورد[5].

وە بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی دەستگیرکردنی کەسەکان و ناساندنی و دڵنیایی یەکانی تۆمەتبار لە کاتی دەستگیرکردنی ، ئەم دەروازەیە بەشدەکەین بۆ دوو لایەن وە بە پێ ی ئەم ووردەکاری یەی کەدێت :-

### لایەنی یەکەم

### ناساندنی - ماهیەتی - دەستگیرکردنی کەسەکان

بۆ وەستان لەسەر ناساندنی دەستگیرکردن پێویستە سەرەتا پێناسەی بکەین و دواتر تایبەتمەندیەکانی ڕوونبکەینەوە.

### بەشی یەکەم

### پێناسەکردنی دەستگیرکردن

---

[3] ينظر: أحمد المهدي و أشرف الشافعي، القبض والتفتيش والتلبس، دار العدالة للنشر والتوزيع، القاهرة، ط1، 2005، ص48.

[4] ينظر: د. فايز الضفيري، المعالم الأساسية للقضية العادلة في مرحلة جمع الإستدلالات وفقاً لمفهوم القانون الكويتي، مجلس النشر العلمي، جامعة الكويت، 2001، ص132.

[5] ينظر: د. خليفة كلندر عبدالله حسين، ضمانات المتهم في مرحلة التحقيق الإبتدائي في قانون الإجراءات الجنائية، دار النهضة العربية-القاهرة، ط1، 2002، ص485.

چەندەها پێناسە خراوەتە ڕوو بۆ ڕوونکرنەوەی مەبەست لە دەستگیرکردن ، کە پێناسە کراوە بەوەی کە (لێسەندنەوەی ئازادی کەسێکە بۆ ماوە یەکی کورت بە دەستبەسەرکردنی لە شوێنێك کە یاسا ئامادەی دەکات بۆ ئەو مەبەستە )[6] وەیەکێکی تر پێناسەی ئەکات بەوەی کە ( بریتیە لە دەستبەسەرکردنی کەسێکە بۆ ماوەیەك بۆ ڕێگرتن لە هەڵهاتنی و بۆ ڕێخۆشکردن بۆ بیستنی ووتەکانی بە ئاگاداری لایەنی تایبەتمەند . )[7]

وە کەسی تر هەیە کە پێناسەی ئەکەن بەوەی بریتیە لە (بێبەشکردنی کەسێکە لە ئازادی گەڕان بۆ ماوەیەکی کەم )[8].

وە پێناسە کراوە بەوەی بریتیە لە (گرتنی ئازادی تۆمەتبارە بە کۆتوبەندکردنی هاتوچۆ کردنی)[9].

وە کەسانێکی تر پێناسەیان کردووە بەوەی بریتیە لە (گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویستە بۆ کۆتوبەندکردنی ئازادی دەستگیرکراوەکە وە دانانی لە ژێر رکێفی لایەنی ڕێپێدراو بە دەستگیرکراوی بۆ ماوەیەکی کاتی کە ئامانج لێ ی ڕێگرتنە لە هەڵهاتنی و ڕێخۆشکردنە بۆ وەگرتنی وتەکانی لە لایەن لایەنە تایبەتمەندەکانەوە)[10].

وە هەروەها پێناسە کراوە بەوەی بریتیە لە (کۆتوبەندکردنی ئازادی تۆمەتبارە لە جولاَن بۆ کاتێکی دیاری کراو لەبەر بوونی بەڵگەی تەواو ( ادلة كافية ) کە تاوانی ئەنجامدابێت بۆ ڕێگرتن لە هەڵهاتنی تا کاتی وەرگرتنی وتەکانی دواتر ڕایی کردنی کاروباری یان بەڕاگرتنی یان ئازادکردنی)[11].

وە دادگای هەڵوەشاندنەوەی میسری لە یەکێك لە حوکمەکانیدا پێناسەی کردووە بەوەی کە بریتی یە لە ( گرتنی دەستکیرکراو لە لایەنی جەستەیەوە و کۆتوبەندکردنی جوڵەی و بێبەش کردنی لە ئازادی گەڕان بەبێ ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە بەسەربردنی کاتێکی دیاریکراو ... )[12].

وە هەروەها پێناسەی کردووە بەوەی بریتیە لە ( کۆتوبەندکردنی ئازادی مرۆڤێکە ئەوەش بە گرتنی و دەستبەسەرکردنی ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت بۆ ڕێخۆشکردن بۆ گرتنەبەری چەند ڕێوشوێنێك لە دژی )[13] ، وە کەسانێکی تر پێناسەیان کردووە کە بریتی یە لە (بێبەشکردنی کەسێکە لە ئازادی گەڕان بۆ ماوەیەك لە کات درێژ

---

6 ينظر: د. محمود نجيب حسني، شرح قانون الإجراءات الجنائية، دار النهضة العربية، القاهرة، ط3، 1995، ص435.

7 ينظر: د. رؤوف عبيد، مبادىء الإجراءات الجنائية في القانون المصري، دار الفكر العربي، القاهرة، 2005، ص329.

8 ينظر: د. أحمد فتحي سرور، الوسيط في قانون الإجراءات الجنائية، مطبعة جامعة القاهرة، 1979، ص630.

9 ينظر: د. مأمون محمد سلامة، شرح قانون الإجراءات الجنائية المصري، دار الفكر العربي، القاهرة، 1988، ص645.

10 ينظر: د. خليفة كلندر عبدالله حسين، مصدر سابق، ص492 و ينظر: د. سامي النصراوي، دراسة في أصول المحاكمات الجزائية، ج1، مطبعة دار السلام، بغداد، 1976، ص334.

11 ينظر: د. عبدالرؤوف مهدي، شرح القواعد العامة للإجراءات الجنائية، مكتبة رجال القضاء، مصر، 2003، ص357.

12 نقض (27/أبريل/1959)، س13، ص207، المشار إليها عند: د. هلالي عبداللاه أحمد، المركز القانوني للمتهم في مرحلة التحقيق الإبتدائي، دار النهضة العربية، القاهرة، بلا سنة طبع، ص361.

13 طعن رقم (2761) لسنة (1956)، أورده سعيد محمود الديب، القبض والتفتيش في قانون الإجراءات الجنائية، دار النهضة العربية، القاهرة، 2006، ص55.

بخايەنێت يان كورت وە زۆرلێكردنى بە مانەوەى لە شوێنێكى دياريكراو، يان چوون بۆ لاى بۆ بيستنى ووتەكانى سەبارەت بە تاوانێك كە خراوەتە پالێ )[14].

وە ياساناسى فەرەنسى پێناسەى كردووە بەوەى بريتيە لە (دەستبەسەركردنى كەسێكە و راپێچكردنيەتى بۆ بەردەم دادوەرى تايبەتمەند بۆ بيستنى ووتەكانى بەبێ دوا كەوتن )[15].

وە كۆنگرەى نێودەولەتى پێنجەم بۆ ڕێگرتن لە تاوان و مامەڵەكردن لەگەڵ تاوانبارانـدا كە لە ساڵى 1975 دا بەسترا پێناسەى كردووە بەوەى بريتيە لە ( ڕێوشوێنێكە لە ڕێوشوێنەكانى داواى تاوانكارى كە بردنى كەسێك بەزۆر لە خۆ دەگرێت لە ژێر چاودێرى پاسەوانى بۆ ماوەيەكى كەم كە پاڵپشتى دەسەلاّتێكى ياسايى هەيە كە ئامانج لێ ى ئامادەكردنى يەتى لە بەردەم دەسەلاّتى تايبەتمەند بۆ ئەوەى فەرمان بدات بە بەردەوامبوون لە دانانى لە ژێر چاودێرى پاسەوانى يان ئازادكردنى )[16].

وە ليژنەى مافى مرۆڤ لە دەستەى نەتەوەيەكگرتوەكان پێناسەى كردووە بەوەى بريتيە لە (ڕاپێچكردنى كەسێكە بۆ بەندينخانە وە دەستبەسەركردنى بەپێ ى ياسا ئەگەر بە زۆرلێكردنيش بێت لەو كەسە ، وە كاتەكەى درێژ ئەبێتەوە لەو ساتەى كە گومانلێگراوەكە ئەخرێتە ناو بەندنيخانە تا ئەو ساتەى ئامادە ئەكرێت لە بەردەم ئەو لايەنەى تايبەتمەندە بە پێ ى ياسا بۆ دەركردنى فەرمان بە بەردەوام بوونى ڕاگرتنى يان ئازاد كردنى )[17].

وە هەندێك لە ياساكان هەستاون بە پێناسەكردنى ئەم ڕێوشوێنە وەك مادەى (47) لە ياساى ڕيوشوێنەكانى دادگايى كردنى سزايى كوێتى پێناسەى كردووە بە ( دەستگيركردن بريتيە لە گرتنى كەسەكە و ئامادەكرنى ئەگەر بەزۆرلێكردنيش بێت لەبەردم دادگا يان لێكۆڵەر بەپێى فەرمانێكى دەرچوو لێيانەوە يان بەبێ فەرمان لەو حاڵەتانەى كە ياسا باسى كردووە).

وە لەژێر ڕۆشنايى ئەو پێناسانەى پێشوو ئەتوانين بڵێن كە دەستگيركردن بريتيە لەگرتنى كەسێكە و بێبەشكردنيەتى لە گەڕان بۆ ماوەيەكى كاتى بە پاڵپشى دەسەلاّتێكى تايبەتمەند تا كاتى وەرگرتنى وەلاّمەكانى وە بڕياردەركردن يان بە ئازادكردنى يان ڕاگرتنى.

وە بەم شێوەيە ئەتوانرێت بووترێت كە كرۆكى دەستگيركردن كارێكى ماديە خۆى ئەبينێتەوە لە كۆتوبەندكردنى ئازادى كەسێك بە بێبەشكردنى لێى لەڕێى هێزەوە بەگرتنى لەڕێى جەستەييەوە و كۆتوبەندكردنى ئازادى كەسەكە لەجێگۆڕكێ و گەڕان بە شێوەيەك كە پێچەوانەى ويستى كەسەكە و ئازادييەكەى بێت، كەواتە بريتيى لە ڕووبەڕووبونوەيەكى مادى بۆ ئازاديەكەى و، دەستدريژيكردنە بۆ سەر ئازداى ئەو كەسە بەشێوەيەكى ڕێگەپێدارو، واتە بە پشتبەستن بە دەقى ياسايى.

## بەشى دووەم

[14] ينظر: د. محمد عودة الجبور، الإختصاص القضائي لمأمور الضبط، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ط1، 1986، ص97؛ و ينظر كذلك: د. صلاح الدين جمال الدين، بطلان إجراءات القبض، دار الفكر الجامعي الأسكندرية، 2005، ص11؛ و د. أحمد أبو الروس، المتهم، المكتب الجامعي الحديث، الأسكندرية، 2003، ص23.

[15] Eassin Raymond: Rèpertoire de droit criminal et procedure pènale, dulloz, Paris, 1967, p.1

[16] أورده: د. محمد عودة الجبور، مصدر سابق، ص299.

[17] نقلاً عن: د. خليفة كلندر عبدالله حسين، مصدر سابق، ص493.

## تایبەتمەندیەکانی دەستگیرکردن:

دەستگیرکردن بەچەندەها تایبەتمەندی جیادەکردێتەوە :-

1- دەستگیرکردن ڕێوشوێنێکی کۆتوبەنەکردنی ئازادی یە :

دەستگیرکردن ئازادی کەسە دەستگیرکراوەکە کۆتوبەند ئەکات لە هاتن و ڕۆیشتن کە کار لەئازادی کەسێتیەکەی دەکات کە نابێت دەستی بۆ ببرێت بەبێ بەهانەیەك کە لە یاسادا دەقی لەسەر هاتووە[18] .

دەستگیرکردنی هەر کەسێك بەبێ پاڵپشتێکی یاسایی دائەنرێت بەدەستدرێژی کردنە سەر ئازادی کەسەکە لەبەرئەوە ئەبینین کە یاساکان جەختیان لەسەر کردووەتەوە کە پێویستە دەستگیرکردنی کەسەکان بەپێی فەرمانێك بێت کە لایەن دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانەوە دەرچووبێت و لەو حاڵەتانەی کە بە یاسا دیاریکراوە، وەك چۆن لەدەقی ماددەی (92) لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنە سزاییەکانی عیراقیدا هاتووە کە (نابێت کەسێك دەستگیربکرێت یان ڕاگیربکرێت تەنها بەپێی فەرمانێك نەبێت دەرچووبێت لە لایەن دادوەرەوە یان دادگایەکەوە یان ئەو حاڵەتانەی کە یاسا ڕێی پێ ئەدات) وە لەسەر هەمان شێوە لەدەقی ماددەی(40) لە یاسای ڕێوشوێنە تاوانکاری یەکانی میسردا هاتووە کە ئەڵێت (نابێت کەسێك دەستگیربکرێت یان بەندبکرێت تەنها بە فەرمانێك نەبێت لە دەسەڵاتی ڕێپێدراو بەو کارە بەپێی یاسا ...)

وە لەسەر هەمان مانا لە دەقی ماددەی (29) لە یاسای ڕێوشۆێنە سزاییەکانی فەلەستینی ساڵی 2001 دا هاتووە کە ( لەبەرئەوەی کە دەستگیرکردن کارێکی کۆتوبەندکردنی ئازادییە لەبەرئەوە ئەم کارە ئەگیرێتە بەر بەبێ گوێدانە ویستی کەسی دەستگیرکراو کە بەزۆر ڕاپێچ ئەکرێت بۆ لای ئەو کەسەی فەرمانی دەستگیرکردنەکەی دەرکردووە ) [19] .

وە ئەمە ئەوە ئەگەیێنێت کە ئەگەر ئەو کەسەی فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە هەوڵ ڕاکردن یان بەرەنگاربوونەوەی دا ، ئەو کەسەی کەفەرمانی دەستگیرکردنەکە جێبەجێ ئەکات بۆی هەیە کە هێزی پێویست بەکاربهێنێت بۆ جێبەجیکردنی فەرمانەکە .[20]

2- دەستگیرکردن ڕێوشوێنێکی کاتییە :

دەستگیرکردن ڕێوشوێنێکە کە پاساو ئەکرێت بە زاڵکردنی بەرژەوەندی کۆمەڵ کە زیانی لێکەووتوە لە تاوانەکە بەسەر بەرژەوەندی تۆمەتبار هەرچەندە کە لە بنچینەدا تۆمەتبارەکە بێتاوانە و تا ئەو کاتەی بەتاوانکار لەقەڵەم ئەدرێت، بە حوکمێکی دادوەریی بوونیادنراوە لەسەر چەند هۆیەکی گونجاو[21].

لەبەر ئەوە دەستەبەرکردنی سەلامەتی لێکۆڵینەوە و دڵنیابوون لە مانەوەی تۆمەتبار لەژێر ڕکێفی دادگادا ، یان ترسان لەوەی تۆمەتبار بەڵگەکانی تاوانەکە بشێوێنێت یان پاراستی تۆمەتبارەکە لە هەر دەستدرێژیکردنەسەرێك کە لەوانەیە

---

[18] ينظر: د. حسن صادق المرصفاوي، المرصفاوي في قانون الإجراءات الجنائية، منشأة المعارف-الأسكندرية، 1996، ص233 و ينظر: د. محمود نجيب حسني، مصدر سابق، نفس الصفحة.

[19] ينظر: أحمد المهدي و أشرف الشافعي، مصدر سابق، ص53، و ينظر: موريس كارسون، حماية حرية المتهم خلال فترة التحقيق معه، ترجمة: د. صالح محسوب، مجلة القضاء، ع3، س13، 1955، ص34.

[20] ينظر: المادة (108) من قانون أصول المحاكمات الجزائية العراقي والمادة (113) من قانون أصول المحاكمات الجزائية السوري والمادة (49) من قانون الإجراءات والمحاكمات الجزائية الكويتي والمادة (36) من قانون الإجراءات الجزائية الفلسطيني.

[21] ينظر: د. رمزي رياض عوض، الحقوق الدستورية في قانون الإجراءات الجنائية، دار النهضة العربية-مصر، 2003، ص103.

لەلایەن تاوانلێکراوەوە یان کەس و کاری بەرەورووی ببێتەوە ئەو بەرچاوگرتنانەیە کەبەهانە بۆ دەستگیرکردنی ئەهێنێتەوە بۆ ماوەیەك لەکات.
وە ئەبێت ئەم ماوەیە درێژخایەن نەبێت، لەبەرئەوە پێویستە کە کەسە دەستگیرکراوەکە ئامادەبکرێت لەبەردەم دادوەری تایبەتمەند کە لەسەری پێویستە دوای وەرگرتنی وەلامەکانی تۆمەتبارەکە ئازاد بکات یان بڕیاربدات بەڕاگرتنی.
وە تا چەند ئەم ماوەیە کەم بێت بەلگە ئەبێت لەسەر ڕێزگرتنی ماف و ئازادیە گشتییەکانی تاکەکان وە بەپێی یاسای عێراقی نابێت ماوەی دەستگیرکردن لەبیست و چوار کاتژمێر زیاتر بێت کە پێویستە وەلامەکانی وەربگیرێت لەو ماوەیەدا لەلایەن دادوەری تایبەتمەند یان لێکۆلەرەوەی دادی[22].
لەکاتێکدا چەند یاسایەك هەیە ڕێیان داوە کە دەستگیراوەکە زیاتر لەو ماوەیە بهێلرێتەوە، لەوانە یاسای ئەردەنی لەمادەی (100) دا، یاسای بەحرەینی لەمادەی (25) دا، ڕێیان داوە کە دەستگیرکراوەکە بۆ ماوەی چل و هەشت کاتژمێر بهێلرێتەوە.
وە لە کوەیت یاسای ڕێوشوێنەکانی دادگاییکردنە سزاییەکانی کوەیتی لەماددەی (60)دا ڕێی داوە کە کۆی ماوەی دەستگیرکردن بگاتە چوار ڕۆژ.

## لایەنی دووەم
## دلنیاییەکانی تۆمەتبار لە کاتی دەستگیرکردنیدا

بەس نییە بۆ هاتنەدی شەرعیەتی دەستگیرکردن تەنها لە یاسادا بنەماکانی فەرمانی دەستگیرکردن بەدەق هاتبێت هەرچەندە ئەوە دائەنرێت بە پێویستیەکانی بەلگەی بێتاوانی کە تۆمەتبار بە درێژایی ماوەی لێکۆلینەوە لەداوا سزاییەکەدا هەیەتی ، بەلکو سەرەڕای ئەوە پێویستە یاسا سوور بێت لەسەر مافەکانی تۆمەتبار لەکاتی دەستگیرکردن لەوانە هۆ بۆ هێناوەی فەرمانی دەستگیرکردن و پێڕاگەیاندنی تۆمەتبار بە هۆیەکانی دەستگیرکردنی و دەستبەجێ بیستنی ووتەکانی کە هەریەك لەم دلنیایی یانە بەجیا لەبەشێکی سەربەخۆدا باسی لێوەدەکەین و لێی ئەکۆلینەوە.

## بەشی یەکەم
## هۆهێنانەوەی فەرمانی دەستگیرکردن

هۆهێنانەوە بریتییە لەخستنەڕووی هۆکارە واقعی و یاساییەکان کەوا لە دادوەر دەکات ئەو فەرمانە دەربکات[23].
وە هۆکارە واقعییەکان بریتییە لەجەختکردنەوەکان و سەلماندنەکانی کە پەیوەندیان بەواقیعەوە هەیە لەڕووی ماددییەوە و ئەوەی پەیوەندی هەیە بە هەبوونی ڕووداوەکەوە یان نەبونی و گێرانەوەی بۆ یاسا.
بەلام هۆکارە یاساییەکان بریتییە لە ملکەچبوونی ڕووداوەکە بۆ یاسا دوای گونجاندنی بە گونجاندنێکی یاسایی کە بەسەریدا بچەسپێت[24].

---

[22] ینظر: المادة (123) من قانون أصول المحاكمات الجزائية العراقي.

[23] ینظر: د. علي محمود علي حمودة، النظرية العامة في تسبيب الحكم الجنائي، دار الهاني للطباعة-مصر، 2003، ص26.

هۆهێنانـەوە دائـەنرێت بـە یـەکێك لـە دڵنیاییـەکانی ڕاسـتی و دروسـتی ڕێوشـوێنەکان ، سـەرەڕای ئـەوە هۆهێنانـەوە دادپەروەری دادوەر هەروەها ئاستی خۆبەدوورگرتنی لەو بڕیارەی کەدەریکردوە دەرئـەخات، لـە بـەکارهێنانی بۆچـونی خۆی و گومانی ستەمکردن ، وە هۆهێنانـەوە ئـەوە دەرئـەخات کـە ئایـا دادوەرەکان هەسـتاون بـە ئەنجامگەیانـدنی ئـەو ئەرکەی کە پێویست کراوە لەسەریان لەووردبوونەوە و گـەڕان و قوڵبونـەوە لـەبینینی کەیسـەکە ، یـان هەڵنەسـاون بـەو ئەرکە[25].

لەبەرئــەوە هۆهێنــاوەی فــەرمانی دەســتگیرکردنی تۆمــەتبار زۆر پێویســتە وەك مــەرجێك لەســەر ئەولایەنــەی کەفەرمانەکەی دەرکردووە ، وە دائەنرێت بەدڵنیایی یەك بۆ دەستنەبردن بۆ ئازادی تۆمــەتبار تەنها لە کاتێکدا نـەبێت کـە هۆی جـددی هەبێت کە گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنــە پاسـاو بکات[26].

وە مەبەسـت لـە هۆهێنـاوەی فـەرمانی دەسـتگیرکردن خسـتنەڕووی بەڵگـە و ڕووداوەکانـە کـە بەڵگـەن لەسـەر ڕوودانـی تاوانێك و بخرێتە پاڵ تۆمەتبارەکە بـەبێ ئـەوەی پێویست بکات کـە هۆیـەکان بـە شـێوەیەکی دوورودرێـژ بـاس بکرێت کەتیایدا گفتوگۆی بەڵگەکەکانی تیابکرێت کە ئەوە لە تایبەتمەندی دادگای بابەتیەکەیە (دادگای تایبەتمەنـد بـەدادگایی کردن)[27].

وە دەربارەی هۆهێناوەی فەرمانی دەستگیرکردن دەقێك نـەهاتووە لەیاسای بنـەماکانی دادگایی کردنـی سـزایی عێراقـی کـەهۆهێناوە پێوسـت بکـات وە وا ئـەبینین کـە دەسـتگیرکردن زۆر زیـاتر دەسـتدێژیکەرە لەسـەر ئـازادی تۆمـەتبار لـە پشکنین، لەبەر ئەوە پێوست بوو لەسەر یاسادانەر کە بەڕاشکاوی دەقی بهێنایـە لەسـەر پێوسـتی هۆهینـاوەی فـەرمانی دەستگیرکردن .

وە سەرەڕای نەبوونی دەقێك لەسەر هۆهێناوەی فەرمانی دەستگیرکردن وا ئـەبینین کـە پابەنـد بـوون بـە هۆهێنانـەوە پێوستە لەبەرئەوەی کە یاسادانەر بـە ڕاشکاوی باسـی هـەموو مافـەکان ناکـات و بـۆ هەریەکـەیان پاراسـتنی تایبـەتی بـۆ دانانێ ، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت هەرشتێك کە دەقی لەسەر نەهاتبوو بە نەبوو دابنرێت .

وە هەرچەندە ئەگەر هۆهێناوە دەقی لەسەر نەهاتبێت بەڕاشکاوی بەلاَم ئەتوانرێت کەتێبینی بکرێت لەڕێ ی دەقەکانی ماددەکانی(99،97) ی بنەما سزایی یەکان ، کە تێئەگـەین لـە مانـای مـاددەی (97) کـە دادوەر فـەرمانی دەسـتگیرکردن دەرئـەکات لـەو تاوانانـەی کـە ئەبوایـە پسولەی داواکردنـی ئامـادەبوونی بـۆ دەربکرێت لەبـەر ئـەوەیـە کـە یـان شـوێنی نیشتەجێبونی نادیارە یان ترسی هەڵهاتنی هەیە یان کاربکاتە سەر ڕێڕەوی لێکۆڵینەوە.

وە لە دەقی مـاددەی(99) تێدەگـەین کـە مەترسـی تاوانکار و گـەورەیی تاوانـە ئەنجامدراوەکـە لەلایەنیـەوە هۆیەکـە بـۆ دەرکردنـی فـەرمانی دەسـتگیرکردنی کەتیایـدا هـاتووە کـە (نابێـت پسولەی داواکردنـی ئامـادەبوون دەربکرێـت ئەگـەر تاوانەکە سزاکەی سێدارەدان یـان بەنـدکردنی هەتاهـەتایی بـوو)[28] ، وە لـە یاسـای ڕێوشـوێنە تاوانکاریـەکانی میسـری دا دەقێکی ئاشکرا نەهاتووە لەسەر هۆهێنانەوەی فەرمانی دەستگیرکردن وە بەهەمان شێوە لەیاسای سوری و ئەردەنی .

---

[24] ينظر: د. محمود نجيب حسني، مصدر سابق، ص924.

[25] ينظر: د. علي محمود علي حمودة، مصدر سابق، ص85.

[26] ينظر: د. عبدالرحمن حسين علام، ضمانات الحرية الفرديةضد القبض و الحجزالتحكمي ، دار نهضة شرق – القاهرة 1988 ص 84.

[27] ينظر: سعيد محمود ديب، مصدر سابق، ص87.

[28] ينظر: المادة (130) من القانون المصري والمادة (2/100) من القانون السوري.

## بەشی دووەم

## تێگەیاندنی تۆمەتبار بەو فەرمانەی لەدژی دەرچووە

بە مەبەستی پاراستی مافی بەرگریکردنی تۆمەتبار پێویستە ئەو فەرمانەی لەدژی دەرچووە و هۆیەکانی دەرکردنی لە تۆمەتبارەکە تێبگەیەنرێت وپێ ی ڕابگەیەنرێت . وە ئەوە بە مافێکی کەسی دەستگیرکراو دائەنرێت کە لە جاڕنامەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان و یاسا ناوخۆیی یەکانی دەوڵەتان دەقیان لەسەر هاتووە ، لەبەرئەوە لەدەقی مادەی (2/9) لەجاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ داهاتووە کە (مافی هەموو کەسێکە کە هۆیەکانی دەسگیرکردنی بزانێت لەکاتی ئەنجامدانی دەسگیرکردنی )

وە لەدەقی مادەی (2/5) ی ڕێکەوتنامەی ئەوروپی بۆمافەکانی مروڤ و ئازادی یە بنچینەیی یەکانیدا هاتووە کە پێوستە کە تۆمەتباری دەسگیرکراو ئاگاداربکرێت بەو تۆمەتەی ئاراستەی کراوە بە زمانێك کەتێیبگات .

وە هەروەها پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و ڕامیارییەکان لە دەقی مادەی (3/14) دا هاتووە کە ئەڵێت (هەموو کەسێکی تۆمەتبارکراو بە سەرپێچی سزایی مافی هەیە ....کە لەکەمترین ماوەدا و بەزمانێك لێی تێبگات وە بەشێوەکی ڕوونکراوە بەسروشت و هۆیەکانی تۆمەتی ئاراستەکراوی رابگەیەنرێت)

وە مەبەست لە پێڕاگەیاندنی تۆمەتبار بەو فەرمانەی لەدژی دەرچووە ئەوەیە فەرمانەکەی بخرێتەڕوو وە جۆری تاوانەکە و مادده یاساییەکەی تێبگەیەنرێت.

وە لەسەر پێویستی پێڕاگەیاندنی کەسی فەرمان لەدژ دەرچوو بەدەق هاتووە لە ماددەی (94/ب) لەیاسای دادگاییکردنی سزایی عیراقیدا کە ئەڵێت ( پێویستە کەسی داواکراو فەرمانی دەستگیرکردنەکەی بخرێتەڕوو وە دواتر دوای جێبەجێکردنی بهێنرێت بۆ لای ئەو کەسەی فەرمانەکەی دەرکردووە )، وە ماددەی (93) ئەو زانیاریانەی ڕوونکردوەتەوە کە پێویستە فەرمانی دەستگیرکردنە بیگرێتەخۆ ، لەو زانیاریایە جۆری تاوانەکە و ئەو مادە یاساییەی کە بەسەریدا ئەچەسپێ و جۆری یاساکە.

وە لەدەقی ماددەی (139) ی یاسای ڕێوشوێنە تاوانییەکانی مسیریدا هاتووە کە (ئەو کەسەی کە دەستگیر ئەکرێت یان ڕاگیر ئەکرێت دەستبەجێ ئەبێت هۆیەکانی دەستگیرکردنی یان ڕاگرتنی پێڕابگەیەنرێت و مافی پەیوەندی کردنی هەیە بەو کەسەی ئەیەوێت پێی رابگەیەنێت کە چی ڕویداوە و داوای یارمەتی بکات لە پارێزەرێك وە پێوستە بەخێرایی ئەوتۆمەتەی ئاراستەی کراوە پێی بوترێت)

هەروەها هەمان بابەت لەدەقی ماددەکانی (116و117) ی یاسای ئەردنی و ماددەی (108) لە یاسای سوری و ماددەی (113) لە یاسای لیبیی و ماددەی (2/109) لە یاسای جەزائیری و ماددەی (35) لە سیستەمی ڕێوشوێنەکانی سزایی سعودی دا هاتووە وە یاسای ئەڵمانی لە ماددەی (114/ا) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەبێت تۆمەتبار ناوەرۆکی نوسراوی دەستگیرکردنەکە و هۆیەکانی تێبگەیەنرێت بەبێ دواکەوتن وە لە دەقی بڕگەی (ب) ی هەمان ماددەدا هاتووە کە (ئەبێت هۆیەکانی دەستگیرکردنەکە بە کەسوکاری دەستگیرکراوەکە رابگەیەنرێت وە ئەبێت دەستگیرکراوەکە هەلی ئاگادارکردنی کەسوکاری بدرێتی ) .

وە یاسادانەری فەرەنسی ئەمەی بەدەقهێناوە لەماددەی(1/63) لە یاسای ریوشۆێنەکانی تاوانی فەرنسیدا کە پێوستی کردووە کە کەسەکە بەسروشتی ئەو تاوانەی گومانی لەسەرە ئەنجامیدابێت و هۆیەکانی دەستگیرکردنی تێبگەبەنرێت.

وە بڕگەی دووەم لە هەمان مادده ئاماژەی کردووە بۆ مافی کەسی دەستگیرکراو کە بەتەلەفون ئاگاداری ئەو کەسە بکات کە بەشێوەیەکی ئاسایی لەگەڵیدا ئەژی یان یەکێك لەخزمانی ڕاستەوخۆی یان یەکێك لەبراکانی یان خوشکەکانی یان خاوەنکاری لە دەستبەسەرکردنەکەی .

وە لەدەقی ماددەی (387)ی یاسای ڕێوشوێنە سزاییەکانی ئیتالیدا هاتووە کە (لەسەر پۆلیسی دادوەری پێویستە بە ڕەزامەنەی دەستگیرکراوەکە یان ئەو کەسەی ڕاگیرکراوە ، کەسوکارەکەی لە دەستگیرکردنەکەی یان ڕاگرتنەکەی ئاگاداربگەنەوە) .

وە سەرەڕای مافی دەستگیرکراو لە ئاگادارکردنی کەسوکاری بە هۆیەکانی دەستگیرکردنی ، دەستگیرکراو مافی پەیوەندی کردنی هەیە بە پارێزەرەکەی لەبەرئەوەی ئەوە دائەنرێت بە بابەتە بنچینەییەکان کە دەستەبەری مافەکەی ئەکات لە سەلماندنی بێتاوانی یەکەی و نەوکەتنە ژێر کاریگەری هەرهۆکارێك کەببێە هۆی کارکردنە سەر ویستی جا لە ژێر دەسەلأتی ئەندامی گرتنی دادوەری دابێت یان لە ژێر دەسەلأتی لێکۆڵینەوەدا بێت وە تۆمەتبار لەیەکەم ساتەوە پێوستیەکی زۆری هەیە بە پەیوەندیکردن بە پارێزەرێکەوە کە یارمەتی بدات کە مافەکانی تێبگەیەنێت کە لە یاسادا هاتووە [29] .

سەبارەت بەهۆکاری پەیوەندیکردن لەوانەیە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ بێت وە پەیوەندی کردنی ڕاستەوخۆ لە ڕێی چاوپێکەوتنی کەسەکەوە ئەبێت بەلأم پەیوەندی کردنی ناراستەخۆ لەوانەیە لەڕێی گفتوگۆی تەلەفونی یەوە بێت یان لەڕێێ نامە و فاکس و بەریدی ئەلیکترونی یەوە بێت وە نابێت سیخوری بکرێت لەسەرئەو ووتوویژانەی کە ئەکرێت لە نێوان تۆمەتبار و پارێزەرەکەی بۆ ئەوەی بزانرێت چی لەنێوانیاندا ڕووئەدات لەبەر ئەوەی ئەوە دائەنرێت بەدەستدرێژی کردنە سەرنهێنی بەرگریکردن کە پێوستە دەستەبەر و زامن بکرێت تا پارێزەرەکەی لەبری تۆمەتبارەکە هەستێت بە بەرگریکردن [30] .

## بەشی سێ یەم

## بیستی ووتەکانی کەسی دەستگیرکراو

پێویستە دوای ئەوەی کە تۆمەتبار ئاگادارئەکرێتە وە لە هۆیەکانی دەستگیرکردنی، ووتەکانی دەربارەی ئەو ڕووداوە ببیسترێت کە بەو ڕاددەیە بۆتە هۆی دەست ببرێت بۆ ئازادی یە کەسی یەکەی ،واتە دەستبەجێ ووتەکانی ببیسترێت هەرکە دەستگیرکرا .

وە ئەم بیستنی ووتەیە لەڕێی ئەندامانی گرتنی دادوەری یەوە ئەبێت ، وە ئەمە دانانرێت بە وتەوەگرتن لەبەرئەوەی ئەمەی دواتر- وتەوەرگرتن - بریتی یە لەڕێوشوێنێکی لێکۆڵینەوەی پوخت کەئامجی گفتوگۆکردنە لەگەڵ تۆمەتبار بە وردەکاریی لەو تۆمەتەی کە ئارستەی کراوە بە ئەنجامدانی تاوانێك و بانگهێشت بکرێت بۆ وەلأمەانەوەی ئەو بەڵگانەی هەیە لەدژی یان بە پوچەڵکردنەوەیان یان بەملکەچبوون بۆیان[31].

---

[29] ینظر: إبراهيم محمد إبراهيم، مصدر سابق، ص.129

[28] ینظر: د. خليفة كلندر عبدالله حسين، مصدر سابق، ص531.

[31] ینظر: د. سعد حماد صالح، ضمانات حق المتهم في الدفاع أمام القضاء الجنائي، دراسة مقارنة، أطروحة دكتوراه، كلية الحقوق، جامعة عين شمس، 1998، ص(426، 427).

بەلاْم پرسارکردن لە تۆمەتبار کورتئەهێنی لەئاگادارکردنی بەو ڕوداوەی کە خراوەتە پالێ وسەرجەم ئەو بەلگانەی لەدژی هەیە و بیستنی ووتەی دەربارەیان بەشێوەیەکی گشتی بەبێ چوونە ناو وتووێژی ووردەکاری دەربارەی ڕووداوەکە و بەلگەکانی[32].

وە پشتبەست بەوە ئەندامی گرتنی دادوەری لە کاتی پرسیارکردن نابێت وتووێژ لەگەلێ تۆمەتبارەکە بکات بەشێوەکی دورودرێژ. بەلکو ئەوە لەدەسەلاتی دادوەری لێکۆلینەوەیە لەکاتی ووتەوەرگرتنی تۆمەتبار. وە بەم شیۆەیە دادگای هەلوەشانەوەی میسری بڕیاری دەرکردووە کە ( ووتەوەرگرتن کە یاسا قەدەغەی کردووە جگە لەسەر دەسەلاتی لێکۆلینەوە ، بریتیە لە ڕووبەرووکردنەوەی تۆمەتبار بەو بەلگە جیاوازانەی لەدژیەتی و و ووتو وێژکردن لەگەلیدا ووتووێژێکی ووردەکاریانە بۆ ئەوەی پوچەلیان بکاتەوە ئەگەر نکولی کرد یان دانی پیادابێت ئەگەر ویستی دانیپیابنێت)[33].

هەروەها لە حوکمێکی تریدا بڕیاریداوە بە (بۆ ئەندامی گرتنی دادوەری هەیە کە پرسیار بکات لە تۆمەتبار لەو تۆمەتەی خراوەتە پالێ بەبێ ئەوەی کە وەلاْمی لێوەربگرێت بە ووردەکاری وە لەکۆنوسەکەیدا وەلاْمەکەی تیا جێگیربکات لەوانە دانپیانانی تۆمەتەکە وە ئەو کۆنوسە یەکێك ئەبێت لە پێکهاتەکانی داواکە وە داواکاری گشتی لێکۆلینەوە ئەکات لەوەی ئەیبینێ کە پێویست بێت لێکۆلینەوەی لەبارەوە ئەنجام بدات )[34].

ماددەی (43) لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی عێراقی بەدەقهێناویتی کە ووتەکانی تۆمەتبار ببیسترێت ، کە ئاماژەی کردووە کە یەکێك لە ئەرکەکانی ئەندامی گرتنی دادوەری بریتی یە لە پرسیار لێکردنی تومەتبار بە زارەکی لەو تۆمەتەی خراوەتە پالێ وە بەهەمان شیۆە یاسای میسری هەمان بنەمای هێناوە لەماددەی (36) وەك ئەلێت (پێویستە لەسەر ئەندامی گرتنی دادوەری دەستبەجێ ووتەی تومەتباری گیراو ببیستێت)[35]

لەبەر ئەوە ئەتوانرێت بوترێت کە بیستنی ووتەکانی تۆمەتبار دوای دەستگیرکردنی لە کارەکانی بەلگەوەرگرتن دائەنرێت کە ئەندامی گرتنی دادوەری پێ ی هەلئەسێت و بریتیە لە پرسیارکردنی لەتۆمەتبار کە ئایا ئەو ڕووداوەی خراوەتە پالی ئەنجامی داوە بە بێ ئەوەی گفتوکۆی لەگەلدا بکرێت گفتوگۆیەکی ووردەکاریانە لەو بەلگانەی هەیە ئەگەر پەڕاوەکەی بەلگەی تیابێت ، لەبەئەوەی ئەمە ئەچێتە چوارچێوەی ووتەوەرگرتن کە ئەوە رێپێنەدراوە بۆ ئەندامی گرتنی دادوەری و ئەگەر تۆمەتبار دانینا بەتاوانەکەدا دانپیانانەکەی لەکۆنوسەکە دا جێگیرئەکرێت.

## دەروازەی دووەم

## ووتەوەرگرتنی تۆمەتبار (استجواب المتهم)

ووتەوەرگرتنی تۆمەتبار بەگرنگترین ڕێوشۆێنەکانی لێکۆلینەی سەرەتایی دائەنرێت کە تیایدا دەسەلاتی لێکۆلینەوە مافی ووتوێژکردنی هەیە لەگەلێ تۆمەتبار بە ووتوێژێکی ووردەکاریانە لەو تۆمەتەی ئاراستەی کراوە و

---

[32] ينظر: د. سعد حماد صالح، نفس مصدر سابق، نفس الصفحة.

[33] نقض (1972/12/11)، س23، ص1367، المشار إليها عند إيهاب عبدالمطلب، مصدر سابق، ص396.

[34] قرار رقم (4385) في (1995/4/2)، المشار إليها عند سعيد محمود الديب، مصدر سابق، ص115.

[35] و على هذا نصت المادة (1/100 /ب) من القانون الأردني والمادة (34) من نظام الإجراءات الجزائية السعودي

ڕووبەڕووکردنەوەی بە بەڵگە جیاوازەکان کە هەیە لەدژی و گوێگرتن بۆ چۆنیەتی بەرگری کردنی لە تۆمەتەکە کە ئەیخاتە ڕوو وە سەلماندنی بێتاوانی یەکەی یان دانپیانانی بە تۆمەتەکە [36].

کەواتە ووتەوەرگرتن بریتیە لە ووتوێژکردن لەگەڵ تۆمەتبار لە بەڵگەکانی تاوانە ئەنجامدراوەکە و ڕووبەڕووکردنەوەی بەو بەڵگەکانی کە لەدژی وەستاون و گوێگرتن لە بەرگری یەکەی سەبارەت بەو بەڵگە و سەلماندنانەی ئەخرێتە بەردەمی وە ئامانج لە وتوێژکردن بە دوردەکاری لەگەڵ تۆمەتبار لەو تۆمەتەی خراوەتە پاڵی بریتی یە لە سەلماندنی کە ئەو ئەو کەسەیە کە تاوانەکەی ئەنجامداوە ، یان بە پێچێەوانەوە هەرەسهێنانی ئەو بەڵگانە و دواتر سەلماندنی بێتاوانی یەکەیی و نەگرتنەبەری هیچ ڕێوشوێنێك لەدژی [37].

وە بەم شێوەیە ووتەوەرگرتن ڕێوشوێنێکی خاوەن سروشتێکی دوولایەنەیە. لەلایەك ڕێوشوێنێکە لە ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوە کە دەسەلاتی لێکۆڵینەوە لەو رێیەوە ئامانجی کۆکردنەوەی بەڵگەکەکانی سەلماندنە لەدژی تومەتبار وە ئەوەش یان لەڕێی دانپیانانی تۆمەتبار یان دەستکەوتنی زانیاری لێوەی کە سودی هەیە بۆ خستنەڕووی راستیەکان ، وە لەلایەکی ترەوە دائەنرێت بەهۆکارێکی بەرگریکردنی تۆمەتبارەکە لەبەرئەوەی لەکاتی ووتەوەرگرتندا بوار بۆ تۆمەتبار ئەرەخسێ بۆ وەلأمدانەوەی ئەو بەڵگانەی کە هەیە لەدژی بۆ ئەوەی دوریان بخاتەوە لەخۆی و یان دانپیانان بەنجامدانی تاوانەکە و دواتر یارمەتیدانی دادپەروەری بۆ گەیشتن بەراستیەکان [38].

وە بۆئەوەی ووتە وەرگرتن نەکرێتە هۆکارێك بۆ فشارخستنە سەر تۆمەتبار بۆدەستخستنی دانپیانانی و بۆ ئەوەی تۆمەتبار بتوانێت مافی خۆی بەکاربهێنێت لەبەرگریکردن لە کاتی ووتەوەرگرتن ، یاسادانەر ووتەوەرگرتنی چواردەورەداوە بەچەندەها دلنیایی لەوانە ئەوەی پەیوەندی هەیە بەو لایەنەی کە هەڵئەسێت بە ووتەوەرگرتن و لەوانە ئەوەی پەیوەندی هەیە بە دەستەبەکردنی ئازادی تۆمەتبار لەکاتی ووتەوەگرتندا وە چەند دلنیانی یەك هەیە پەیوەندی هەیە بە پیادەکردنی مافی لە بەرگریکردن لە کاتی ووتە وەرگرتنیدا .

وە سەرپێچی کردنی یان بەفیرۆدانی ئەم دلنیایی یانە ئەبێتە هۆی پوچەڵبونەوەی ووتەوەرگرتن و لەمەشەوە پوچەڵبونەوەی ڕێوشوێنەکان و ئەو دەرئەنجامانەی لێی ئەکەوێتەوە.

## یەکەم
## پێناسەی ووتە وەگرتن

چەندەها پێناسە هاتووە بۆ ووتەوەرگرتنی تۆمەتبار بەوەی دائەنرێت بە ڕێوشوێنێکی لێکۆڵینەوە :

وە پێناسەکراوە بەوەی بریتیە لە (بیستنی ووتەی تۆمەتبارەکە و ووتووێژکردنی تیایدا ووتووێژێکی ووردەکاریانە و پرسیار ئاراستەکردنی بۆ دەخستنی راستی لەناو ووتەکانیدا)[39] .

---

[36]. ینظر: أحمد المهدي و أشرف الشافعي، الحبس الإحتياطي والإجراءات المترتبة عليه، دار العدالة-القاهرة، 2006، ص23.

[37] ينظر: د. أسامة عبدالله قايد، شرح قانون الاجراءات الجنائية ، دار النهضة العربية – القاهرة، 2003 ، ص425.

[38] ينظر: د. سعد حماد صالح القبائلي، مصدر سابق، ص250.

[39] ينظر: غانم محمد الحجي المطيري، شرح إجراءات التحقيق الإبتدائي، ط1، 1997، الكويت، ص64؛ و ينظر: حسين المؤمن، إستجواب المتهم، مجلة القضاء، ع(1، 2)، س34، 1979، ص73.

وە پێناسەکراوە بەوەی بریتیە لە (بیستنی ووتەی تۆمەتبار و ووتوویژکردنی لەو ڕوداوانەی خراوەتە پالێ و وە ئەوەی ئەیخاتەڕوو لەڕووەکانی بەرگری تۆمەتەکە و یان دانپیادانانی وە تویژینەوەی ئەوەی دانیپیائەنێت و بەراووردکردنی بەوەی لێکۆڵینەوە پیێ گەیشتوە وە ئەوەش بۆگەیشتن بەراستی ڕووداوەکە و پلەی بەرپرسیاریەتی یەکە تیایدا یان بێتاوانی یەکەی لێی)[40] .

لە پێناسە یەکی تردا بریتیە لە (ئاراستە کردنی ئەو تۆمەتەی خراوەتە پاڵ تۆمەتبار و ڕووبەڕووکردنەوەی بە بەڵگە جیاوازەکان لەدژی و گفتوگۆکردنی بە ووردەکاریانە بۆئەوەی وەڵامان بداتەوە و بێتاوانیەکەی بسەلمێنێت یان دانی پیابنێت ئەگەر ئەوەی ویست )[41] .

هەروەها پێناسە کراوە کە بریتیە لە (گفتوگۆکردنی تۆمەتبارەکە لە بەڵگەکانی کە هەیە لە داواکەدا گفتوگۆکردنێکی ووردەکاریانە کە لەوانەیە ببێتە هۆی ووتنی ئەوەی لەبەرژەوەندی ئەو نی یە)[42]

وە پێناسە کراوە بەوەی بریتیە لە (ڕووبەڕووکردنەوەی تۆمەتبارەکە بەو تۆمەتەی کە خراوەتە پالێ و داوای لێبکرێت ڕای خۆی تیایاندا بخاتەڕوو دواتر گفتوگۆکرنی ووردەکاریانەی بەڵگەکانی داواکە وەك هەوڵدانێك بۆ دەرخستنی ڕاستی یەکە )[43].

وە هەروەها پێناسەکراوە بەوەی بریتیە لە (ووتوویژکردن لەگەڵ تۆمەتبار بە ووردەکاریانە لە بەڵگەو گومانانەی هەیە لەدژی ، داوالێکردنی بە وەڵامدانەوەیان ، یان بە نکولیکردن لێیان و سەلماندنی نادروستیان ، وە یان ملکەچ بوون بۆیان و وەئەوەی بەدوایاندا دێت لە دانپیانان )[44].

هەروەها پێناسەکراوە بەوەی بریتیە لە (گفتوگۆکردنی ووردەکاریانەی تۆمەتبار لەو تاوانەی ئاراستەی کراوە و ڕووبەڕووکردنەوەی بە بەڵگە ڕاوەستاوەکان لە دژی بەڵگە بەڵگە و داوای لێبکرێت کە وەڵامیان بداتەوە) [45].

هەروەها پێناسەکراوە بەوەی بریتیەلە (گفتوگۆکردنی ووردەکاریانەی تۆمەتبارەکە لەو تۆمەتەی خراوەتە پالێ و ڕووبەڕووکردنەوەی بە بەڵگەکانی تۆمەتبارکردن کە وەستاون لەدژی و ئابلوقەدانی بە پرسیارە ووردەکانی پەیوەندیدار بە تۆمەتبارکردنەکەوە.) [46].

## دووەم

## دڵنیایی یەکانی تۆمەتبار لە کاتی ووتەوەرگرتندا

وەك باسمان کرد ووتەوەرگرتن ڕێوشوێنێکی خاوەن سروشتێکی دوولایەنەیە وە ڕێوشوێنێکە لە ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوە وە لە هەمان کاتدا ڕێوشوێنێکە لە ڕێوشوێنەکانی بەرگریکردن لەبەرئەوە خاوەن گرنگی یەکی زۆرە بۆ دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە وە هەروەها بۆ تۆمەتبارەکە .

---

[40] ينظر: د. محمد عبدالله محمد المر، الحبس الاحتياصي ، دار الفكر الجامعي ، الاسكندرية – 2006 ، ص179.

[41] ينظر: د. إسماعيل محمد سلامة، الحبس الاحتياطي ، دار الكتب– القاهرة، 2003، ص88.

[42] ينظر: د. حسن صادق المرصفاوي، المرصفاوي في التحقيق الجنائي، منشأة المعارف بالأسكندرية، ط2، 1990، ص149.

[43] ينظر: مصطفى مجدي هرجة، أحكام الدفوع في الإستجواب والإعتراف، دار الفكر والقانون–مصر، 2005، ص44.

[44] ينظر: د. محمود نجيب حسني، مصدر سابق، ص572.

[45] ينظر: د. عبدالرؤوف مهدي، مصدر سابق، ص503.

[46] ينظر: د. محمد أبوالعلا عقيدة، شرح قانون الإجراءات الجنائية، دار النهضة العربية–القاهرة، ط2، 2001، ص449.

بەهۆیەوە دەسەلاتی لێکۆڵینەوە ئەتوانێت راستیەکان دەربخات لەبەرئەوەی ووتە وەگرتن ڕێ ئەدات کە ووتوویژ لەگەڵ تۆمەتبارەکە بکات بەشێوەیەکی ووردەکاریانە و ڕووبەڕووکردنەوەی بە بەڵگە جیاوازەکانی سەلماندن وە ئەم کارە سەبارەت بۆ تۆمەتبارەکە مەترسی یەکی گەورەی هەیە بەوەی کە گفتوگۆی ووردەکاریانە لەوانەیە ببێتە هۆی وا لە تۆمەتبارەکە بکات چەند ووتەیەك بلێت لە بەرژەوەندی نەبێت و وەك بەڵگەیەك لەدژی وەربگیرێت .

وە تۆمەتبار ئەتوانێت لەڕێ ووتەوەرگرتنەوە بەرگری یەکەی بخاتەڕوو وە بەڵگە کۆکراوەکانی دژی پوچەڵ بکاتەوە ، وە لەپێناو ئەم مەبەستە زۆربەی یاسادانەران چواردەورەیان داوە بە چەندەها دڵنیایی لەوانە ئەوەی پەیوەندی هەیە بە ئازادی تۆمەتبارەکە لەڕووی ووتەکانی و لەوانە ئەوەی پەیوەندی هەیە بەدلنیایی یەکانی بەرگریکردن وە لەوانە ئەوەی پەیوەندی هەیە بەو لایەنەی هەڵئەسێت بە ووتەوەرگرتن وە ئەم دڵنیایی یانە هەموویان لەبنەمای بێ تاوانی تۆمەتبارەوە سەرچاوەیان گرتووە وە ئەم بنەمایە وا پێویست ئەکات مامەڵەیەك لەگەڵ تۆمەتباردا بکرێت بگونجێت لەکەڵ ڕێزی مرۆڤ لە هەموو قۆناغەکانی داوا تاوانی یەکە دا بەچاوپۆشین لەگەورەیی تاوانەکە و ناشیرینی شێوازی ئەنجامدانی .وە ئەمەش نایەتەدی تەنها بە دەستەبەرکردنی ئازادی کەسێتی یەکەی نەبێت بەشێوەیەکی تەواوەتی[47] .

وە نابێت وا لەووتەوەرگرتن بگەین کەرێگەیەکە بۆ ڕێخۆشکردن بۆ تۆمەتبار کە بێتاوانی یەکەی بسەلمێنێت وە ئەو بێتاوانی یە بنەمایەکی گریمانەیی یە و تۆمەتبارەکە ئەرکی سەلماندنی لێ داواکراو نی یە ، بەلام ووتەوەرگرتن ڕێ ئەدات کە بەڵگە پێشکەش کراوەکان لەدژی ببینێت بۆ ئەوەی بەرپەرچیان بداتەوە و بەرەنگاری کاریگەریە کرداری یەکانی ببێتەوە کە لە بەرژەوندی نی یە وە ئەمەش لەچوارچێوەی دەستەبەرکردنی ماق بەریکردنەکەی لە خۆی[48] .

## لقی یەکەم

## ئەودڵنیایی یانەی پەیوەندی هەیە بەو لایەنەی هەڵئەسێت بە ووتەوەرگرتن

بە لەبەرچاوگرتنی هەستیاری ووتەوەرگرتن یاسا بە مەرجی داناوە کە ئەبێت لایەنێکی دادوەری پێی هەلبسێت کە تایبەتمەند بێت بە لێکۆڵینەوە بە سیفەتێکی بنچینەیی ، وە ئەو لایەنە بریتیە لە دادگای لێکۆڵینەوە ، لەبەرئەوە نابێت ئەندامی گرتنی دادوەری هەستن بە ووتەوەرگرتنی تۆمەتبار ، وە تەنها ئەوەی بۆی هەیە پرسیارکردنە لە تۆمەتبارەکە لە کێشەکەی وە پێویست وایە لەو پرسیارلێکردنەدا هیچ ووتوویژێکی ووردەکاری نەگرێتەخۆ لەگەڵ تۆمەتبارەکە دەربارەی تاوانەکە یان رووبەڕووکردنەوەی بەو بەلگانەی کە هەیە لەدژی[49] .

وە هۆی کورتهێنانی ووتەوەرگرتن لەسەر دەسەلاتی لێکۆڵینەوەی بنچینەیی ئەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ[50] :-

1- لەڕووی پراکتیکەوە زەحمەتە ووتە وەرگرتن لایەنێکی تر لەبری دەسەلاتی تایبەتمەند پێی هەستێت لەبەرئەوەی ووتە وەرگرتن وەك ڕێوشوێنەکانی تری لێکۆڵینەوە نی یە لەبەرئەوەی وا پێویست ئەکات ئەو کەسەی کە پێ

---

[47] ينظر: عدلي خليل، استجواب المتهم ، دار الكتب القانونية – القاهرة ،2004، ص78.

[48] ينظر: د. أحمد فتحي سرور، مصدر سابق، ص416.

[49] ينظر: د. أحمد فتحي سرور، مصدر سابق، ص417؛ و ينظر: د. خليفة كلندر عبدالله حسين، مصدر سابق، ص360.

[50] ينظر: د. سعد حماد صالح القبائلي، مصدر سابق، ص263.

هەڵئەسێت زانیاری یەکی تەواوی لە ووردەکاری یەکانی رووداوەکە و بەڵگەکانی هەبێت بە پێچەوانەوە کارەکە بێ سوود ئەبێت وە ئەم زانینی تەواوەتی یە بۆ جگە لە دادوەران و لێکۆڵەرەوان نارەخسێت[51].

2-لەلایەکی ترەوە ووتـەوەرگرتن لەوانەیـە هەنـدێك جار تۆمـەتبار بخاتـە ژێـر فشارەوە ، لەوانـە فشاری بخرێتـە سـەر لەپێناو لێسەندنی دانپیانانەکەی وە ئەم مەترسییە بەشێوەیەکی ئاشکرا دەردەکەوێت بەتایبـەتی ئەگەر ڕێبـدرێت بـە ئەندامی گرتنی دادوەری کە هەستن بە ووتەوەرگرتنی تۆمەتبار.

کەواتە لەبەرئەوەی وترا ئەبینین کە زۆربەی یاساکان ڕێوشوێنی ووتە وەرگرتنیان سپاردوە بـە دەسـەڵاتی لێکۆڵینـەوەی بنچـینەیی، وە لـەو یاسایانە یاسـای عێراقـی لێکۆڵینـەوەی سـەرەتایی سـپاردوە بـە دادوەرانـی لێکۆڵینـەوە و هـەروەها لێکۆڵــەرەکان لــەژێر سەرپەرشــتی دادوەرانــی لێکۆڵینــەوە[52] ، وە لەبەرئــەوەی ووتــەوەرگرتنی تۆمــەتبار دائــەنرێت بەڕێوشوێنێك لەڕیوشوێنەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دادوەرانی لێکۆڵینەوە و لێکوڵەرەوان پێی هەڵئەسن ، وەك چۆن ئەمە هاتووە لەماددەی (123) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دا کە(کە پێویستە لەسەر دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەر کە ووتەی تۆمەتبارەکە وەربگرن لە ماوەی بیست وچوار کاتژمێر لە هاتنی ...)

وە بەم شێوەیە دەرئەکەوێت کە نابێت ئەندامانی گرتنی دادوەری هەستن بە ووتەوەرگرتنی تۆمەتبار بەڵکو تەنها بـۆی هەیە پرسیاری لێ بکات دەربارەی تۆمەتەکەی کە خراوەتە پاڵی بێ ئەوەی ئـەم پرسـیارکردنە ووتوێـژی ووردەکاریانـە لەگەڵ تۆمەتبارەکەدا یان رووبەڕووکردنەوەی بەبەڵگەکانی داواکە بگرێتەخۆ[53].

وە ئەوەی شیاوی باسە کە یاسادانەری عێراقی ڕێ داوە بەدادوەری لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند کەجگە لـەخۆی کەسـی تـر دابێت بۆگرتنەبـەری ڕێوشـوێنێك لەڕێوشـوێنەکانی لێکۆڵینـەوە ئـەویش بـە پێچـەوانەی ئـەو یاسـایانەی کـە لەسـەرەوە باسـکران وە ئـەوەی سـنوردار کـردووە بـەوەی کـە ئـەو لایەنـەی دائـەنرێت بـۆ هەسـتان بـەو ڕێوشـوێنە لـەبری ئـەبێت دادوەری لێکۆڵینەوە بێت وە لەسەر ئەمە لـەماددەی (56/ب) لـە بنـەماکانی دادگاییکردنی سـزایی بـەدەق هـاتووە کـە ( ئەگەر پێویستی کرد کە ڕێوشوێنێك لـە ڕێوشـوێنەکانی لێکۆڵینـەوە ئـەنجام بـدرێت لـە دەرەوەی ناوچـەی تایبەتمەنـدی دادوەرەکـە ، بـۆی هەیـە کـە دادوەری لێکۆڵینـەوەی ئـەو ناوچـەیە لـەبری خـۆی دابنێـت بـۆ هەسـتان بـەو ڕێۆشـوێنە بەمەرجێ لەبڕیاری لەبریخۆدانانەکەدا ئەو کارانەی کە داواکراوە پێی هەستێت روون بکاتەوە)

بەم شێوەیە ڕوون ئەبێتەوە کە لەبریخۆدانان ڕێپێدراوە بۆ هەستان و گرتنەبەری ڕێوشوێنێك لە ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوە بەلاَم بەومەرجەی کە لە بریخۆدانراوەکە دادوەر بێت

وە بەشێوەیەکی ئاسایی ئەو دادوەرە لەبریخۆدانراوە کە بۆی دەرکەوت ئەو ڕێوشوێنەی کە لەبری تیایدا دانراوە بریتیە لە ووتەوەرگرتن ئەو کاتە خودی خۆی پێی هەڵئەسێت یان داوا لە یەکێك لە لێکۆڵەران دەکات بەو کارە هەستێت - ئەگەر تاوانەکە لە جۆری کەتن وسەرپێچی بێت - لەبەرئەوەی ئەو ئەزانێت ( واتە دادوەری لێکۆڵینەوەی لەبریدانراو ) کە ووتەوەرگرتن لە ئەرکەکانی دادوەرانی لێکۆڵینەوە و لێکۆڵەرانە .

شیاوی باسە پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئـەوە بکـەین کـە ماددەی (1/52) لەبنـدما سـزایی یـەکان ڕێـی داوە کـە ئەنـدامی گرتنی دادوەری لەبریخۆدابنرێت بۆ ئەنجامدنی ڕێوشوێنێکی دیاریکراو لەڕێوشوێنەکانی لێکوڵینـەوە کـە لـە دەقەکەیـدا

---

[51] لەم بارەوە تێبینی ئەکرێت کە یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان ژمارە ( 23 ) ی ساڵی ( 2007 ) لە ماددەی ( 35 ) یدا بو مەرجی داناوە ئەو کەسەی دادەمەزرینرێت بە دادوەر ئەبێت شارەزایی یان خزمەتی دادوەری هەبێت کە ماوەکەی کەمتر نەبێت لە دە ساڵ وە لە تاقیکردنەوەیەکی نوسین و زارەکی دەربچێت ئەوەش بۆ دڵنیابوون لە لێهاتویی زانستی لەو کەسەدا کە لەو پلە گرنگەدا ئەبێت .

[52] ينظر: المادة (51) من قانون أصول المحاكمات الجزائية العراقي.

[53] ينظر: المادة (43) من قانون أصول المحاكمات الجزائية العراقي.

هاتووە کە (دادوەری لێکۆڵینەوە خۆی هەڵئەسێت بە لێکۆڵینەوە لە هەموو تاوانەکاندا یان بە هۆی لێکوڵەرانەوە وە بۆی هەیە یەکێك لەئەندامانی گرتنی دادوەری لەبری خۆی دانبێت بۆگرتنەبەری ڕێوشوێنێکی دیاریکراو)

بەلاَم ئێمە وائەبێنین کە ئەم لەبریخۆدانانە ووتەوەرگرتن ناگرێتەوە ئەوەش لەبەر ئەم هۆیانە:-

1-وەك بنەمایەکی سەرەتا یاسادانەری عێراقی قەدەغەی کردوە لەسەر ئەندامی گرتنی دادوەری کە هەستن بە ووتەوەرگرتنی تۆمەتبار بەڵکو بۆی هەیە پرسیاری لێبکات .

2- ماددەی (123) کە پێشتر باسکرا ووتەوەرگرتنی سنوردار کردوە بەدەسەلاَتی لێکۆڵینەوە کەبریتین لە دادوەرانی لێکۆڵینەوە و لێکۆڵەران .

3- ئەگەر پێویستی لەبری دانانی لایەنێکی تری خواست (جگە لەدادوەری لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند ) بۆ ئەنجامدانی ووتەوەرگرتن ، بەڕەچاوگرتنی مەترسیداری ووتەوەرگرتن ، پێویستە دادوەرێکی لێکۆڵینەوەی تر لەبریخۆ دابنرێت بۆ هەستان بەم ووتەوەرگرتنە بەکارپێکردنی حوکمەکانی بڕگەی (56/ب) لەبنەما سزایی یەکان وە نابێت ئەندامی گرتنی دادوەری لەبریخۆدابنرێت بۆ ئەو کارە.

وە ئەم هەلۆێستەی یاسادانەری عێراقی بەسنوردار کردنی ووتەوەرگرتن بەدەسەلاَتی لێکۆڵینەوەی بنچینەیی وە ڕێنەدانی لەبریخۆدانان تیایدا بۆ جگە لەدادوەران ئاراستەیەکی زۆر باشە کەسەرچاوەی گرتووە لە سروشتی ووتەوەرگرتن کە سروشتێکی دوولایەنەی هەیە.

وە ئەو (ووتەوەرگرتن )ە لەلایەك دائەنرێت بە یەکێك لەڕێوشوێنەکانی لێکوڵینەوە وە بەم شێوەیە دائەنرێت بە هۆکارێك بۆ بەهێزکردن و پالپشتی کردنی بەلگەکانی تۆمەتبارکردن لە دژی کەسی ووتەلێوەرگیراو لەبەرئەوەی لەوانەیە بەرئەنجامی کۆتایی یەکەی بمانگەیەنێت بەدانپیانانی تۆمەتبارەکە بەو ڕووداوەکەی خراوەتە پالیّ وە لێرەوە مەترسیە زۆرەکەی دەردەکەوێت کە ئەگەر ئەم ڕێوشوێنە بسپێردرێت بەلایەنێك جگە لە دەسەلاَتی لێکوڵینەوەی بنچینەیی - بۆ نمونە ئەندامی گرتنی دادوەری – کە لەوانەیە ڕیّ بەخۆی بدات کە چەند شێوازێکی کارکردنە سەر وویستی تۆمەتبار بەکاربهێنێت لەکاتی ووتەوەرگرتنیدا بۆ لێسەندنی دانپیانانی ، ئەگەر لەڕێی زورلێکردن و هەلخەلەتاندن و فێلێشەوە بێت بۆ ئەوەی خۆی دەرباز بکات لە هەولّ و ماندوبوونی گەڕان و سۆراخکردن بە دوای بەلگەکانی تردا بۆ دەرخستنی راستی یەکە .

وە خالێکی تر کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت لەم بارەیەوە ئەوەیە کە سنوردارکردنی ئەنجامدانی ووتەوەرگرتن بەهۆی دەسەلاَتی لێکۆڵینەوەی بنچینەیی گرنگی یەکەی دەردەکەوێت ئەگەر تۆمەتبار

لەکاتی ووتەوەرگرتندا دانی نا بەتاوانەکەدا ئەو کاتە ماددەی (128/ب) لە بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی پێویستی کردوە لەسەر دادوەر کە خۆی هەستێت بەنوسینەوەی ئەم دانپیانانە و خوێندنەوەی بۆ تومەتبارەکە دوای تەواوبوون لە نوسینەوەی .

وە گرنگی ئەمە لەوەدایە کە ئەو دانپیانانەی لەتۆمەتبارەوە دەرئەچێت نابێت بە بەلگەیەك بۆ تاوانبارکردنی ئەگەر دەرنەچوبێت لەبەردەم دادگا یان لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە یان دادگایەکی تر لە هەمان داوادا یان لە داوایەکی تردا ئەگەر تۆمەتباریش دواتر پەشیمان ببێتەوە ، وە یاسادانەر ڕێی نەداوە بە وەرگرتنی ئەو دانپیانانەی کە لەبەردەم لێکوڵەر دەرئەچێت تەنها ئەگەر لێکۆڵەڕەکە سەلماندی کە کاتی تەواوی لەبەردەمدا نەبووە بۆ ئامادەکردنی تۆمەتبارەکە لەبەردەم دادوەر بۆ نوسینەوەی دانپیانانەکەی وە ئەمەش مادەی (217/ا) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی ئاماژەی بۆ کردووە .

وە بەم شێوەیە دەرئەکەوێت کەدانپیانانی تۆمەتبار لەبەردەم ئەندامی گرتنی دادوەری بەڵگەیەکی تەواو نابێت بۆ تاوانبارکردنی ئەگەر دوبارەنەبێتەوە لەبەردەم دادگادا.

لەلایەکی ترەوە بەدانانی ووتەوەرگرتن وەك هۆکارێك بۆ بەرگریکردن بۆ تۆمەتبار وائەخوازێت کە بسپێردرێت بەدەسەڵاتی لێکۆڵینەوەی بنچینەیی ئەویش بە بەرچاوگرتنی ئەو دڵنیاییە زۆرانەی کە تۆمەتبار هەیەتی لەکاتی ووتەوەرگرتندا لە ئازادی قسەکردن و وە ماف لە بێدەنگی و پێدانی هەل بۆ خستنەڕووی بەرگری یەکەی وە بە تەواوەتی تێگەیاندنی بەو تۆمەتەی خراوەتە پاڵ و سروشتەکەیی و ماف پشتبەستن بە پارێزەر و ئاگادارکردنەوەی بۆ ئەو مافە و دانانی پارێزەرێك بۆی ئەگەر نەیتوانی پارێزەرێك بکات بەبریکار[54] و چەندەهای تر لە خاڵە سەرەکی یە گرنگەکان کە لەوانەیە زۆرگران بێت - ئەگەر ئەستەم نەبێت - بۆ ئەندامی گرتنی دادوەری کە دەستەبەری بکات بۆ تۆمەتبارەکە.

## لقی دووەم

## ئەو دڵنیاییانەی پەیوەندیان هەیە بە دەستەبەرکردنی ئازادی تۆمەتبار لەکاتی ووتەوەرگرتندا

بۆ ئەوەی ووتەوەرگرتن وەك هۆکارێك بمێنێتەوە کە تۆمەتبار بتوانێت لەرێ یەوە تۆمەتەکە لەخۆی دوربخاتەوە ، وە بۆ ئەوەی بەکارنەهێنرێت بۆ دەستخستنی دانپیانانێکی درۆ لە تۆمەتبارەکە، لەبەر ئەوە یاسادانەر چواردەورەی داوە بە چەندەها دڵنیایی کە ڕێگرن لە دەستبردن بۆ ڕێزی مرۆڤایەتی تۆمەتبارەکە وە نەکەوێتە بەر زۆرلێکردن و توندوتیژی و ئەشکەنجەدان[55] ، لەبەرئەوە دەستور و یاسا سزایی یە تازەکان ئاراستەی جەختکردنەوەیان لە ئازادی تۆمەتبارەکە گرتۆتە بەر لەخستنەڕووی ووتەکانی بەتەواوی ئازادی یەوە لەکاتی ووتە وەرگرتنیدا.

وە ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کەنابێت تۆمەتبارەکە ناچار بکرێت یان زۆری لێبکرێت بە ووتنی ئەوەی کە لە بەرژەوەندی ئەو نیە وە هەموو ئەمانە بۆ زامن کردنی ئەوەی کە ووتەکانی بەتەواوی ئازادی و ویستەوە بڵێ کە کەموکوڕی نەبێت .

وە چەندەها بابەت هەیە کە ئەکەونە ژێر ئەم دلنیایی یەوە کە خۆی ئەبینێتەوە لە ماف بێدەنگ بوون و ماف لە نەوتنی ڕاستی و هەروەها ڕێنەدان بەزۆرلێکردنی بە دانپیادانان و ڕێنەدان بە ماندوکردنی لەکاتی ووتەوەرگرتنیدا ، لەبەرئەوە بۆ هەربابەتێك لەم بابەتانە خاڵێکی سەربەخۆ تایبەت ئەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:-

## یەکەم

## ماف تۆمەتبار لەبێدەنگبوون

لە بۆچونی یاسادا ئەوەجێگیرە و چەسپاوە کە کەتۆمەتبار مافێکی بنەڕەتی هەیە لەبەرگریگردن لەخۆی بەهەموو ڕێگاو شێوەکان وە بە پشتبەستن بە بنەمای گریمانەی بێتاوانی یەکەی لەبەرئەوە ئازادی تەواوی هەیە لە هەڵبژاردنی

---

[54] ينظر: نص المادة الثالثة من قانون إيقاف العمل بمواد من قانون أصول المحاكمات الجزائية رقم (23) لسنة (1971) الصادر عن البرلمان الكردستاني بعدد (22) في (2003/9/27).

[55] M. alléhaut, les droit de la defense, Mélange patin, 1965, p.453.

أورده: د. خليفة كلندر عبدالله حسين، مصدر سابق، ص328.

ئـەو ڕێگـەی بەرگریکردنـەی کـە بـەگونجاوی ئـەزانێ، و هـەروەها مـافی پێشکەشکردنی ووتـەکانی هەیـە بـە ئـازادی جا ووتەکانی ڕاست بن یان درۆ بن ، هەروەها مافی نکوڵیکردن یـان دواتـر پەشـیمان بوونـەوەی هەیـە لـە ووتـەکانی ئەگـەر ئەوەی ویست[56] وە ئەمەش ئـەوە ئەگەیـەنێت کـە مـافی تۆمـەتبار لـە بێـدەنگبوون لەگریمانـەی بێتـاوانی یـەتی ، بـەلاَم سـەرەڕای ئـەوە ئـەم مافـە لەسـەردەمە کۆنەکانـدا دانـی پیانـەنرابوو لەبـەر ئـەوەی کـە ناچـارکردنی تۆمەتبارەکـە کـە قسەبکات کارێکی ڕێپێدراو بوو بە پێی یاسا وە ئەو تۆمەتبارەی کە وەڵامی پرسیارەکان ناداتەوە کە ئاراستەی کراوە بـە زۆر وەڵامـەکانی لێوەرئـەگیرێ ئەگـەر لـەڕێی ناشـیرینترین شـێوازەکانی توندوتیـژی و ئەشکەنجەدانیشـەوە بێـت بـەڵکو بێدەنگبونی تۆمەتبار لە بەردەم ئەو تۆمەتانەی کە ئاراستەی کراوە دائەنرا بە دانپیانانێکی تۆمەتبارەکە بەئەنجامدانی تۆمەتەکە[57].

بۆ نموونە لە فەرەنسا لە سایەی یاسای ئابی ساڵی 1670 بێدەنگبونی تۆمەتبار شیئەکرایەوە بەدانپیانانی تۆمەتبارەکـە و بەراست دانانی ئەو ڕوداوانە وە ئەوەش پیادە ئەکرا لەسایەی یاسای کەنیسەدا کە پێویست بوو لەسەر تۆمەتبار ڕاستی بلێت و بێدەنگبونی یان درۆکردنی دائەنرا بە گوناهە و تاوان[58].

وە بە دەرچوونی یاسای (8ی کانونی یەکەم /1897) بڕیـار درا لەسـەر مـافی تۆمـەتبار لـە وەڵامنەدانـەوەی پرسـیارەکان لەبەردەم لایەنەکانی لێکۆڵینەوەدا[59].

وە لە ئینگلتەرا لەساڵی (1772) یاسایەك دەرچوو بەدەقهێنابووی کە بێدەنگبونی تۆمەتبار دائەنرا بەدانپیانانی بە ئەنجامدانی تاوانەکە و حوکم ئەدرابە بێ دادگایی کـردن ، وە ئـەم یاسـایە لەسـاڵی (1827) هـەموارکرا بەیاسـایەکی تـر کـە بێـدەنگبونی تۆمەتبارەکـەی دائـەنا بـە نکـوڵیکردن و نکـوڵیکردنیش بەرێگایـەك لـەڕێگاکانی بەرگریکردن[60].

لە دوای ئەوە یاساکان دەستیان کرد بەدانپیانانی مافی بێدەنگبونی تۆمەتبار لە بەرئەوە وە بۆئەوەی ئێمە چـەمکی مـافی بێدەنگبون وسنوورەکەی و هەڵوێستی جاڕنامەکانی مافەکانی مـرۆڤ و پەیماننامـە نێوەوڵـەتیاکان و یاسـای دەوڵەتـەکان لەبارەیەوە ڕوون بکەینەوە و وە ڕونکردنەوەی ڕای یاساناسان لەو بارەیـەوە ، ئـەم لقـە بـەش ئەکـەین بـۆ ئـەم خاڵانـەی کەدێت:

**یەکەم :چەمکی مافی بێدەنگبوون و سنورەکەی :**

سەرەتا پێویستە بەبیری بهێنینەوە کە چـەندەها زاراوە هـەن کـە هاومانـان لەگـەڵ مـافی بێـدەنکبوون کـە بـەکارهێراون لەیاسا جیاوازەکاندا وە لەو زاراوانە مافی تۆمەتبار کەبمێنێتەوە بە بێدەنگی و زاراوەی ئازادی تۆمەتبار لەهەڵنەسان یان

[56] ينظر: د. إدريس عبدالجواد عبدالله بريك، ضمانات المشتبه فيه خلال مرحلة الاستدلالات ، دا رالجامعة الجديدة للنشر – الاسكندرية، 2005 ، ص510.

[57] د. محمد خميس، الإخلال بحق المتهم في الدفاع، منشاة المعارف-الأسكندرية، 2001، ص163.

[58] George leloir, code d'instruction crimille avec L'indication, 1898, Paris, p3. المشار إليها عند: د. إدريس عبدالجواد عبدالله بريك، مصدر سابق، ص515.

[59] ينظر: نفس مصدر سابق، نفس الصفحة.

[60] د. حافظ عفيفي، الإنجليز في بلادهم، دار الكتب المصرية، 1935، ص358؛ المشار إليها عند: د. إدريس عبدالجواد عبدالله بريك ، مصدر سابق، ص514.

نەدركاندنی هیچ  ووتەیەك وە زاراوەی مافی تۆمەتبار لە قسەنەكردن و هاوبەشی نەكردن بە هیچ شێوەیەك لەوەی پەیوەندی هەبێت بەتاوانباركردنی[61] .

وە دەربارەی چەمكی بێدەنگبوون ، مەبەست لەبێدەنگبوون بەشێوەیەكی گشتی نەویستنی كەسەكەیە لە دەربڕینی ئەوەی لەناخیدایە جا بە ووتە بێت یان بە نوسین یان بە ئاماژەبۆكردن یان بە سەرجوڵاندن[62] .

بەڵام سنووری مافی بێدەنگبوون لەكاتی ووتەوەرگرتندا مەبەست لێی مافی تۆمەتبارە لە بێدەنگبوون یان  نەویستنی وەڵامەدانەوەی ئەو پرسیارانەی كەئاراستەی ئەكرێت لە لایەن دەسەڵاتی لێكۆڵینەوەوە لە كاتی ووتەوەرگرتن بۆ ئەوەی كە بێدەنگبوونەكە وەك بەڵگەیەك لە دژی شیبكرێتەوە وە بەمانایەكی زیاتر ڕونتر مافی بێدەنگبوون بریتیە لەوەی كە تۆمەتبار مافی ئەوەی هەیە كە بێدەنگ بێت و وەڵامی ئەو پرسیارانە نەداتەوە كە ئاراستەی ئەكرێت یان نەدركاندنی هیچ زانیاریەك كەببێتە پشگیریكردنی تاوانباركردنی یان چەسپاندنی یان تەنانەت نریكبونەوەی لیێ ، یان دەرخستنی چەند نهێنیەك كەبیەوێ لای خۆی بیپارێزێ[63] .

وە بێدەنگبوون دوو جۆرە یەكەمیان بێدەنگبوونی سروشتی ئەوەش كاتێك كەڕوڵاڵ بێت لەم حاڵەتەدا ئەگەر كەسەكە بزانێت بنوسێت  ئەو كاتە هیچ گرفتێكی تیانیە   ، دادوەر پرسیارەكانی بۆ ئەنوسێتەوە وتۆمەتبارەكەش بەنوسین وەڵامیان ئەداتەوە بەڵام ئەگەر نوسین نەزانێت ئەوكاتە دادوەرەكە وەرگێڕێكی بۆ دیاری ئەكات كە شارەزایی هەبێت لە ووتووێژ لە گەڵیدا وە دووەمیان بێدەنگبوونی ویستراوە - وە ئەوەش بابەتی توێژینەوەكەمانە لەم خاڵەدا - تۆمەتبارەكە ئەوەی ئەوێت و مەبەستێتی بەبێ ئەوەی توشی نەخۆشیەك بووبێت ڕێگری بكات لەقسەكردن واتە وەڵامی پرسیارەكان ناداتەوە كە ئاراستەی ئەكرێت لەلایەن دادوەری لێكۆڵینەوە یان دادگاوە بەبێ ئەوەی بەربەستێكی تەندروستی هەبێت[64] .

وە باری تۆمەتبار لێرەدا جیاوازی هەیە لە باری شایەت ، لەبەرئەوەی كە شایەت ئەگەر ویستی شایەتی نەدات سزا ئەدرێت ئەویش بەكاركردن بە ماددەی (176) لەیاسای بنەماكانی دادگایی كردنی سزایی عیراقی یان ئەگەر شایەتی درۆ بدات خۆی توشی ئەوسزایە ئەكات كە لە دەقی ماددەی (252)ی یاسای سزادانی عێراقیدا هاتووە.

بەڵام تۆمەتبار جیاوازە لە شایەت لەبەرئەوەی كە سزای لەسەر نیە ئەگەر قسەكردنی رەتكردەوە یان ووتەی درۆی دركاند لەبەرئەوەی  پاراستنی مافی بەرگریكردن وا ئەخوازێ كەتۆمەتبارەكە ئازاد بێت لە كاتی پیادەكردنی بەگریكردنەكەی وە ئەگەر بینی لە كاتی ووتەوەرگرتندا كە وەڵامنەدانەوەی ئەوپرسیارانە كە ئاراستەی كراوە لەبەرژەوەندیەتی ، ئەو مافەی بۆ هەیە ، بێ ئەوەی بەرپرسیاربێت لەم بێدەنگی یە .

وە سەبارەت بەسنوری مافی بێدەنگی تەنها ئەو پرسیارانە ئەگرێتەوە كە ئاراستەی تۆمەتبارەكە كراون و پەیوەندی هەیە بەو ڕووداوەی خراوەتە پاڵێ بەدەر لەو پرسیارانەی پەیوەندی هەیە بە ناساندنی كەسایەتیەكەی و ناونیشانی ، لەبەرئەوەی كە هەندێك لە یاسا سزایی یەكان دركاندنی ناو و ناونیشانی و ڕەگەزنامەكەی و پیشەكەی ئەسەپێنێت

---

[61] د. حسام الدين محمد أحمد، حق المتهم في الصمت، دار النهضة العربية-القاهرة، 2006، ص43.

[62] ينظر: د. محمد خميس، مصدر سابق، نفس الصفحة، و د. حسام الدين محمد أحمد، نفس المرجع، نفس الصفحة.

[63] ينظر: د. سعد حماد صالح القبائلي، مصدر سابق، ص385؛ و ينظر: جمال محمد مصطفى، التحقيق والإثبات في القانون الجنائي، مطبعة الزمان-بغداد، 2004، ص112.

[64] ينظر: عمر فخري عبدالرزاق الحديثي، حق المتهم في محاكمة عادلة، رسالة ماجستير، جامعة بغداد-كلية القانون، 2001، ص(114، 115)؛ و ينظر: جمال محمد مصطفى، مصدر سابق، نفس الصفحة.

بەسەر تۆمەتباردا لەکاتی لێکۆڵینەوە لە گەڵیدا و مافی بێدەنگبون لێ یان ، یان شاردنەوەی ئەم زانیاریانەی نیە وە لەکاتی سەرپێچیدا ئازادی یەکەی کۆتوبەند ئەکرێت و سزای بەسەردا ئەسەپێنرێت[65] .

وە لەو یاسایانە ماددەی (6/78،2/78 ) لەیاسای ڕێوشوێنە تاوانیەکانی فەرەنسی و ماددەی (52) لەیاسای ڕێوشوێنەکانی دادگایی کردنی سزایی کوەیتی و ماددەی (38،26) لە یاسای ڕێوشوێنە تاوانیەکانی سوّدانی و ماددەی (107) لەیاسای ڕێوشوێنە تاوانیەکانی یەمەنی .

وە لە عێراقدا سەرەڕای بێدەنگبوونی یاسادانەری عێراقی بەشێوەکی ڕاشکاوی دەربارەی ئەم حاڵە لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی بەڵام ئێمە وائەبینین کە تۆمەتبار بۆی نی یە لایەنی بێدەنگی بگرێتەبەر لە کاتی پرسیارکردن لە ناوی و ناونیشانی و پیشەکەی لە کاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا ئەوەش لەبەر دوو هۆ یەکەمیان ئەم زانیاری و ڕونکردنەوانە بریتین لەو زانیاریانەی پەیوەندیان هەیە بە سەلماندنی کەسایەتی تۆمەتبارەکە و سودی لێوەرناگیرێت بۆ تاوانبارکردنی تۆمەتبارەکە یان بۆ بێتاوانکردنی وە بە دەربڕینێکی ووردتر بەرگریکردنی تۆمەتبارەکە زیانی لێناکەوێ لەخستنەڕووی ئەم زانیاریانە .

وە دووەمیان بێدەنگبوونی تۆمەتبار لەدرکاندنی زانیاریە کەسی یەکانی ئەبێتە هۆی چەواشەکردنی دادگا و ئەتوانرێ لەسەر ئەوە سزابدرێ.

## دووەم : هەڵوێستی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و کۆنگرە نێودەوڵەتیەکان سەبارەت بە مافی بێدەنگبوون :

مافی بێدەنگبوون پەیوەندی هەیە بەخودی مرۆڤەکەوە بەدوور لەهەر نیشتمانێك ، ئەوەش بەم ئاراستەیە تەنها کورت ناهێنێت لەسەر یاسا نیشتمانیەکان بەڵکو ئەم مافە تێئەپەڕێ تا ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بگرێتەوە وە ئەمەش شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕێزلێگرتنی نێودەوڵەتی بۆ مرۆڤ تەنانەت ئەگەر گومانی ئەنجامدانی تاوانێکیشی لێکرابێت[66] .

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی فەرەنسی و هەروەها جاڕنامەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ و ڕێککەوتننامەی ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ لەدەقەکانیاندا بە ڕاشکاوی باسی مافی بێدەنگبونی تۆمەتباریان نەکردووە لەکاتێکدا لەم پەیماننامانەدا چەندەها دەقی تایبەت بە بەڵگەی بێتاوانی هاتووە[67] وە دەستەبەرکردنی مافی بێدەنگبوون لەوەوە سەرچاوەی گرتووە.

لە کاتێکدا چەند پەیماننامەیەکی تر هەیە بە دەق باسی چەند مافێکی تری کردووە کەراستەخۆ پەیوەندی هەیە بە مافی بێدەنگبوون ، وە لەو پەیماننامانە ڕێکەوتننامەی ئەمەریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ[68] کەبەدەق هێناوێتی کە ( مافی تۆمەتبار کە ناچار نەکرێت کە ببێتە شایەت لەدژی خۆی یان دانبنێت بەتاوانەکەدا) .

وە لە پەیماننامە ناوچەییەکان پەیماننامانەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ[69] کە لەماددەی (6/16)یدا بەدەق هێناویەتی کە (مافی کە ناچار نەکرێت بە شایەتیدان لەدژی خۆی یان دانبێت بەتاوانەکەدا ) .

---

[65] ينظر: د. إدريس عبدالجواد عبدالله بريك، مصدر سابق، ص533.

[66] ينظر: د. حسام الدين محمد أحمد، مصدر سابق، ص60؛ و ينظر: جمال محمد مصطفى، مصدر سابق، ص113.

[67] من ذلك المادة (9) من إعلان حقوق الإنسان والمواطن الفرنسي، والمادة (9) من الإتفاقية الأوروبية.

[68] تم إبرامها في سان خوسيه في (1969/11/22).

[69] أعتمد من قبل القمة العربية السادسة عشر التي إستضافتها تونس في (23/مايو/2004).

**هاوشانی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ ، ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەندیدار بەمافەکان و ئازادیە سەرەکییەکانی مرۆڤ ئاماژەی کردووە بۆ دەستەبەرکردنی مافە سەرەکییەکانی مرۆڤ لەکاتی ووتەوەرگرتنی وە لەو مافانە مافی زۆرلێنەکردنی بەشایەتی دان دژی خۆی وە لە نموونەی ئەو ڕێککەوتنامانە پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە مەدەنی و رامیارییەکان کەبەدەق هێناویەتی لەماددەی (3/14) ی کە (نابێت زۆری لێبکرێت لەسەر شایەتیدان لەدژی خۆی یان لەسەر دانپیانانی بە تاوان) .**

**هەروەها ڕێکەوتنامەی مافەکانی منداڵ[70] لەماددەی (40/ب/4) یدا ئاماژەی کردووە بۆ ئەوەی کە لەکاتی تۆمەتبارکردنی منداڵ[71] بە ئەنجامدانی کارێکی تاوانکاری ئەبێت زۆری لێنەکرێت کە شایەتی بدات یان دان بەتاواندا بنێت.**

**لەلایەکی ترەوە گۆنگرە نێودەوڵەتیەکان هەوڵیانداوە بۆ پێویستی بەدەقهاتنی ڕاشکاوانەی مافی تۆمەتبار لەبێدەنگبوون لە کاتی لێکۆڵینەوەکردن لەگەڵیدا ، لەوانە ڕاسپاردەی لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کاروباری تاوان کە لە شاری (بێرن) بەسترا لە ساڵی 1939 کە تیایدا هاتووە کە ( خوازراوە کە یاساکان بەشێوەیەکی ڕوون بڕیار بدەن لە بنەمای پابەندنەکردنی کەسێك بەتاوانبارکردنی خۆی وە ئەگەر تۆمەتبار وەڵامدانەوەی رەتکردەوە ئەم رەفتارەی جێگەی هەڵسەنگاندنی دادگا ئەبێت سەرەڕای بەڵگەکانی تر کە کۆکراونەتەوە[72] .**

**وە گۆنکرەی نێودەوڵەتی شەشەم بۆ یاسا سزاییەکان کە لەرۆما لەساڵی (1953)بەسترا رایسپاردووە کە (تۆمەتبار ناچار ناکرێت لەسەر وەڵامدانەوە وە ئەو ئازادە لەهەڵبژاردنی ئەو ڕێگەیەی ئەیگرێتە بەر کە ئەیبینێ لەبەرژەوەندیەتی)[73] .**

**هەروەها کۆنگرەی نێودەوڵەتیش جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە کۆمەڵەی نێودەوڵەتی پیاوانی یاسا ڕێکیخستبوو لەئەسینا لە (حوزەیرانی 1955) ، وە لیژنەی مافی مرۆڤ لە دەستەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە (5/کانونی دووەم /1962) رایسپاردووە کە (نابێت هیچ کەسێك ناچاربکرێت لەسەر شایەتیدان لەدژی خۆی و پێویستە پێش پرسیارلێکردن و وتەوەرگرتنی هەر کەسێك کە دەستگیرکراوە یان بەندکراوە کە زانیاری تەواوی بدرێتی سەبارەت بەمافی کە بۆی هەیە بێدەنگ بێت)[74] ،**

**هەروەها لەڕاسپادەکانی گۆنگرەی نێودەوڵەتی دوانزەهەمدا هاتووە کە کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بۆ یاسا سزاییەکان بەستبووی لەشاری هامبۆرگ لە ئەڵمانیای رۆژئاوا لەساڵی 1979 کە ( پابەندبوون بە بێدەنگیەوە مافێکی بڕیارداراوە بۆ هەموو تۆمەتبارێك لەهەر تاوانێك لە تاوانەکان کە بەدەقهاتووە لەیاسا سزاییەکان و ئەبێت تۆمەتبارەکە ئەو مافەی پێ رابگەیەنرێت )[75].**

**وە کۆنگرەی نێودەوڵەتی پانزەهەمی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی یاسا سزاییەکان جەختی لەسەر ئەم مافە کردۆتەوە کە لەبەرازیل بەسترا لە (4-9/ئەیلولی/1994)[76] .**

---

[70] إعتمدها الجمعية العامة للأمم المتحدة بقرارها المرقم (25/44) في (20/نوفمبر/1989).

[71] **مەبەست لە منداڵ بە پێی ماددەی ( 1 ) لە ڕێکەتننامەیە ( هەموو مرۆڤێك کە تەمەنی هەژدە ساڵی تێنەپەڕاندبێ ، بەڵام کە نەگیشتبێتە تەمەنی ژیری ( سن الرشد ) بە پێی یاسای پیادەکراو بە سەریدا )**

[72] ينظر: د. إدريس عبدالجواد عبدالله بريك، مصدر سابق، ص517.

[73] ينظر: د. محمود محمود مصطفى، مصدر سابق، ص259، هامش رقم (2).

[74] ينظر: د. عبدالرؤوف مهدي، مصدر سابق، ص514.

[75] ينظر: د. خليفة كلندر عبدالله حسين، مصدر سابق، ص335.

[76] ينظر: د. إدريس عبدالجواد عبدالله بريك، مصدر سابق، ص518.

**سێ یەم : مافی تۆمەتبار لەنەوتنی راستی:**

تۆمەتبار بۆی هەیە کە هەر هۆکارێکی یاسایی بەکاربهێنێت بۆ بەرگریگرن لەخۆی لەبەرئەوە وەك رونمان کردەوە ئازادە لە درکاندنی یان نەدرکاندنی ووتە. وە لە کاتی درکاندنی ووتەکانی پابەندکراو نییە بە ووتنی راستی [77] .

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە تۆمەتبار بۆی هەیە درۆ بدرکێنی ئەگەر بینی ئەوە یارمەتی ئەدات لە دوورخستنەوەی تۆمەتەکە لەخۆی وە لای هەندێك زانستی یاسا ئەوە ناسراوە بەدڵنیاکردن و دەستەبەرکردنی مافی درۆکردن[78] .

سەبارەت بە هەڵویستی یاساکان بەرامبەر ئەم مافەی تۆمەتبار ئەبینین کە زۆربەی یاساکان ئەم مافەی بەراشکاوی بەدەق نەهێناوە وە لەوانەیە هۆی ئەم هەڵوێستە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی درۆکردن لە سیفەتە خراپەکانە کە بێگومان دژە لەگەڵ حوکمەکانی دین هەروەها ناگونجێ لەکەڵ بنەماکانی رەوشت[79] .

بەڵام چەند یاسەیەك هەیە کە بە ڕاشکاوی دڵنیاکردنی مافی درۆکردنی بەدەق هێناوە لەوانە یاسای ڕێوشوێنەکان ودادگایی کردنە سزایی یەکانی کوەیتی کە لە ماددەی (158) دا بەدەقهاتووە لەسەرئەوەی کە (نابێت تۆمەتبار سوێندبدرێت و هەروەها زۆری لێبکرێت یان هەڵبخەڵەتێنرێت بۆ وەڵامدانەوە وە هەروەها ووتنی چەند ووتەیەکی دیاریکراو بەهەر ڕێگایەك بێت لە ڕێگاکان ، وە بێدەنگبونی تۆمەتبار یان وەڵام نەدانەوەی پرسیارێك شی ناکرێتەوە بەوەی دانی ناوە بە شتێکدا وە خەتابارکردنی لەسەر ئەوە دروست نی یە ، وە هەروەها نابێت خەتابار بکرێت لەسەر شایەتیدانی درۆ سەبارەت بەو ووتانەی کە ئەیڵێت بۆ بەرگریکردن لەخۆی) .

لەسەر هەمان بنەما بە دەقهاتوە لە ماددەی (83)ی یاسای ڕێوشوێنە سزایی یەکانی قەتەری و ماددەی (2/218) لەیاسای ڕێوشوێنەکانی تاوانی سۆدانی.

وە هەرچەندە یاسادانەری عێراقی بەدەق بە ڕاشکاوی مافی تۆمەتباری لە درۆکردن باسنەکردوە ، بەڵام ئاماژەی بۆ کردوە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ لە ماددەی (180) لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی کە بەدەقی هێناوە لەسەر ئەوەی کە (ئەگەر تۆمەتبار وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی کراون نەدایەوە یان وەڵامەکانی پێچەوانەی یان ڕێك نەئەکەوت لەگەڵ ووتەکانی پێشووی ئەوکاتە بۆ دادگا هەیە کە فەرمان بدات بەخوێندنەوەی و بیستنی ووتەی تۆمەتبارەکە دەربارەی)

سەبارەت بە هەڵویستی یاساناسی دەربارەی ئەم مافە ڕاوبۆچونەکان جیاوازبوون ، لەم بارەیەوە هەندێك لەیاسا ناسان بۆچونیان وایە کە نکوڵی ئەکەن لە بوونی مافی تۆمەتبار لە درۆکردن وە لەوەدا پشت ئەبەستن بەوەی کە دانپیانانی ئەم مافە بۆ تۆمەتبار واتە زەوتکردنی مافی کۆمەڵ لە سەلماندن و دەرخستنی راستی لەتاوانێکدا کە لەدژی ئەنجامدراوە کە ئەو کاتە کۆمەڵگە مافی دەرخستنی درۆی تۆمەتباری نی یە و بگاتە ڕاستی[80] .

لەکاتێکدا هەندێکی تر بۆ ئەوە ئەچن کە تۆمەتبار مافی ڕەهای نیە لەدرۆکردن وە هەموو ئەوەی کە بۆی هەیە لەئازادی قسەکردنە یان بێدەنگبوون و نکولی کردنە لە تۆمەتەکە کە لە دانپیانانی تێناپەڕێت ، بەڵام بۆی نیە تاوانەکە بخاتە پاڵ کەسانی تر ــ وەك ووتەی تۆمەتبارێك لەسەر تۆمەتبارێکی تر ــ وە لەوانەیە ئەوەش درۆبێت ، جگە لە حاڵەتی ئەوەی تۆمەتبارەکە باوەڕی وابێت ــ ئەویش لەبەر چەند هۆیەکی پەسەند ــ ئەوەی ئەیڵێت لەسەر کەسێکی

---

[77] ینظر: د. إدريس عبدالجواد عبدالله بريك، مصدر سابق، ص510.

[78] ينظر: د. سعد حماد صالح القبائلي، مصدر سابق، ص401.

[79] Paul Ravier, La recherch de la vérite judiciarye et laudition interrogatoire de suspect. Paris, 1978, p.209

[80] ينظر: Graven, op.cit, p.106

تر ڕاستە ، وە ئەگەر تۆمەتبارێك تۆمەت بخاتە پاڵ کەسێکی تر کە بێتاوان بێت لەکاتێکدا ئەزانێت ئەوەی ئەیلێت درۆیە بیگومان بەپێی رای خاوەن ئەم بۆچوونە تاوانی هەواڵدانی درۆی ئەنجامداوە[81] .

وە هەندێکی تر وا ئەبینێت کە مافی درۆکردن دائەنرێت بە هۆکارێك لە هۆکارەکانی بەرگریکردن کە سەرچاوەی گرتووە لە مافی تۆمەتبار لەبەرگریکردن لەخۆی ، وە دواتر پابەند ناکرێت بە بەشداریکردن لەسەلماندنی تاوانبارکردنی خۆی ، هەروەك چۆن پابەند ناکرێت بەووتنی ڕاستی[82] .

وە ئێمە لەم بارەیەوە وا ئەبینین کە تۆمەتبار داوالێکراو نیە بە ووتنی راستی و راستگۆیی لەکاتی لێکۆڵینەوەکردن لەگەڵیدا وە بۆی هەیە کە پەنا بباتە بەر درۆکردن و سزانادرێت لەسەر ئەوکارە وە بەڵگەمان بۆ ئەوە ئەوەیە کە یاسادانەری عیراقی لە مادەی (180) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە ( ئەگەر تۆمەتبار وەڵامی ئەو پرسیارانەی نەدایەوە کە ئاراستەی کراوە یان وەڵامەکانی پێچەوانە یان دژبوو لەگەڵ ووتەکانی پێشووی ئەوکاتە دادگا بۆی هەیە کە فەرمابدات بەخوێندنەوەی ـ واتە ووتەکانی پێشووی ـ و بیستنی ووتەکانی دەربارەی) لەم دەقەوە دەرئەکەوێت کە یاسادانەری عیراقی رێی داوە بە تۆمەتبار کە چەند ووتەیەك بڵێت جگە لەو ووتانەی کە پێشتر ووتویەتی هەرچەندە ووتەکانی پێشووی راستیش بێت .

وە هەندێکی تر لەیاساناسان وا ئەبینن کە ئەوە واتە مافی تۆمەتبار لە پەنابردن بۆ درۆکردن لەو مافانە نیە کە شیاوی پاراستن بێت وەك مافی بێدەنگبوون بەڵکو ئەوە تەنها مۆڵەتێکە ، کە دراوە بە تۆمەتبار تا بتوانێت بەرگری لەخۆی بکات لەبەر ئەوە ئەبینین کە هیچ یاسایەك نیە پێویستی بکات کە تۆمەتبار ئاگاداربکرێتەوە لە مافی پەنابردن بۆ درۆکردن بە پێچەوانەوەی مافی بێدەنگبوون[83] .

لە ئەنجامی ئەوەی ووترا دەردەکەوێت کە پێویستە ئەوکارە بە بەرفراوانی نەگیرێتەبەر بۆ ئەوەی نەکرێت بەهۆکارێك بۆ شاردنەوەی راستی و چەواشەکردنی دادپەروەری ، وە ئەوەی لەسەر دادگا پێویستە هەرحاڵەتێك بەجیا هەڵبسەنگێنێت بە پێی بارودۆخی هەر تۆمەتبارێك بۆ رێپێدانی درۆکردن ، ئەگەر وەك هۆکارێك گیرابێتەبەر بۆ دەربازبوون لە ئەشکەنجەدان یان زۆرلێکردن لێی بۆ دانپیانان ، یان رێگایەکی پێویست بووە بۆ سەلماندنی بێتاوانی یەکەی وە رێپێنەدانی ئەگەر هیچ هۆیەك نەبوو پاساوی بکات[84] ، بەڵام سەبارەت  بە هەڵوێستی دادوەری لە مافی تۆمەتبار لە پەنابردن بۆ درۆکردن ، دادوەری ئینگلیزی جیاوازی کردووە لە نێوان مافی تۆمەتبار لە پابەندبوون بە بێدەنگبوونەوە و مافی تۆمەتبار لە درۆکردن کە دانی ناوە بە یەکەمیان و دانی نەناوە بە دووەمیان وەك دادگای باڵای ئینگلیزی لەبڕیارێکدا بریاریداوە کە ( هەرچەندە دیارە کە تۆمەتبارە کە بە پایەندبوونی بە بێدەنگی یەوە کاری پۆلیسی زیاتر گران کردووە بەڵام ئەتوانرێ تاوانبار بکرێت بە تاوانی پەکخستنی کاری پۆلیس. هەرکاتێك کردەوەکەی نیازخراپی پێوە دیاربوو خراپی تەنها مانای ئەوە نیە کە کردارەکە ویستراوبێت ، بەڵکو هەروەها ئەبێت کە بەبێ بەهانەی یاسایی بێت ، وە تۆمەتبارەکە بەهانەی یاسایی هەیە لە ڕەتکردنەوەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی پۆلیس ، و کارەکە پێچەوانە ئەبێت ئەگەر تۆمەتبارەکە بە گێرانەوەیەکی درۆ وەڵامی پۆلیسی دایەوە بە مەبەستی چەواشەکردنی وە جیاوازی هەیە لە نێوان ئەمەو پابەندبوون بە بێدەنگی یەوە)[85] ، بەڵام دادوەری میسری ئاراستەی پشگیری مافی

---

[81] د. رمسيس بهنام، الإجراءات الجنائية تأصيلاً و تحليلاً،منشأة المعارف ، الأسكندرية ، 1984 ، ص180.

[82] د. عوض محمد عوض، المبادیء العامة في قانون الإجراءات الجنائية، ص636.

[83] د. آمال عبدالرحيم عثمان، الخبرة في المسائل الجنائية، رسالة دكتوراه، جامعة القاهرة، 1964، ص167.

[84] ينظر: د. سعد حماد صالح، مصدر سابق، ص406.

[85] Rive, V, Connolly, 1966. المشار إليها عند: د. سعد حماد صالح، مصدر سابق، ص402.

تۆمـەتبار لـە درۆكردنـی گرتـووە كـە لەیـەكێك لەحوكمەكانیـدا بڕیـاری داوە بـەوەی كـە (بـە مـەرج دانـراوە لـە تـاوانی هەواڵدانی درۆ كە تۆمەتبارەكە هەواڵەكەی لەخۆوە دابێت ، وە ئەوەی سوودی لێوەردەگیرێ لـە ڕووداوە جێگیركراوەكان لە حوكمە تانەلێدراوەكەدا كە تۆمەتبارەكە هەواڵ رۆداوە درۆكەی تەنها بە ویستی خۆی نەداوە بەڵكو ئەو زانیاریانـەی كـە داویـەتی لـەكاتی وەڵامدانـەوەی چـەند پرسـیارێك لێـوە دەرچـووە كـە ئاراسـتەی كرابـوو لـەكاتی لێكۆڵینـەوەكردن لەگەڵیدا لە تۆمـەتێك كـە خرابـوە پـاڵ وە لەبەرئـەوە وە لەسـەرئەوەی ڕووداوە جێگیركراوەكـە لەحوكمەكـەدا مـەرجی هەواڵدانی درۆی تیادا نەهاتۆتەدی ، لەبەر ئەوە حوكمەكەشی كە لەسەرئەوە بنیـات نـراوە پوچـەڵ ئـەبێت و پێویسـتە هەڵبوەشێنرێتەوە )[86] .

دەروازەی سێیەم

ڕاگرتن

ئازادی بەگرنگترین بواری پەیوندی نێوان دەوڵەت وەك دەسەلآت و تاك وەك مـرۆڤ دائـەنرێت وە مـرۆڤ هـەر لەوكاتـەی لەسەر ڕووی زەوی هاتۆتەدی هەوڵی داوە كە خۆی ئازاد بكات لە هەموو كۆت و بەنـدەكان بـە تایبـەتی ئەوانـەی ئـازادی لێئەسەنێت .

وە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جەخت لەوە دەكاتەوە كە مرۆڤ خاوەن كۆمەڵێك مافە كە ناتوانرێت لێـێ زەوت بكرێـت یـان پـەك بخرێـت لـە هـیچ حاڵەتێكـدا ، ئەگـەر كاریگـەری نـەبێت لەسـەر پاراسـتنی سیسـتەمی دەوڵـەت و بـەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی ، وە هەموو مرۆڤێك مافی ژیانێكی ئازاد و بەڕێز و ئارامی هەیە . وە مافی دەربڕینی ڕاوبۆچونەكانی هەیە وە نابێت رێی لێبگیرێت یان ئەشكەنجە بدرێت یان مامەڵەیەك بكرێت بە مامەڵەیەك كـە لـەڕێزی كـەم بكاتـەوە یان ئازادی یەكەی لێ بسەنرێتەوە ، وە ئازادی مافێكە لەمافەكانی تاك كە بە هۆیەوە ئەتوانێت هـەموو كارێـك بكـات كـە زیانی بۆ كەسـانی تـر نـەبێت ، وە ئـەو كـۆت وبەندانـەی دانـراوە لـە سـەر ئـەم ئازادیـە نابێـت دابنرێـت تـەنها بـە یاسـا نەبێت[87] .

وە دەوڵەت كاردەكات بۆ هاوسەنگی كردن لە نێوان پشتیوانی كردنی دەسەڵاتەكانی تاوەكو ئەركەكانی بەجێ بهێنێت لە پێناو كاركردن بۆ پاراستنی كۆمەڵگەو هەروەها لە نێوان پاڵپشتی كردنی ئازادیەكانی تاكـەكان و ڕێگـرتن لـە زۆرداری و زیادەڕەوی خاوەن دەسەلآت .

وە ڕاگرتنی تۆمەتبار دائەنرێت بەخاڵ ناكۆكی نێوان دوو بەرژەوەنـدی دژبەیـەك ، بەرژەوەنـدی تـاك كـە مـافی هەیـە بەئازادی بژی و بەرژەوەندی كۆمەڵ كە مافی ئەوەی هەیە بگاتە راستی یەكان . وە كە ڕاگرتن دائەنرێت بەیـەكێك لـەو ڕێوشوێنانەی كـە بـە ڕوونـی و ئاشـكرایی ئاسـتی دژایـەتی تیـا دەردەكـەوێت لـەنێوان پێویسـتیەكانی ڕێزگرتنـی ئـازادی تاكەكەسی و دەسەڵاتی دەوڵەت لـە سـزادان ، وە تۆمـەتبار بـێ تاوانـە تـاوەكو تاوانبـاركردنی ئەسـەلمێنرێت بـەحوكمێكی كۆتایی. وە مافی ئەوەی هەیە كە چێژوەرگرێ لەو ئازادیە تاوەكو ئەو حوكمە دەرئەچێت ، بەڵام بەرژەوەنـدی گشـتی لـە داوای سزایی دا لەوانەیە وابخوازێت كەدەست ببرێت بۆ ئەو ئازادی یە لەڕێی ڕاگرتنەوە[88] .

---

[86] ينظر: نقض (1916/12/9)، المجموعة الرسمية، س18، ق17، ص30.

[87] ينظر: د. محمد عبدالله محمد المر، مصدر سابق، ص7.

[88] ينظر: د. إسماعيل محمد سلامة، مصدر سابق، ص10.

وە لە بەر ئەوەی ناکرێت ئازادی بەشێوەیەکی رەها پێشبینی بکرێت بەبێ سنور و کۆت وبەند. وە ئەو کۆتوبەندانە ئەبێت لە چواچێوەی بەرژەوەندی گشتی بێت و ئاستەکەی وەستاوە لەسەر ئەو یاسایەی کە سنورەکانی ئازادی رێك ئەخات ، کە چەند کۆتوبەندێك ئەخاتە سەر هەڵسوکەوتی تاکەکان کە بە بەشێك لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی دائەنرێت[89] .

لەبەرئەوە ئەتوانرێت بوترێت کەناتوانرێت خۆمان لە ڕاگرتنی تۆمەتبار لابدەین لەبەرئەوەی کە دائەنرێت بەرێگر لەبەردەم بەردەوام بوونی چالاکی تاوانکاری تۆمەتبارەکە، لەبەرئەوەی کە ناتوانین دڵنیابین کە هەموو تۆمەتبارەکان چالاکی تاوانکاریان بوەستێنن و لەوانەیە چالاکی تاوانکاریان بەردەوام ببێت ، وە هەروەها ڕاگرتنی تۆمەتبارەکان ئەبێتە رێگرێك لەبەردەم دیارنەمانیان و هەڵهاتنیان پێش دادگایی کردنیان یان جێبەجی کردنی حوکمەکان بەسەریاندا، وە لەوانەیە ئەم ڕێوشوێنە بگیرێتە بەر بۆ پاراستنی خودی تۆمەتبارەکە لەدژی کاردانەوە تۆڵەسەندنەوەکانی خودی تاوانلێکراوەکە ، یان کۆمەڵانی خەڵك وەك دەربڕینی توڕەییان لە تاوانە ئەنجامدراوەکە[90] .

وەچەند تاوانێك هەیە کەڕای گشتی ئەوروژێنی لەبەر ترستاکی یەکەی و گرنگی یەکەی وە لەوانەیە پشێوی لەناو کۆمەڵگادا دروست بکات وە لەم کاتەدا ڕاگرتنی تۆمەتبارەکە پێویستە بۆ سەقامگیرکردنی ئاسایش و ڕژیم لە کۆمەڵگادا، وە گرنگی ڕاگرتن لەوەدا دەردەکەوێت کە ڕێوشوێنێکی مەترسیدارە دژئەوەستێت لەگەڵ بنەمای گریمانەی بێتاوانی تۆمەتبار وە لەڕووی واقیعەوە ئەکاتە ئەوەی کە سزایەکە ئەسەپێنرێ بەسەر تۆمەتباردا لەگەڵ ئەوەی کە هێشتا دادگایی نەکراوە.

وە ئەوەی ئەم مەترسی یە زیاد ئەکات ئەوەیە کە لە چەندەها حاڵەتدا - کە کەم نین - بڕیار دەرئەچێت لە دادگاوە جا دادگای لێکۆڵینەوە بێت یان دادگای تایبەتمەند بە بێ تاوانی تۆمەتبارەکە ئەویش یان لەبەر کارەکە تاوان نەبووە ، یان نەبوونی بەڵگە لەدژی کە بیسەلمێنێت کە کارە تاوانکاریەکەی ئەنجامداوە ، وە ئەو ماوەیەکی لە ڕاگیرکرندا بەسەر بردووە وە ئەمە وائەکات کە ڕاهاتنەوەیان زەحمەت بێت لەبەرئەوەی لەوانەیە کارەکانیان و متمانەی خەڵکی پێیان لەدەستبدەن وە وایان لێ دێت کەببنە مایەی بەسوکدانانیان لەلایەن خەڵکی یەوە.

وە هەندێك جار بڕیار دەرئەچێت لە دادگاوە بە تاوانبارکردنی تۆمەتبارەکە بەڵام دادگا سزایەکی بەسەردا ئەسەپێنێت کە کەمترە لە ماوەی ڕاگرتنەکەی کە تۆمەتبارەکە بەسەریبردووە .

وە لەم حاڵەتەدا ڕاگرتن دائەنرێت بەدەستدرێژی کردن و پێشێلکردنی مافێکی بنەڕەتی لە مافەکانی مرۆڤ کە ئەویش ئازادبوونیانە ، وە دژوەستانەوەیەکی جەوهەری ئاشکرایە لەگەڵ بنەمای گریمانەی بێتاوانی تۆمەتبار ، وە ئەو پرسیارکردنە ئەوروژێنرێت دەربارەی چۆنیەتی قەرەبوکردنەوەی ئەو کەسانە و لایەنی بەرپرس لەدانی ئەو قەرەبووە.

لەبەر ئەوە وە لەپێناو دەرخستنی گرنگی ڕاگرتن و سروشتە یاسایی یەکەی و مەرجەکانی ، ئەم دەروازەیە دابەش ئەکەین بۆ دوو داواکاری بەم ووردەکاریەی کە دێت.

**داواکاری یەکەم : ماهیەتی راگرتن**

**داواکاری دووەم : مەرجەکانی راگرتن**

## داواکاری یەکەم : ماهیەتی ڕاگرتن

[89] ینظر: أحمد المهدي و أشرف الشافعي، مصدر سابق، ص1.

[90] ینظر: د. مصطفى العوجي، دروس في أصول المحاكمات الجزائية، ط1، بيروت، 2002، ص201.

بۆ دەرخستنی ماهیەتی ڕاگرتن ، لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەیی یەوە پێناسەی ئەکەین و دواتر ئەرك و فرمانەكانی و پاساوەکانی دیاری ئەکەین بەم شێوەیەی کە دێت:-

**لقی یەکەم**

**پێناسەی ڕاگرتن**

**ڕاگرتن لە ڕووی زمانەوانی یەوە :-** ڕاگرتن بنچینەکەی وەستانە وە وەستانیش پێچەوانەی دانیشتنە ، ئەو لە شوێنێك وەستا بە پێوە یان بەوەستانەوە وە ئەو وەستاوە[91].

**ڕاگرتن لەڕووی زاراوەوە :-** لە یاساکانی ڕێوشوێنە سزاییەکانی چەندەها دەوڵەت دەقێك نەهاتووە پێناسەی ڕاگرتن بکات بەڵکو هەندێکیان کورتیان هێناوە بە وەسف کردنی بەوەی ڕێوشوێنێکی لەڕێسابەدەرە لەوانە دەقی ماددەی (152) لەیاسای راستەی تاوانکاری مەغریبی کە تیایدا هاتووە کە (گرتنی یەدەك ڕێوشوێنێکی لەڕێسابەدەرە ).

هەروەها لەسەر هەمان شت لە ماددەی (133) ی یاسای ڕێوشوێنە تاوانی یەکانی جەزائیری سالی 1966 دا بەدەقهاتووە.

پێناسەکانی ڕاگرتنی تۆمەتبار جۆراوجورن لەلای یاسا ناسی لەوانە پێناسەی مامۆستا (محمود نجيب حسنی) کە پێناسەی کردووە بە (بردنی ئازادی تۆمەتبارەکە بۆ ماوەیەك لەکات کە پێویستی یەکانی لێکولێنەوە و بەرژەوەندیەکانی دیاری ئەکات )[92]، وە دکتۆر رەمسیس بەهنام پێناسەی ئەکات کەبریتیە لە (ڕێوشوێنێکی خۆپارێزیە کە لەدژی تۆمەتبار ئەگیرێتەبەر کە تاوانباری یەکەی نەسەلماوە بەشێوەیەکی دڵنیا ئەوەش لەپێناو ڕێگرتن لە هەڵهاتنی یان ڕێگرتن لەوەی کار بکاتە سەر بەڕێوەچونی لێکۆڵینەوە)[93].

هەندێکی تر پێناسەی ئەکەن بە (لێسەندنی ئازادی تۆمەتبارەکەیە بەدانانی لەبەندینخانە لەکاتی قۆناغەکانی رکابەری تاوانکاری یان بۆ ماوەیەك لە کاتی ئەو قۆناغە )[94].

وە پێناسە کراوە بە (لێسەندنی ئازادی تۆمەتبارەکە بۆ ماوەیەك لە کات کە پێویستیەکانی لێکۆڵینەوە و بەرژەوەندیەکەی دیاری ئەکات بە پێی چەند پێوەرێك کەیاسا بڕیاری داوە)[95].

هەندێکی تر پێناسەی کردووە بە (ڕێوشوێنێکی خۆپارێزیە بەرامبەر تۆمەتبارێك ئەگیرێتەبەر کە ئەچێتە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی)[96].

هەروەها پێناسەکراوە بە (ڕێوشوێنێکە بەهۆیەوە تۆمەتبار ئەکرێتە بەندینخانەوە لە هەموو ماوەی یان بەشێك لەو ماوەیەی کە ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دەست پێ ئەکات تا ئەو کاتەی بڕیاری کۆتایی لەو تۆمەتەی خراوەتە پاڵی دەرئەچێت)[97].

---

91 إبن منظور، لسان العرب، بيروت، 2002، المجلد (15)، ص263.

92 ينظر: د. محمود نجيب حسني، مصدر سابق، ص595.

93 ينظر: د. رمسيس بهنام، النظرية العامة للقصد الجنائي، منشأة المعارف-الأسكندرية، ط3، 1997، ص1119.

94 ينظر: د. آمال عبدالرحيم عثمان، مصدر سابق، شرح قانون الإجراءات الجنائية، ص519، و ينظر أحمد المهدي و أشرف الشافعي، مصدر سابق، ص4، و ينظر: د. مصطفى العوجي، مصدر سابق، ص201.

95 ينظر: د. مجدي محمود محب حافظ، الحبس الإحتياطي، بدون جهة نشر، 2004، ص26.

96 ينظر: Cornu (Gerard): Vocabulair Juridiqe "Paris", 1987, p263. و ينظر: د. أحمد عبداللطيف، الحبس الإحتياطي، دار النهضة العربية-القاهرة، 2003، ص56.

97 ينظر: François Çlerc: La detention preventive en suisse, R.S.C. 1975, P.63

وە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی پێشکەشکران لەسەرەوە بۆ ڕاگرتن ئەتوانرێت بوترێت کە ڕاگرتن بریتیە لەڕێوشوێنێکی لێکۆڵینەوەی کاتی کە پێویستیەکانی لێکۆڵینەوە ئەیخوازێت لە ڕێی ئەوەوە ئازادی تۆمەتبارەکە بۆ ماوەیەك لەکات ئەبرێت ئەویش بەپێی چەند پێوەرێکی یاسایی.

**لقی دووەم : پاساوەکانی ڕاگرتن لە یاساناسی دا :**

ئەو پاساوانەی کە یاساناسی هێناویەتیەوە بۆ پەنابردنی دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە بۆ ڕاگرتنی تۆمەتبار جۆراوجۆربوون وە ئەم پاساوانانە خۆیان ئەبیننەوە لەمەی خوارەوەدا :

1- ڕاگرتنی تۆمەتبار دڵنیایی یەکە بۆ جێبەجێکردنی سزاکە بەسەر تۆمەتبارەکەدا :- کۆمەڵێك لە یاساناسی ڕووی کردۆتە ئەوەی کەبڵێت کە ئەرکی ڕاگرتن خۆی ئەبینێتەوە لە دڵنیابوون لەجێبەجێکردنی سزاکە بەسەر تۆمەتباردا ، کە لەوانەیە تۆمەتبارەکە پەنابباتە بەر هەڵهاتن لەترسی دەرچوونی بڕیاری تاوانبارکردن لەدژی ، لەبەر ئەوە ڕاگرتن ڕێگر ئەبێت لەڕاکردنی وە لەئەنجامدا دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی سزاکە بەسەریدا)[98].

بەڵام لەم بارەیەوە ئەتوانرێت بوترێت کە ناتوانرێت پەنابردنی دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە بۆ ڕاگرتنی تۆمەتبار بەوە پاساو بکرێت کە هۆکارێك بێت بۆ جێبەجێکردنی کردنی حوکم ، لەبەر ئەوەی ئەمە مانای سەلماندنی تاوانەکەیە بەسەر هەرکەسێك کە ڕابگیرێت، وە ئەمەش ناگونجیت وە هەروەها توانای هەڵهاتنی تۆمەتبارەکان کەمە بەتایبەتی لە و دەوڵەتانەی گرنگی ئەدەن بە دەزگای پولێس و ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە شوێنکەوتنی تاوانباران و دەستگیرکردنیان.

وە سەرەڕای ئەمە ماوەی ڕاگرتن سنوردارکراوە بە ماوەیەکی دیاریکراو کە نابێت تێپەڕێنرێت لەبەر ئەوە دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە پەنائەباتە بەربەردانی تۆمەتبار بە کەفالەت بەتایبەتی لەو تاوانانەی کە یاسا بە پێویستی دانەناوە کە تۆمەتبار رابگیرێت تا دەرچوونی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لە داواکەدا[99].

2 - ڕاگرتن ڕێوشوێنێکە مەبەست لێی رازیکردنی هەستی گشتی یە بە دادپەروەری :

ڕایەك لە یاساناسی ئاراستەی وایە بڵێت کە مەبەست لە ڕاگرتن بریتیە لە رازی کردنی هەستی گشتی یە کە توشی شۆك بووە بە ئەنجامدانی تاوانە ئەنجامدراوەکە لەلایەن تۆمەتبارەوە و بڵاوکردنەوەی دڵئارامی لەدەروونی تاکەکانی کۆمەڵە[100].

بەڵام پاساوکردنی ڕاگرتن بە پشتبەستن بەم مەبەستە ئەبێتە هۆی بەرفراوانبوون لە بواری ڕاگرتندا، وە ڕازیکردنی هەستی گشتی نابێت بەڕاگتنی بێتاوانان بەرەوڕووی ببێتەوە[101].

بەڵکو ڕازی کردنی هەستی گشتی بە دادپەروەری ئەبێت لە ڕێگەی زانینی ئەنجامدەری راستەقینەی تاوانەکە و پێشکەش کردنی بۆ دادگایی کردن بێت بۆ ئەوەی سزای تاوانەکەی وەربگرێت لەبەرئەوەی کە هەموو مرۆڤێك وا دائەنرێت کە بێتاوانە وە نابێت هیچ مرۆڤێك رابگیرێت بە مەبەستی ڕازی کردنی هەستی گشتی ، لە بەرئەوەی

---

[98] ينظر: د. محمود نجيب حسني، مصدر سابق، ص768، و د، مأمون محمد سلامة، مصدر سابق، ص693، و حسن صادق المرصفاوي، أصول الإجراءات الجنائية، مصدر سابق، ص423.

[99] مثلاً في التشريع العراقي أن الجنايات المعاقب عليها بالإعدام فقط و كذلك جريمة الإختلاس و ذلك بموجب قرار مجلس قيادة الثورة المرقم (1286) في (1970/10/8)، التوقيف فيهما وجوبي لا يجوز إطلاق سراح المتهم بكفالة، أما في الجرائم الأخرى فإن توقيف المتهم يرجع إلى السلطة التقديرية للقاضي و حيث يجوز له إطلاق سراح المتهم بكفالة إذا كان ذلك لا يضر بسير التحقيق أو لا يؤدي إلى هروب المتهم.

[100] ينظر: Vouin (Robert), la detention proviso ire, 1970, chron, p.191.

[101] ينظر: د. أحمد فتحي سرور، الوسيط في قانون الإجراءات الجنائية، مصدر سابق، ص111.

لەوانەیە مرۆڤێکی بێتاوان بێت وە لەم حاڵەتەدا هەستی گشتی زیانی لێدەکەوێت بە ڕادەیەك کە زیاترە لەو ڕازیکردنەی کە دێتەدی بۆی لەکاتی ڕاگرتنی تۆمەتبارەکەدا[102] .

3 - **ڕاگرتنی تۆمەتبار ڕێوشوێنێکە لەڕێوشوێنەکانی ئاسایش:-**

کۆمەڵێکی تر لە یاساناسان بۆ ئەوە چوون کە ڕاگرتنی تۆمەتبار ناتوانرێت نکوڵی لە گرنگی یەکەی بکرێت لەبواری ئاسایش وئارامی دا ، بەو پێ یەی کە بەڕێوشوێنێك لە ڕێوشوێنەکانی کاتی دائەنرێت کە ئامانج لێی پاراستنی کۆمەڵگایە ، کە ئەبێتە ڕێگر لەبەردەم گەڕانەوەی تۆمەتبارەکە بۆ نجامدانی تاوانەکە ئەگەر بێت و ئازاد بکرێت ، وە ئەمە لە ناوەرۆکەکەیدا ئامانجێکی گەورەی تیادایە کە پاراستنی کۆمەڵگایە[103] .

هەروەها سەرەڕای ئەوەی کە لە ڕاگرتنی تۆمەتباردا مەبەستی پاراستنی کۆمەڵگای تیایە بەڵام هەروەها مەبەست لێی پاراستنی ئەنجامدەری تاوانەکەیە لە کاردانەوەی تاوانلێکراوەکە یان کۆمەڵگا ، لەبەرئەوەی کە تاوانەکە ئەبێتە هۆی دروستبوونی ئازار و زیان بۆ تاوانلێکراوەکە یان ئەندامانی خێزانی و بەوەی کە دەستدرێژی کردنەسەر هەست کردن بە ئاسایشی تاکەکانی تیایە ، ئەمە پاڵیان پێوە ئەنێت کە هەوڵ تۆڵەسەندنەوە لە تۆمەتبارەکە بدەن[104] ، لەبەرئەوە ڕاگرتنی تۆمەتبار ئەبێتە ڕێگر لەبەردەم ڕوونەدانی بەدیهاتنی ئەو کاردانەوانەی کە دروست ئەبێت لە ئەنجامدانی تاوانەکەی ، وە ڕاگرتنی و دورخستنەوەی بەشێوەیەکی کاتی لە شوێنی تاوانەکە و لەبەرچاوی تاوانلێکراوەکە و کەس وکاری و ئەبێتە هۆی دڵنەوایی یان[105] .

بەڵام ئەم لەبەرچاوگرتنە زانستی یە پاساوی ڕاگرتنی تۆمەتبارەکە ناکات لەبەرئەوەی نابێت لە پێناو پاراستنیدا زیانی پێ بگەیەنرێت ، وە هەروەها ئەم پاساوە مانای وایە کە ئەمە تاکە هۆکارە بۆ پاراستنی ئەوانەی گومانی ئەنجامدانی تاوانیان بەدەوردا ئەسوڕێتەوە ، لەبەر ئەوە مانای وایە توانای سەپاندنی یان گرتنەبەری ئەم ڕێوشوێنە هەیە بەسەر هەموو ئەوانەی کە ئەنجامدانی تاوانێکی خرابێتە پاڵ بە پشتبەستن بەم پاساوە ، وە هەروەها ئەم پاساوە مانای بێتوانایی دەسەڵاتی تیایە لە پاراستنی تۆمەتباران و دۆزینەوەی ڕێگای پێویست بۆ پاراستنیان .

4- **ڕاگرتنی تۆمەتبار لە ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوەیە :-**

زۆربەی یاساناسان بۆچوونیان وایە کە مەبەستی بنەڕەتی لە ڕاگرتن هەمان مەبەستی ویستراوە لە ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوە ، کە ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوە ئامانجی بەشداری کردنە لە بەدیهێنانی دادپەروەری ، ئەویش لەڕێی گەیشتن بەزانینی ڕووی ڕاستی لە داواکەدا لەڕێی لێکۆڵینەوە لە ئاستی ڕوودانی تاوانەکە و بوونی پایەکانی و کۆکردنەوەی ئەو بەڵگانەی کە پەیوەندیان پێوەی هەیە کە بەڵگەن بۆ گێڕانەوەی تاوانەکە بۆ تۆمەتبارەکە[106] .

لەبەر ئەوە مەبەستی بنەڕەت یان پاساوی سەرەکی لە ڕاگرتنی تۆمەتبار بریتیە لەوەی کە دائەنرێت بە هۆکارێك لە هۆکارەکانی لێکۆڵینەوە کە بەشداری ئەکات لە بەدیهێنانی دادپەروەری .

وە بەم پێ یە ڕاگرتنی تۆمەتبار هەندێك مەبەست یان ئامانج بەدی ئەهێنێت کە ئەتوانرێت لەم خاڵانەدا کۆبکرێتەوە.

ا - **مانەوەی تۆمەتبارەکە لە ژێردەستی دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە :-**

---

[102] ينظر: د. إبراهيم حامد طنطاوي، الحبس الاحتياطي دار النهظة العربية ، القاهرة 1999، ص20.

[103] ينظر: د. إسماعيل محمد سلامة، مصدر سابق، ص51، و ينظر: د. قدري عبدالفتاح الشهاوي، مصدر سابق، ص52.

[104] ينظر: د. محمد عبدالله محمد المر، مصدر سابق، ص31.

[105] ينظر: حسن يوسف مصطفى مقابلة، مصدر سابق، ص158، و ينظر: د. مصطفى العوجي، مصدر سابق، ص202.

[106] ينظر: إسماعيل محمد سلامة، مصدر سابق، ص52، و ينظر: د. محمد عبدالله محمد المر، مصدر سابق، ص29.

ئامـانج لـە ڕاگرتنـی تۆمـەتبار ئەوەیـە کـە بـەردەوام لـەژێر دەسـتی دەسـەڵاتی لێکۆڵینـەوەدا بێـت کـە بتوانێـت لـە هەرکاتێکدا بێت داوای بکات لە پێناو لێکۆڵینـەوە لەگەڵیـدا لـە هـەر ڕووداوێـك کـەتازە رووبـدات وە ڕوبەڕووکردنـەوەی بەهـەر بەڵگەیـەك کـە ئەدۆزرێتـەوە لـە بەرئـەوە ڕاگـرتن بـە باشـترین ڕێگـا دائـەنرێت بـۆ ووتـەوەگرتنی تۆمـەتبار لـە ماوەیەك بۆ ماوەیەکی تر یان ڕووبەڕووکردنەوەی لەگەڵ شایەتەکاندا، یان لەوانەیـە چـەند بابـەتێك و راسـتیەکی نـوێ دەربکەوێت کە پێویست ئەکات کە جارێکی تـر لێکۆڵینـەوە لەگـەڵ تۆمەتبارەکـەدا بکرێـت کـە پێشـتر ووتـەی وەرگـیراوە لەبەرئەوە زۆر پێویستە کە تۆمەتبارەکە لە بەردەستی دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەدا بێت لە هەرکاتێك کە داوای بکات[107] .

وەبەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەرکی لێکۆڵینەوە لە داوای تاوانیدا لە زۆر کاتیدا ئەرکێکی زەحمەتە ، لەبەرئەوە وا پێویست ئەکات کە تۆمەتبارەکە ئامادەبوونی هـەبێت لـەکاتی ڕێوشـوێنەکانی لێکۆڵینـەوە ، وە ڕاگـرتن دائـەنرێت بـە ڕێگایەك بۆ دڵنیابوون لەم ئامادەبوونە ، جا لە کاتی لێکۆڵینەوەی سەرتایی یان لە کاتی لێکۆڵینەوەی کۆتایی کە دادگای بابەتی پێی هەلئەسێت .

ب - پاراستنی بەلگەکانی تاوانەکە:-

وە ترسی ئەوە هەیە کە ئەگەر تۆمەتبارەکە ئازاد بکرێت پەنابباتە بەر شاردنەوەی بەڵگەکانی تاوانەکەی کـە خـراوەتـە پاڵێ یان شێواندنی شوێنەوارەکانی وە بەم شێوەیە بەڕێوەچوونی ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوە پەك ئەخات لە داوا تاوانی یەکەدا لەوەی کە بگاتە زانینی راستی و بەدیهێنانی دادپەروەری

ج- ڕێگرتن لە دەستێکەڵاوکردن :-

وە هـەروەها ڕاگرتنـی تۆمەتبارەکـە ئەبێتـە ڕێگـر لـە هەنـدێك جـاردا لـە بـەردەم پەیوەنـدیکردنی تۆمەتبارەکـە بـە هاوبەشەکانی یەوە لە ئەنجامدانی تاوانەکە بۆ ئەوەی بـەرگری کـردن لـەخۆیان ڕێـك بخـەن ، یـان هـەوڵ بـدەن شـایەتی ساختە بهێـنن کەببێتـە هـۆی گرانـی گەیشـتن بـە هاوبەشـەکانی تـر، یـان هەسـتێت بـە هەڕەشـەکردن لـە شـایەتەکانی سـەلماندن کـە شـایەتیەکەیان رووی ڕاسـتی لـە دژی دەرئەخـەن ، وە لەبەرئـەمـە ئـازادکردنی تۆمەتبارەکـە ئەبێتـە هـۆی شکستهێنانی لێکۆڵینەوە و شێواندنی ڕاستی[108] .

بەڵام ئەم خاڵە رەخنەی لێ ئەگیرێت بەوەی کە تۆمەتبارەکە هەرچەندە ڕاگیرابێت ئـەو ئـەتوانێت پەیوەنـدی بکـات بـە کەسانی تر جگە لەخۆی لە تۆمەتبارەکانی تر لەبەرئەوەی کە لە مافی تۆمەتبارەکەیە پەیوەندی بکات بە کەسانی ترەوە یان سەردانی بکەن لەو ماوەیەی کە ڕاگیراوە.

لەبەرئەوە وە دوای خستنەڕووی ئەم پاساوانە بۆ ڕاگرتنی تۆمەتبار ئێمە وا ئەبینین کە دواپاساو واتە دانانی ڕاگرتن بە ڕێوشوێنێك لەڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوە مەبەست و پاساوی سـەرەکی یـە بـۆ ڕاگرتنـی تۆمـەتبار ، لەبەرئـەوەی کـە لـە توێژینەوەی ئەو ماددانەی پەیوەندن بەڕاگرتن لە یاسای عیراقیدا ئەبینین کە یاسادانەری عێراقی حوکمەکانی ڕاگرتنی لەچوارچـێوەی ڕێگاکـانی تایبـەت بـە ناچـارکردنی تۆمـەتباردا هێنـاوە بـۆ ئامـادەبوونی و ئەمـە ئـەوە ئەگەیـەنێت کەیاسادانەری عیراقی ڕاگرتنی تۆمەتباری کردووە بە ڕێگایەك بۆ ڕێگرتن لە تۆمەتبارەکە لـە هـەڵهاتن وناچاکردنی بـە ئامادەبوون لەبەردەم دەسەڵاتەکانی لێکۆڵینەوەدا .

---

[107] ينظر: د. قدري عبدالفتاح الشهاوي، حجية الاعتراف كدليل ادانة ، منشأة المعارف الاسكندرية 2005، ص52.

[108] ينظر: د. أحمد فتحي سرور، مصدر سابق، ص113، و ينظر: د. خليفة كمندر عبدالله حسين، مصدر سابق، ص594.

وە لەلایەكی ترەوە یاسادانەری عیراقی ڕێی داوە بە دەسەلاتی لێكۆڵینەوە لە جگە لە وتاوانەی كە سزادراوە بە لە سێدارەدان[109] كە بڕیار دەربكات بە ئازادكردنی تۆمەتبارەكە بە كەفالەت ئەگەر بینی كە ئەوە زیان ناگەیەنێت بە بەڕێوەچوونی لێكۆڵینەوە و نابێتە هۆی هەڵهاتنی تۆمەتبارەكە[110] .

## داواكاری دووەم

## مەرجەكانی ڕاگرتن

چەند مەرجێكی بنەڕەتی هەیە كە پێویستە هەبێت لە كاتی ڕاگرتنی تۆمەتباردا لەوانە :-

### یەكەم

### ئەوتاوانەی كە تۆمەتبارەكەی تیادا ڕائەگیرێت .

زۆربەی یاسا تاوانیەكان ڕوویان كردۆتە ڕێپیدانی ڕاگرتنی تۆمەتبار لە تاوان و كەتندا وە ڕاگرتنیان قەدەغە كردووە لە سەرپێچیدا .

وە تاوان (جناية) بریتیە لەوەی كە یاسادانەر بڕیاری سزای سێدارەدان وبەندكردنی هەتاهەتایی یان كاتی بۆ داناوە ، وە دانانی تاوانەكە بە تاوان (جناية) بە ڕەچاوكردنی ئەو سزایە دەبێت بەپێی یاسا بۆی بڕیار دراوە بۆ تاوانەكەی كە تۆمەتبارەكە ئەنجامی داوە كە ئەوە پێوەری پۆلێنكردنی تاوانەكانە.

تایبەتمەندی دیاری كردنی وەسفی یاسایی تاوانەكە ئەگەڕێتەوە بۆ دەسەلاتی لێكۆڵینەوە، كە بڕیاری ڕاگرتنی تۆمەتبارەكە دەرئەكات وە بەو پێ یە فەرمانی دەركراو بە ڕاگرتنی تۆمەتبارەكە یاسایی ئەبێت هەركاتێك باوەڕ وابوو كە كردارەكە تاوانە (جناية) و بەو وەسفە هەواڵە بكرێت ، ئەگەر دادگای تایبەتمەندیش بڕیاربدات كە وەسفی یاسایی ڕاستی كردارەكە كەتنە یان سەرپێچی یە و تاوان(جناية) نیە .

وە كەتن (جنح ) لەو تاوانانەیە كە سزادراوە بەحەبسكردن بۆ ماوەی سێ مانگ بۆ پێنج ساڵ یان غەرامە ، بەڵام سەرپێچی بریتیە لەو تاوانەی كە سزادراوە بە حەبسكردن بۆ ماوەی بیست وچوار كاتژمێر بۆ سێ مانگ و غەرامەیەك كە بڕەكەی لەسی دینار زیاترنەبێت[111].

یاسادانەری عێراقی ئەو تاوانانە دیاری ئەكات كە تیایدا ڕێپێدراوە كە تۆمەتبارەكە رابگیرێت ئەویش بەپێی گەورەیی ئەو سزایەی بڕیاردراوە بۆ تاوانەكە ئەویش بە پێی ئەم وردەكاری یەی كەدێت :

**أ- ئەو تاوانانەی سزادراون بە لەسێدارەدان :**

ئەگەر تاوانە ئەنجامدراوەكە لەلایەن كەسێكەوە یاسا سزای بدات بە سزای لەسێدارەدان لەم حاڵەتەدا پێویستە رابگیرێت تا دەرچوونی بڕیارێكی یەكلاكەرەوە سەربارەت بەتاوانەكە لەلایەن دادگاری لێكۆڵینەوە یان دادگا سزایی یەكە ، وە لەسەر ئەمە بەدەقهاتووە لە ماددەی (19/ب) لەیاسای بنەماكانی دادگایی كردنی سزایی عێراقی وەك ئەڵێت (پێویستە دەستگیركراوەكە ڕابگیرێت ئەگەر تۆمەتباركرابوو بەتاوانێك سزادرابوو بە لەسێدارەدان ) .

---

109 و كذلك جريمة الإختلاس إستناداً لقرار مجلس قيادة الثورة المرقم (1286) في (1970/10/8).

110 ينظر: المادتين (109/ أ، 110/ أ) من قانون أصول المحاكمات الجزائية العراقي.

111 ينظر: المواد (24) إلى (27) من قانون العقوبات العراقي المرقم (111) لسنة (1969).

سەرەڕای ئەمە تاوانەکانی بردنی ماڵی دەوڵەت (اختلاس) ، وە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (1286) دەرچووە لە (1970/10/8 ) نابێت ئازادکردنی بەکەفالەتی تیادابێت تا دەرچوونی بڕیارێك یان حوکمێی کۆتایی لەداواکە دا[112] .

ب- ئەو تاوانانەی سزادراون بە زیندانی هەتاهەتایی یان کاتی یان حەبس کردن ماوەیەك زیاتربێت لە سێ ساڵ :-

لەم تاوانانەدا ئەسڵ ڕاگرتنی تۆمەتبارە لەبەرئەوەی کە دادوەر بۆی هەیە بڕیاری ڕاگرتنی تۆمەتبار بدات ماوەیەك زیاتر نەبێت لە پانزە ڕۆژ لەهەر جاێکدا، بەڵام دادوەریش بۆی هەیە کە بڕیاری ئازادکردنی تۆمەتبار بدات بە بەڵێننامەیەك لەگەڵ کەفالەتی کەسێکی دڵنیاکەر یان بەبێ ئەوە ئەگەر ئەو ئازادکردنە زیان نەگەیەنێت بە بەڕێوەچوونی لێکۆڵینەوە یان نابێتە هۆی هەڵهاتنی تۆمەتبارەکە.

کە ماددەی (109/ا) لە یاسای بنەماکانی دادگایی سزایی بەدەق هێناویەتی کە ( ئەگەر کەسە دەستگیرکراوەکە تۆمەتبار کرابێت بە تاوانێکی سزادراو بە حەبس ماوەیەك لەسێ ساڵ زیاتربێت یان بەزیندانی کردنی هەتاهەتایی یان کاتی بۆ دادوەر هەیە کە فەرمان بدات بەڕاگرتنی ماوەیەك لە پانزە ڕۆژ زیاتر نەبێت لەهەر جارێکدا یان بڕیاربدات بە ئازادکردنی بە بەڵێننامەیەکی هاوپێچ لەگەڵ کەفالەتکردنی کەسێکی دڵنیاکەر یان بە بێ ئەوە ، کە ئامادە بێت هەرکاتێك داوای لێکرا ،ئەگەر دادوەر بینی کە ئازادکردنی تۆمەتبارەکە نابێتە هۆی هەڵهاتنی و زیان ناگەیەنێت بەبەڕێوەچوونی لێکۆڵینەوە ) .

ج- ئەو تاوانانەی سزادراون بەحەبس کردن بۆ ماوەی سێ ساڵ یان کەمتر یان بە غەرامە :-

ئەگەر کەسە دەستگیرکراوەکە تۆمەتبار کرابوو بە تاوانێکی سزادراو بە حەبس بۆ ماوەی سێ ساڵ یان کەمتر یان بە غەرامە ، ئەسڵ لەم حاڵەتەدا ڕانەگرتنی تۆمەتبارەکەیە بەڵکو ئازادکردنی بەکەفالەتە بەڵام ئەگەر دادوەر باوەڕی وابوو کە ئازادکردنی زیان ئەگەیەنێت بە بەڕیوەچوونی لێکۆڵینەوە یان ئەبێتە هۆی هەڵهاتنی، واتە ئازادکردنی تۆمەتبارەکە لەم حاڵەدا ئەسڵە و ڕاگرتنی لەڕێسابەدەرە، کە لەسەرئەوە ماددەی (110/ا) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی بە دەق هێناویەتی کە (ئەگەر دەستگیرکراوەکە تۆمەتبار کرابوو بە تاوانێکی سزادراو بەحەبس بۆ ماوەی سێ ساڵ یان کەمتر یان بە غەرامە ئەبێت دادوەر ئازادی بکات بە بەڵێننامەیەکی هاوپێچ بەکەفالەت یان بەپێ ئەوە ئەگەر نەیبینی کە ئازادکردنی زیان ئەگەیەنێت بە بەڕێوەچوونی لێکۆڵینەوە وە یان ئەبێتە هۆی هەڵهاتنی).

د- لەحاڵەتی ئەنجامدانی سەرپێچی :-

ئەگەر تاوانە خراوە پاڵ دەستگیرکراوەکە لە جۆری سەرپێچی بوو لەم حاڵەدا نابێت ڕابگیرێت جگە ئەگەر جێگەی نیشتەجێبوونی دیاری کراوی نەبوو ، کە لەسەر ئەوە ماددەی (110/ب) لە یاسای بنەماکانی دادگایی سزایی بەدەقهێناویەتی کە ئەڵێت (ئەگەر دەستگیرکراوەکە تۆمەتبار کرابوو بەسەرپێچیکردن نابێت رابگیرێت جگە ئەگەر جێگەی نیشتەجێبوونی دیاری کراوی نەبوو).

بەڵام سەبارەت بە نەوجەوانان یاسادانەری عێراقی وەك چاودێریکردنی تۆمەتباری نەوجەوان ڕێی نەداوە بەڕاگرتنی لەسەر پێچیدا و ڕێیداوە رابگیرێت لەکەتن و تاواندا (جناية) و ئەویش بە مەبەستی پشکنینی و تۆێژینەوەی کەسایەتی

---

[112] إلا أن هذا القرار ألغي بالقرار المرقم (38) والصادر عن مجلس قيادة الثورة في (1993/2/27) والتي تقضي بعدم جواز إطلاق سراح المتهم بجريمة الإختلاس أو السرقة أو الرشوة سواء أكان في دور التحقيق ام المحاكمة حتى صدور قرار أو حكم بات في الدعوى؛ و جدير بالذكر بأنه في إقليم كوردستان فإن القرار الأول هو المطبق حالياً حيث أن القرارات الصادرة بعد تأريخ سحب الإدارات من قبل الحكومة العراقية في (1991/10/23)، لا تنفذ في إقليم كوردستان إلا بعد تصديقها من قبل السلطة التشريعية لهذا الإقليم حيث أصدر المجلس لكوردستان العراق قراره المرقم (11) في (1992/8/31) نصت الفقرة الثانية منه على أنه: (لا يعمل بأحكام القوانين والقرارات والأنظمة والتعليمات الصادرة أو التي ستصدر عن سلطات الحكومة المركزية بعد سحب الإدارات الحكومية من إقليم كوردستان في (1991/10/23) إلا بعد إقرار مشروعية سريانها في الإقليم من قبل المجلس الوطني لكوردستان العراق.

یەکەی یان لە کاتی نەبوونی کەفیلێك بۆی ) وە لەسەرئەوە بە دەقهاتووە لەماددەی (52/یەکەم) لەیاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (76)ی ساڵی (1983) کە ئەڵێت (نابێت نەوجەوان رابگیرێت لە سەرپێچی یەکانـدا وە ئەکرێت رابگیرێت لەکەتن وتاواندا بەمەبەستی پشکنینی و تویژینەوەی کەسایەتی یەکەی یان نەبوونی کەفیل).

**دووەم**

**بوونی بەڵگەی تەواو لەدژی تۆمەتبارەکە**

لە هەندێ یاسادا بەس نیە بۆ دەرکردنی بڕیار بەڕاگرتنی تۆمەتبارەکە تاوانەکە لەو تاوانانە بێت کە ڕاگرتنی تیادا ڕێپێدراوە ، بەڵکو هەروەها ئەبێت چەند هۆ و بەڵگەیەکی تەواو هەبن کە تۆمەتبارەکە ئەو تاوانەکەی ئەنجامداوە کەخراوەتە پاڵی[113] .

لەبەرئەوەی کە ڕاگرتن لەو ڕێوشوێنانەیە کە دەست ئەبات بۆ ئازادی تاکەکان لەبەرئەوە بوونی بەڵگەی تەواو لە دژی تۆمەتبارەکە مەرجێکە ئەبێت هەبێت بۆ گرتنەبەری هەر ڕێوشوێنێك کە دەستبردن بۆ ئازادی تاکەکان بگرێتە خۆ ، وە ئەو بابەتەیە کە پاساوی ئەو دەست بۆ بردنە ئەکات ، وە ئەگەر نا ڕێوشوێنەکە زیادەڕۆیی و پوچەڵ ئەبێت.

وە بەم شێوەیە کاتێك بەڵگە تەواوەکان ئاماژە ئەکەن کە کەسێکی دیاریکراو تاوانێك یان کەتنێکی ئەنجامداوە ئەو کاتە چارنیە ئەبێت قوربانی بە مافەکەی بدرێت لە ئازادی یە کەسی یەکەی بۆ بەرژەوەندی ماق کۆمەڵگا بۆ گەیشتن بە زانینی تاوانکار و سزادانی[114] .

وە مەبەست لە بەڵگە تەواوەکان :-(نیشانە بەدەستخراوەکانە لە ڕووکەشی حاڵەتەکە ،بەبێ چوونە ناو قوڵایی و وردکردنەوەی و هەڵگێرانەوەی ڕایەکان تیایدا کە ناگاتە ڕیزی بەڵگە ......)[115] .

بەم پێ یە بەڵگە تەواوەکان وەسفێکە ئاماژە ئەکات بۆ گومان یان نیشانە دەرەکی یەکان کە پێویست ئەکات پەنجەی تۆمەتبارکردن بە دیاریکراوی ئاراستەی تۆمەتبارەکان بکرێت ، وە لەکاتی بوونیدا وا دەکات کە ئەو ڕێوشوێنەی گیراوەتە بەر دروست بێت ئەگەر دواتریش دەرکەوت کە ئەو گومانانە ستەمیان تیابووە و بنەمایان نەبووە لە واقعی بەرجەستەدا، هەر کاتێك پاساوی هەبوو لە هزری ئەو لایەنەی فەرمانی داوە بە گرتنەبەری وە ئەو بڕیاری داوە کە بوونی هەبێت[116] .

وە دەسەڵاتی تایبەتمەند بە لێکۆڵینەوە ئەو بڕیار ئەدات لە ئاستی بوونی بەڵگە لە دژی تۆمەتبارەکە بە ڕەچاوکردنی ئەو زانیاریە بەردەستانە و بەراوردکردنی بە بارودۆخی چواردەوری ڕووداوەکە، بە پێی ئەوە تەنها بەسی نی یە بۆ ڕاگرتنی تۆمەتبارەکە کە تاوانێك ڕوویدابێت و لە پلەیەکی دیاریکراو دابێت لەگەورەیی و مەترسی ، یان ئەو کەسەی کە تۆمەتەکەی ئاراستەکراوە خاوەن پێشینەی تاوانی و بەدناوی و هەڵسوکەوتی خراپ بێت ، ئەوانە بە تەنها بەس نی یە بۆ دەرکردنی بڕیار بەڕاگرتنی بەڵکو پێویستە چەند بەڵگەیەکی تەواو هەبێت کە سەرنج رابکێشێت بۆ باوەڕکردن کە پەیوەندی هەیە لە نێوان ئەو و تاوانە ئەنجامدراوەکە جا وەك ئەنجامدەر یان هاوبەش لەتاوانەکەدا[117] .

---

113 ينظر: د. غانم محمد الحجي المطيري، شرح اجراءات التحقيق الابتدائي ، الكويت ط 1997، ص410.

114 ينظر: د. أحمد عبداللطيف، الحبس الحتياطي ، دار النهظة العربية ، القاهرة 2003، ص95.

115 نقلاً عن: د. رؤوف عبيد، مصدر سابق، ص321.

116 ينظر: د. أحمد عبداللطيف، نفس المرجع، نفس الصفحة.

117 ينظر: د. محمد عبدالله محمد المر، مصدر سابق، ص175.

واته بوونی چەند بەڵگەیەکی بەرچاو کەوا لە دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە بکات کە باوەڕی وابێت کە تاوانەکە بخرێتە پاڵ تۆمەتبارەکە ، لەسەرئەوە ئەتوانرێت بۆترێت کە بەڵگە تەواوەکان بریتیە لە کۆمەڵێك رووداوی ئاشکراو بەرجەستە کە لێوەی بەرهەم ئەهێنرێت کە کەسێکی دیاری کراو ئەنجامدەری تاوانەکەیە .

وە تەنها هەواڵدان لە بوونی تاوانێك ناگەتە پلەی بەڵگە تەواوەکان ، بەڵکو پێویستە لەسەر دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە کە ئەوەی لە هەواڵدانەکەدا هاتووە پشت ئەستووری بکات لەڕێی داواکردن لە پۆلیس کە هەستێت بە دواداچوون و پرسیارکردن لە شایەتەکان و هەواڵدەرەکە لەهەر زانیاری یەك کە سوودی هەبێت بۆ ڕاستی ئەنجامدانی تۆمەتبارەکە بۆ ئەو تاوانەی خراوەتە پاڵی[118] .

لەبەرئەوە هەڵهاتنی تۆمەتبار دانانرێت بە بەڵگە تەواوەکان و دروست نی یە دابنرێت وەك بەڵگەیەك لەسەر ئەنجامدانی تاوانەکە[119] ، وە هەندێك لەیاساکان بەڕاشکاوی بەدەقهێناویانە کە پێویستە بەڵگەی تەواو هەبێت بۆ ڕاگرتنی تۆمەتبارەکە.

وە لەوانە یاسای ڕێوشوێنەکانی تاوانی میسری کە بەدەقهاتووە لەماددەی (134) یدا کە (ئەگەر دەرکەوت دوای ووتەوەرگرتنی تۆمەتبارەکە یان حاڵەتی هاڵهاتنی ، کە بەڵگەکان تەواون ، وە ڕوداوەکە تاوانێك (جناية) یان کەتنێکی (جنحة) سزادراو بەحەبس کردن بۆ ماوەیەك زیاتر بێت لە سێ مانگ ، ئەو کاتە بۆ دادوەری لێکۆڵینەوە هەیە کە فەرمانێك دەربکات بە ڕاگرتنی تۆمەتبارەکە بەشێوەیەکی یەدەك......)

لەسەر هەمان بابەت بەدەقهاتووە لە ماددەی (106) ی یاسای ڕێوشوێنە سزایی یەکانی یەکێتی دەوڵەتی میرنشینەکانی ئیماراتی عەرەبی یەگگرتوو ، هەروەها بەدەقهاتووە لەماددەی (113) لە سیستمی ڕێوشوێنەکانی سزایی سعودی کە دەڵێت ( ئەگەر دەرکەت دوای ووتە وەرگرتنی تۆمەتبارەکە یان لە حاڵەتی هەڵهاتنی کە بەڵگەکان تەواون لەدژی لەتاوانێکی گەورەدا ، یان بەرژەوەندی لێکۆڵینەوە وا ئەخوازێ کە ڕابگیرێت بۆ ڕێگرتن لە هەڵهاتنی یان کارکردنە سەر بەرێوەچوونی لێکۆڵینەوە ئەو کاتە پێویستە لەسەر لێکوڵەرەوە کە فەرمان دەربکات بە ڕاگرتنی بۆ ماوەیەك کە زیاتر نەبێت لە پێنج رۆژ لە بەرواری دەستگیرکردنی) .

وە یاسادانەری ئیتالی بەڵگەی تەواوی بەزاراوەی بەڵگەی ترسناك هێناوە کە بەدەقی هێناوە لە ماددەی (1/273) لە یاسای ڕێوشوێنەکانی سزایی ئیتالی کە (نابێت هیچ تاکێك بخرێتە ژێرباری ڕێوشوێنی پارێزکاری یەوە جگە لەوەی کە بەڵگەی ترسناك هەبێت لەسەر تاوانباربوونی) .

وە لە ئینگلتەرا یاسای پۆلیس و بەڵگەی ئینگلیزی ساڵی 1984 بەدەقی هێناوە لەبەشی (25)یدا لەسەر پێویستی بوونی هۆیەکی بەرچاو وا لە لایەنی لێکوڵەرەر بکات کە باوەڕی وابێت کە تۆمەتبارەکە تاوانەکەی ئەنجامداوە)[120] .

وە هەروەها لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا یاسای ڕێوشوێنەکانی سزایی یەکێتی ئەمریکی ساڵی 1974 پێویستی بوونی چەند هۆیەکی بەرچاوی بەدەقیهێناوە کە ببێتە هۆی باوەڕبوون بە نجامدانی کەسێك بۆ تاوانەکە بۆ ئەوەی بتوانرێت ڕێوشوینی ڕاگرتن لەدژی بگیرێتەبەر[121] .

---

118 ينظر: د. عوض محمد عوض، المبادىء العامة في الاجراءات الجنائية ، دار المطبوعات الجامعية ، مصر 1999، ص434.

119 ينظر: د. إبراهيم حامد طنطاوي، مصدر سابق، ص59.

120 ينظر: SH. Barley, D.J.Harries, civil liberties: cases and materials, third edition, Butter worths, London, 1991,p.1040

121 ينظر: د. محمد عبدالله محمد المر، مصدر سابق، ص177.

لەكاتێدا ئەبینین كـە چـەند یاسایەك هەیـە پێویستی بـوونی بەڵگـەی تـەواوی لـەدژی تۆمـەتبار بـەدەق نـەهێناوە بـۆ دەركردنی بڕیار بە ڕاگرتنـی ، لەوانـە یاسادانـەری فەرەنسی كـە ئـەم مەرجـەی بەدەقنـەهێناوە ، وە بـۆ پاساوی ئـەوە وتراوە كە ئەوە مەرجێكی دیار و زانراوە و پێویست بەدەقێك ناكات كە بڕیاری بدات[122] .

وە هەندێك لەیاسا عەرەبی یەكان لەسـەر هـەمان ئاراسـتە رۆیشـتوون ، لەوانـە یاسـای ئـەردەنی و تونسـی وجـەزائیری و كوەیتی و سوری .

**هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی :**

یاسادانەری عێراقی لەكاتی ڕێكخستنی ڕاگرتندا پێویستی بوونی بەڵگەی تەواوی لەدژی تۆمـەتبار بـەدەق نـەهێناوە بـۆ دەركردنی بڕیار بە ڕاگرتنی وە بەڕای ئێمە ئەمە بە هەڵوێستێكی ئاسایی دائـەنرێت لەبەرئـەوەی یاسادانەری عێراقـی زاراوەی تۆمەتباری بەكارهێناوە بۆ ئەو كەسەی كەبڕیار دەرئەكرێت بەڕاگرتنی .

وە تۆمەتبار لایەنی دووەمە لە داوای سزاییدا وە ئەو كەسەیە كە بەڵگە لەدژی یان نیشانەی بەهێزی تەواو هەبووە بـۆ ئاراستەكردنی تۆمەتباركردن بۆی و جوڵاندنی داوای سزایی لەدژی[123] .

بەم شێوەیە بۆمان دەردەكەوێت كە تۆمـەتبار ئـەو كەسـەیە كـە لـەلای دەسـەڵاتی لێكۆڵینـەوە و دادگایی كـردن چـەند بەڵگەیەك هەیە كە ئەو دەستی هەبووە لە تاوانە ئەنجامدراوەكە . لەبەرئەوە پێوسـت ناكـات بگـەڕێین بـەدوای بەڵگـەی تەواودا لەكاتی دەركردنی بڕیار بۆ ڕاگرتنی لەكاتێكدا كە بەڵگە هەبووە لەكاتی جوڵاندنی داوای سزایی لەدژی ، وە ئـەم بەڵگانە سوودی لێوەردەگیرێت بۆ گرتنەبەری هەر ڕێوشـوێنێك لـەدژی وەك دەرگردنـی بڕیـار بـە دەسـتگیركردنی یـان ڕاگرتنی یان پشكنینی یان ووتەوەرگرتنی یان پشكنینی خوێنی یان مووی یان نینۆكی وە هەتا دوایی لەو ڕێوشـوێنانەی كە بەدەقهاتووە لە یاسای بنەماكانی دادگایی كردنی سزایی.

## سێ یەم

## ووتەوەرگرتنی تۆمەتبار پێش دەركردنی بڕیاری ڕاگرتنی

ووتەوەرگرتن ( الاستجواب ) وەك ڕونمان كردەوە بریتیە لـە بیستنی ووتـەكانی تۆمەتبارەكە و گفتوكۆكردن لەگەڵیـدا لـەو ڕوداوانـەی كـە خراوانـەتـە پـاڵی وە خستنەڕووی بـەرگری یەكـەی لـە تۆمەتەكە و یـان دانپیانـانی بەتۆمەتەكە و تۆێژینەوەی ئەوەی دانی پیائـەنێت و بـەراوردكردنی لەگـەڵ ئـەوەی لێكۆڵینـەوە پێـی گەیشـتووە ، ئـەوەش بـۆ گەیشـتن بەڕاستی ڕوداوەكـە و ئاسـتی بەرپرسـیاریـەتی تیایدا یـان بێتاوانی تیایدا[124] .

---

[122] ینظر: Jeam Pradel, la reforme de la detention preventive, gaz, pal.1072, post.p.10

[123] ینظر: د. سامي صادق الملا، اعتراف المتهم ، المطبعة العالمية –مصر 1986، ص28.

[124] ینظر: د. إسماعيل محمد سلامة، مصدر سابق، ص100.

کەواتە ووتەوەرگرتن بریتیە لە گفتوگۆکردن لەگەڵ تۆمەتبارەکە لەو تاوانەی ئەنجامدراوە و ڕووبەڕووکردنەوەی بەو بەڵگانەی لەدژی وەستاون ، و گوێگرتن لە بەرگری یەکەی سەبارەت بەوەی پێشکەش ئەکرێت لە بەڵگەو سەلماندنەکان ، وەبەم شێوەیە ئامانج لە گفتوگۆکردن لەگەڵ تۆمەتبارەکە بە ووردەکاری یەوە لەکاتی ووتە وەرگرتنی بریتیە لە گەیشتن بەوەی ئایا ئەو ئەو کەسەیە کە تاوانەکەی ئەنجامداوە ، یان بە پێچەوانەی ئەوەوە گەیشتن بەبێتاوانی تۆمەتبارەکە لەو تاوانەی خراوەتە پاڵی[125] .

وە بە بەرچاوگرتنی ترسناکی ڕاگرتن لەڕووی دەستبردن بۆ ئازادیە کەسی یەکەی پێش بڕیاردان لە تاوانبارکردنی، زۆربەی یاساکان پێویستیان کردووە کە تۆمەتبارەکە ووتەی وەربگیرێت پێش بڕیاردان لەڕاگرتنی بەوپێ یەی کە ووتەوەرگرتن دوو مەبەست ئەهێنێتەدی ، کە ئەو لە لایەکەوە هۆکاری بەرگری یە بۆ تۆمەتبارەکە بە هۆیەوە بەڵگە وەستاوەکان لەدژی پوچوڵ ئەکاتەوە لەبەرئەوەی کە تۆمەتبار بۆی هەیە بەرپەرچی بەڵگە پێشکەشکراوەکان لەدژی بداتەوە و داوای بانگهێشتکردنی شایەتەکان بکات وتوێژیان لەگەڵدا بکات[126]، وە لە لایەکی ترەوە دائەنرێت بە هۆکاری لێکۆڵینەوە بۆ دەرخستنی ڕاستی یەکان و گەیشتن بە زانینی ئەنجامدەری تاوانەکە، لە بەرئەوەی کە بەهۆی ووتەوەرگرتنەوە دەسەلاتی لێکۆڵینەوە ئەتوانێت بە ووردەکاری وتوێژ لەگەڵ تۆمەتبارەکە بکات لەو تۆمەتەی خراوەتە پاڵی و ڕووبەڕووکردنەوەی بەو بەڵگانەی لەدژی کۆکراونەتەوە و ڕاوەرگرتنی سەبارەت بەو بەڵگانە بە مەبەستی گەیشتن بەڕاستی یەکان[127] .

لەبەرئەوە حیکمەت لە ووتەوەرگرتنی تۆمەتبارەکە پێش دەرکردنی بڕیار بە ڕاگرتنی بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە پێویستە ئەوەی تۆمەتبارەکە ڕوونی ئەکاتەوە لە لایەنەکانی بەرگریکردن بەڕووی ئەو تۆمەتەی خراوەتە پاڵی بزانرێت ، لەبەرئەوەی لەوانەیە دەسەڵاتی لێکوڵینەوە دوای ئەوەی ووتەی تۆمەتبارەکە وەرئەگرێت بگاتە قەناعەتێك کە تۆمەتبارەکە ئەو تاوانەی خراوەتە پاڵی ئەنجامی نەداوە، کەواتە لەو کاتەدا پێویستە بڕیاری بێتاوانی یەکەی بدرێت، یان هەندێك جار دادگا قەناعەت ئەکات دوای ووتەوەرگرتنی تۆمەتبارەکە کە تۆمەتبارەکە هەستاوە بە ئەنجامدانی تاوانێکی تر جگە لەو تاوانەی کە لە پێناویدا بانگهێشت کراوە، وە لەوانەیە ئەو تاوانە لەو ئاستی مەترسیداری یەدا نەبێت کە پێویست بکات تۆمەتبارەکە لە پێناویدا رابگیرێت .

وە بۆ دڵنیابوون لە ووتەوەرگرتنی تۆمەتبارەکە پێش دەرکرنی بڕیار بە ڕاگرتنی ئەبینین کە زۆربەی یاساکان بنەماکانی ووتەوەرگرتنیان ڕێکخستووە پێش چوونە ناو حوکمەکانی ڕاگرتن لەوانە یاسای راستەی تاوانکاری مەغریبی کە حوکمەکانی ووتەوەرگرتنی ڕێکخستووە لە وەرزەکانی (149 تا 151) لە کاتێکد بنەماکانی ڕاگرتنی ڕێکخستووە لەچوارچێوەی وەرزەکانی (152 تا 164) لە هەمان یاسا .

هەروەها یاسادانەری میسری کە حوکمەکانی ووتەوەرگرتنی ڕێکخستووە لە ماددەکانی (123 تا 125) لە یاسای ڕێوشوێنەکانی تاوانی لە کاتێکدا حوکمەکانی ڕاگرتنی ڕێکخستووە لەماددەکانی (134 تا 143) لەهەمان یاسادا.

وە سەرەڕای ئەمە هەندێك لە یاساکانی تر بە ڕاشکاوی بەدەقیان هێناوە کە پێویستە تۆمەتبارەکە ووتەی وەربگیرێت پێش دەرکردنی بڕیار بە ڕاگرتنی لەوانە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی ئەردەنی کە بەدەقیهێناوە لە ماددەی

---

125 ينظر: د. محمد عبدالله محمد المر، مصدر سابق، ص179.

126 ينظر: المادة (124) من قانون أصول المحاكمات الجزائية العراقي.

127 ينظر: د. أحمد عبداللطيف، مصدر سابق، ص104.

(1/114 ) لەو یاسایە کە (دوای ووتەوەرگرتنی سکاڵا لەدژکراو بۆ داواکاری گشتی هەیە کە بڕیاری ڕاگرتنی دەربکات لەدژی بۆ ماوەیەك کە زیاتر نەبێت لە پانزە ڕۆژ )[128].

وە یاسادانەری سوری ڕاگرتنی تۆمەتباری بەبێ ووتەوەرگرتنی بە کارێکی زیادەڕەوی داناوە کە بەدەقی هێناوە لە ماددەی (105) لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی کە (ئەگەر داوالەسەرکراو ڕاگیرا بە بێ فەرمانی ئامادەکردن و لە نەزارەتدا زیاتر لەبیست وچوار کاتژمێر مایەوە بەبێ ئەوەی ووتەی وەربگیرێت یان ببرێت بۆ لای جێگری گشتی بە پێ ی ئەوەی لە ماددەی پێشوتردا هاتووە ئەو کاتە ڕاگرتنی بە کارێکی زیادەڕۆیی دائەنرێت وە فەرمانبەی بەرپرس تاوانی دەستبەسەرکردنی ئازادی کەسی ئەخرێتە پاڵ کە بە دەقهاتووە لە ماددەی (358) لەیاسای سزاکان ).

**هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی :**

یاسادانەڕی عێراقی بە پێچەوانەی یاساکانی تر حوکمەکانی ڕاگرتنی پێش حوکمەکانی ووتەوەرگرتن ڕێکخستووە کە ماددەکانی (109 تا 120) ی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی عێراقی تایبەت کردووە بە حوکمەکانی ڕاگرتن وئازادکردن بە بەڵێنامەیەکی هاوپێچ بە کەفالەتێك یان بەبێ ئەو ، لەکاتیکدا لە ماددەکانی (123تا 129) لە هەمان یاسا حوکمەکانی ووتەوەرگرتن و بابەتەکانی تر کە پەیوەندی پێوە هەیە ڕێکخستووە[129].

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ لە بواری کارکردندا تۆمەتبارەکە ڕابگیرێت و دواتر ووتەی وەرئەگیرێت ، لەبەرئەوەی کە تۆمەتبار دەستگیر ئەکرێت لەماوەی بیست وچوار کاتژمێردا ووتەکانی وەرئەگیرێت وە دواتر بڕیار دەرئەکرێت بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەویش یان بەڕاگرتنی یان ئازادکردنی وە ئەمە بەدەقهاتووە لە ماددەی (123) لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی کە ئەبێت (پێویستە لەسەر دادوەری لێکۆڵینەوە یا لێکوڵەر کە ووتەی تۆمەتبارەکە وەربگرن لە ماوەی بیست وچوار کاتژمێر لە ئامادەکردنی دوای دڵنیابوون لە کەسایەتی یەکەی و ئاگادارکردنی بەو تاوانەی خراوەتە پاڵی....)

ئەمە واتای ئەوەیە کە پێویستە تۆمەتبارەکە ووتەی وەربگرێت لەماوەی بیست وچوار کاتژمێر لە ئامادەبوونی وە دوای ئەوە دادوەر بڕیار ئەدات بە ڕاگرتنی ئەگەر پێویستی کرد.

ئەوەی شایانی باسە کە یاسادانەری ئیتالی وە بە پێچەوانەی ئەوەی پێشتر ووترا ڕێی داوە بە ڕاگرتنی تۆمەتبارەکە پێش ووتەوەرگرتنی کە ئەبینین لەماددەی (294 /1) لەیاسای ڕێوشوێنەکانی تاوانی ئیتالیدا بەدەقهاتووە کە ( دادوەر لەکاتی ئەنجامدانی بەدواداگەڕانی سەرەتایی هەڵئەسێت بەووتەوەرگرتنی ئەو کەسەی کە لە حەبس کردنی یەدەگدا دانراوە بەجۆرێك ئەوە لە ڕۆژی پێنجەم لەسەرەتای جێبەجێکردنی حەبس کردنەکە تێنەپەڕێت) .

وە بەدەقهاتووە لەماددەی (302 /1) لە هەمان یاسا کە (حەبسی یەدەك کە لە کاتی بەدواداگەڕانی سەرەتایدا بڕیار دەدرێت شوێنەوارەکەی ڕاستەوخۆ لەدەستئەدات ئەگەر دادوەر هەڵنەسابە ووتەوەرگرتن لەوادەی دیاری کراو لە ماددەی (294)....) بەم شێوەیە ئەبینین کە یاسادانەری ئیتالی ڕێی داوە کە تۆمەتبار بەڕاگیراوی بمێنێەوە بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بەبێ ووتەوەرگرتنی ودوای ئەو ماوەیە ڕاگرتن شوێنەواری لەدەستئەدات واتە یاسایی نابێت .

**چوارەم**

---

[128] ينظر: تقابل ذلك المادة (134) من القانون المصري والمادة (1/102) من القانون السوري.

[129] و بهذا الإتجاه سار المشرع الكويتي أيضاً، حيث نظم أحكام التوقيف في المواد (69 إلى 97) من قانون الإجراءات والمحاكمات الجزائية الكويتي بينما تطرق إلى أحكام الإستجواب في المادتين (91-98) من نفس القانون

## دەرچوونی بڕیار لەو لایەنەی تایبەتمەندە بەدەرکردنی

کە ڕاگرتنی تۆمەتبار لە ترسناکترین ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوەی دەستلێدەری ماف و ئازادی یەکانە لەبەرئەوە پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بەماف وئازادی یە بنەڕەتی یەکانی مرۆڤ هەروەها دەستورەکان سوورن لەسەر سپاردنی بە لایەنێکی دادوەری تایبەتمەند، کە بەدەقهاتووە لەماددەی (2) لەڕاسپاردەکانی کۆنگرەی رۆمای سالی 1952 کە ( نابێت کەسێك رابگیرێت بەبێ فەرمانێکی هۆبۆهێنراو لە دادوەری تایبەتمەندەوە ، وە فەرمان نادرێت بە دەستگیرکردن جگە لەو حالەتانەدا نەبێت کە لە یاسا ڕونکراوەتەوە ، وە ئەبێت ڕاگرتنەکە نەمێنێت بە نەمانی هۆیە یاسایی یەکانی کە رێیان داوە رابگیرێت ، وە نابێت پیاوانی پۆلیس کەسێك دەستگیر بکەن جگە لەو حالەتە رێسابەدەرانەی کە بەدەقهاتووە لەیاسادا نەبێت، و ئەبێت کەسە دەستگیرکراوەکە دەستبەجێ بخرێتە ژێر رکێفی دەسەلاتی دادوەری یەوە).

بە پێی یاسای عیراقی ڕاگرتن دائەنرێت بەڕێوشوێنێکی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی وە ئەو لایەنەی هەلئەسێت بەڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لە یاسای عێراقی بریتین لە دادوەرانی لێکۆڵینەوە هەروەها لێکۆڵەرەوان لە ژێر سەرپەرشتی دادوەرانی لێکۆڵینەوە[130] ، وەبەم شێوەیە دادوەرانی لێکۆڵینەوە و لێکولەرەوان ئەوانەن کە بە شێوەکی بنچینەیی (اصلی) هەلئەسن بەڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی ، وە بەڕەچاوگرتنی ترسناکی راگرتن و کاریگەی لەسەر ئازادی تاکە کەس ، ئەبینین کە یاسادانەری عێراقی بڕیارلێدانی دەسەلاتی وەك بنەمایەکی گشتی سپاردووە بە دادوەرانی لێکۆڵینەوە کە بە دەقهاتووە لە ماددەی ( 109/أ ) لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی عێراقی کە ( ئەگەر کەسە دەستگیرکراوەکە تۆمەتبار کرابوو بە تاوانێك سزادراو بە حەبس کردن بۆ ماوەیەك زیاتر بێت لەسێ سال یان بە بەندکردنی کاتی یان هەتاهەتایی بۆ دادوەر هەیە فەرمانبدات بەڕاگرتنی....)

بەلام وەك لە ڕێسابەدەرێك لەبنەمای ناوبراو یاسادانەری عیراقی ریێ داوە بە لێکۆڵەر لە ناوچە دوورەکان لە ناوەندی فەرمانگەی دادوەر کە تۆمەتبار ڕابگرێت لە تاوانەکان (جنايات) بەلام لە کەتنەکاندا (جنح) بۆی نی یە تۆمەتبارەکە ڕابگرێت بەلکو لەسەریەتی کە تۆمەتبارەکە ئازادبکات بە کەفالەت کە بە دەقیهێناوە لە ماددەی (112) لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی کە ( پێویستە لەسەر لێکۆڵەر لە ناوچە دوورەدەستەکان لە ناوەندی فەرمانگەی دادوەر کە تۆمەتبارەکە رابگرێت لە تاوانەکاندا (جنايات) بەلام لەکەتنەکاندا لەسەری پێویستە کە تۆمەتبارەکە ئازاد بکات بە کەفالەت وە لەسەری پێویستە لە هەموو حالەتەکاندا کە بابەتەکە بخاتەڕووی دادوەر بەخێراترین رێگای بەردەست و ئەوەی ئەو بڕیاری لێدەدات جێبەجێی بکات )

وە لە تویژینەوەی ئەم ماددەیە دەردەکەوێت بۆ ئەوەی لێکۆڵەر دەسەلاتی ڕاگرتن پەیڕەو بکات پێویستە ئەم مەرجانەی تیادابێت:-

ا - ئەبێت تاوانەکە لەجۆری تاوان (جنايات) بێت.

ب - ئەبێت لەو شوێنانە بێت کە دوورە لە ناوەندی فەرمانگەی دادوەرەوە مەبەست لەو شوێنە دورانەی لە ناوەندی فەرمانگەی دادوەر ئەوەیە ئەو شوێنانەیە کە دادگای تیانیە وە لێکولەر بۆی دەست نادات کە ڕاستەوخۆ بابەتەکە بخاتەڕووی دادوەر دوای ڕوودانی ڕووداوەکە لەبەر دووری جێگەکەی لە دادگاوە.

---

130 ينظر المادة (51) من قانون أصول المحاكمات الجزائية العراقي.

ج - بابەتەکە بەخێراترین کات بخرێتەڕوو ! . واتە لەم حاڵەتەدا پێویستە لەسەر لێکۆڵەر کە تۆمەتبارەکە رابگرێت بۆ ماوەیەکی کەم تابتوانێت بابەتەکە بخاتەڕووی دادگا و دوای ئەوە بڕیاری کۆتایی ئەگەڕێتەوە بۆ دادوەر ئەویش یان بە بەردەوام بوونی ڕاگرتنی تۆمەتبارەکە یان دەرکردنی بڕیار بە ئازادکردنی.

## پێنجەم

## پاپەندبوون بە ماوەی ڕاگرتنەوە

پێش چوونە ناو بابەتی ماوەی ڕاگرتنەوە لە یاسا بەراوردکراوەکاندا ، ئاماژە بۆ ئەوە ئەکەین کە چەند یاسایەك هەیە ماوەیەکی دیاری کردووە بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری دەرچوو بەڕاگرتنی تۆمەتبار وە ئەگەر لەو ماوەیە دا جێبەجێ نەکرا پێویستە جارێکی تر بڕیارەکە پشتڕاست بکرێتەوە لەوانە یاسای میسری کە بە دەقیهێناوە لە ماددەی (139) لەیاسای ڕێوشوێنە تاوانی یەکانی میسری کە ( نابێت فەرمانەکانی گرتن و ئامادەکردن و فەرمانەکانی حەبس کردن جێبەجێ بکرێت لەدوای تێپەڕبوونی شەش مانگ لە بەرواری دەرچونیەوە ئەگەر بۆ ماوەیەکی تر پشتڕاست نەکرێتەوە لە لایەن دادوەری لێکۆڵینەوە ) .

وە ماددەی (201) لەهەمان یاسا ئەڵێت (نابێت فەرمانەکانی گرتن و ئامادەکردن و فەرمانەکانی حەبس کردن کە لەنوێنەرایەتی گشتی یەوە دەرئەچێت جێبەجێ بکرێت دوای تێپەربوونی شەش مانگ لەبەرواری دەرچوونیەوە ئەگەر بۆ ماوەیەکی تر نوێنەرایەتی گشتی پشتڕاستی نەکاتەوە).

بەم شێوەیە ئەبینین کە ماوەی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی جێبەجێکردن و ئامادەکردن و ڕاگرتن لە یاسای میسریدا شەش مانگە وە ئەگەر لەو ماوەیەدا جێبەجێ نەکرا پێویستە بڕیارێکی نوێی بۆ دەربکرێتەوە.

وە ئێمە وا ئەبینین لەم بارەیەوە کە دیاریکردنی ماوەیەکی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوە لە دەستگیرکردن و ئامادەکردن ئاسایی یە ، لەبەرئەوە ی کە لەوانەیە چەند پێشهاتێك ڕووبدات کە بخوازێت چاو بە بڕیاری دەرکراودا بخشێنرێتەوە، وەك لەوانەیە لێکۆڵینەوە چەند بەڵگەیەك دەربخات کە ئەوە بگەیەنێت تاوانەکە بخرێتە پاڵ کەسێك بەدەر لەو کەسەی پێشتر بڕیار دراوە بەدەستگیرکردنی یان ئامادەکردنی .

بەڵام سەبارەت بە بڕیاری دەرچوو بە ڕاگرتنی تۆمەتبار ، دیارکردنی ماوەیەکی دیاری کراو بۆ جێبەجێکردنی بێسوودە بە دەربڕینێکی تر ئاسایی نی یە ، لەبەر ئەوەی کە تۆمەتبارەکە دەستگیر ئەکرێت و دوای ووتەوەرگرتنی راستەخۆ پێویست ئەکات یان بڕیارێك دەربکرێت بەڕاگرتنی یان دەرکرنی بڕیارێك بە ئازادکردنی و بەرپرسیارنەبونی یان بێتاوانبوونی ، واتە بڕیاری ڕاگرتن دەرئەکرێت کاتێك کە تۆمەتبارەکە ئامادەیە و لەبەردەستی دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەدایە.

بەم شێوەیە جیاوازی هەیە لەگەڵ فەرمانی دەستگیرکردن کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا تۆمەتبارەکە ئامادەو بەردەست نی یە لە کاتی دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردنی کە لەوانەیە ماوەی نێوان دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردن و جێبەجێکردنی دەستگیرکردنە زۆر بخایەنێت وە لەو ماوەیەدا لەوانەیە چەند بابەتێك ڕووبدات کە قەناعەتی ئەوکەسەی بڕیاری دەستگیرکردنەکەی دەرکردووە بگۆڕێت لەبەر ئەوە ئەبینین کە یاسادانەری میسری بە پێویستی داناوە کە جارێکی تر پشتڕاستبکرێتەوە.

بەڵام لە ڕاگرتندا ماوەی جیاکەرەوە نی یە لە نێوان بڕیار دەرکردن و ڕاگرتندا بەڵکو ئەگەر بڕیار دەرچوو بەراگرتنی تۆمەتبارەکە ئەوە ئەگەیەنێت کە ئەو بەردەستە و لەژێررکێفی دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەدایە و راستەخۆ ئەو بڕیارەی بەسەردا جێبەجێ ئەکرێت.

وە لەبەرئـەوە ئـەبینین کـە یاسـادانەری کـوەیتی ماوەیـەکی دیـاری کـردەوە بـۆ جێبـەجێکردنی بڕیـاری دەرکـراو بەدەستگیرکردنی تۆمەتبار بێ ئەوەی بۆ بڕیاری دەرکراو بە ڕاگرتن دیاری بکات کە بـەدەقی هێنـاوە لـەماددەی (63) لەیاسای ڕێوشوێنەکان و دادگایی کردنە سزایی یەکانی کوەیتی کە (هەموو فـەرمانێکی دەسـتگیرگردن پێویسـتە نوسـراو بێت و بەرواری هەبێت و ئیمزاکرابێت لەوکەسـەی کـەدەریکردوە لەگـەڵ ڕوونکردنـەوەی سـیفەت و نـاوی ئـەو کەسـەی ئەویسترێت دەستگیر بکرێت دیـار بکرێـت و شـوێنی نیشـتەجێبوونی و هـەموو ئـەوەی پێویسـت بێـت کـە پـێ ی دیـاری بکرێت و هۆی  فەرمانی دەستگیرکردنەکەی تیا دیاری بکرێت وە ئەگەر ئەو فەرمانە لە ماوەی سێ مانگدا لـە بـەرواری دەرچوونیەوە جێبەجێ نەکرێت ئەوا لـە کاردەکـەوێت و دوای ئـەوە نابێـت جێبـەجێ بکرێـت بـەدەرکردنی فـەرمانێکی نوسراوی تر نەبێت بەنۆی کردنەوەی).

بـەڵام سـەبارەت بـە هەڵوێسـتی یاسـادانەری عێراقـی ئـەبینین کـە ماوەیـەکی دیـاریکراوی دانـەناوە بـۆ جێبـەجێکردنی ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لەبەرئەوەی کە فەرمانە دەرچووەکان یان بڕیارە دەرکراوەکان بۆ هەر ڕێوشوێنێك بەردوام ئەبێت و پێویست بەنوێ کردنەوە ناکات ئەگەر ماوەیەکی دورودرێژیش بەسەر دەرچونیدا تێپەڕبوبێت[131].

وە بەهەمان شێوە سەبارەت بە یاسادانەری سوری و لوبنانی[132].

وە سەبارەت بەوەی پەیوەندی هەبێت بەدیاریکردنی ماوەیەکی دیاریکراو بۆ ڕاگرتنی تۆمـەتبار، ئـەبینین کـە زۆربـەری یاساکان بەرزترین سنوریان داناوە بۆ ڕاگرتنی تۆمەتبار ، کە دەستی دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەیان واڵا نەکردووە بۆ ڕاگرتنی تۆمەتبار بۆ چەندەها ماوەی درێژ ، بەڵکو پەنایان بردۆتە بەر دیاریکردنی ماوەکـەی و ئـەویش بەرەچاوکردنی ئـەوەی کە ڕاگرتن لە ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوەی خاوەن سروشـتێکی کـاتی یـەو لـەو ڕێوشـوێنانەیە کـە دەسـت ئـەبات بـۆ مـافی تاکەکان و ئازادیان وە پیادەکردنی بنەمای گریمانەی بێتاوانی تۆمەتبار کە وا ئەخوازێت کە ئازادی تاکەکان دەستبەسەر نەکرێت تەنها لە کاتی ڕێسابەدەر نەبێت کە هێشتا حوکمێکی دادوەری  یەکلاکـەرەوە کـە پلـەی کۆتـایی وەرنـەگرتبێت دەرچووبێت بەرامبەریان کە لە ماددەی (109/ا) لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سـزایی عێراقـی بـەدەق هـاتووە کـە (ئەگەر کەسە دەستگیرکراوەکە تۆمەتبار کرابوو بە تاوانێکی سزادراو بە حەبس کردن بـۆ ماوەیـەك لـە سـێ سـاڵ زیـاتر بێت یان بە بەندکردنی کاتی یان  هەتاهەتایی بۆ دادوەر هەیە کە فەرمانبدات بەڕاگرتنی ماوەیەك کە زیاتر نەبێت لـە پانزە ڕۆژ لە هەرجارێکدا یان بڕیار بدات بە ئازادکردنی.....)

لە بڕگەی (ج) لە هەمان ماددە بەدەق هاتووە کە (نابێت سەرجەمی ماوەکـانی ڕاگـرتن لـە چارەکی بـەرزترین سـنووری سزاکە زیاتربێت و وە لە هەموو حاڵەتێکدا لە شەش مانگ زیاتر بێت وە ئەگەر حاڵەتەکە پێویستی کرد ڕاگرتنەکە  لە شەش مانگ زیاتر درێژبکرێتەوە ئەو کاتە پیویستە لەسـەر دادوەر بابەتەکە بخاتـە ڕووی دادگـای تاوانـەکان بـۆ ئـەوەی ڕێی بدات بە درێژکردنەوەی بۆ ماوەیەکی گونجاو بە مـەرجێك لەچارەکی بـەرزترین سـنووری سـزاکە تێنەپـەڕێت یـان بڕیاربدات بە ئازادکردنی بە کەفالەت یان بەبێ کەفالەت لەگەڵ ڕەچاوکردنی بڕگەی(ب)).

لە تویژینەوەی ئەم ماددەیە دەرئەکەوێت کە بەپێی یاسای عێراقی ڕێدراوە بە ڕاگرتنی تۆمـەتبار بـۆ مـاوەی پـانزە ڕۆژ لە هەرجارێکدا وە نابێت ماوەی ڕاگرتن لە هەرجارێکدا لەو ماوەیە تێپەڕێت بەڵکو ڕێدراوە کە کـەمتربێت لـەو ماوەیـە

---

131 يلاحظ أن المشرع العراقي و فيما يتعلق بأمر القبض قد نصت المادة (94/أ) من قانون أصول المحاكمات الجزائية على أنه: (يكون أمر القبض نافذ المفعول في جميع أنحاء العراق و واجب التنفيذ ممن وجه إليه و يظل سارياً حتى يتم تنفيذه أو إلغاؤه ممن أصدره أو من سلطة أعلى منه مخولة قانوناً).

132 ينظر: (2/106) من القانون السوري والمادة (2/104) من القانون اللبناني.

وە نابێت سەرجەمی ماوەی ڕاگرتن لە چارەکی بەرزترین سنوری سزای بڕیاردراو بۆ تاوانەکە تێپەڕێت بە مەرجێك ئەو ماوەیە لەشەش مانگ تێنەپەڕێت.
بەم سێوەیە ئەگەر چارەکی بەرزترین سنووری سزاکە ساڵێك بوو لەم حاڵەتەدا نابێت تۆمەتبارەکە لەشەش مانگ زیاتر ڕابگرێت.
بەڵام ئەگەر پێویستی لێکۆڵینەوە خواستی کە تۆمەتبارەکە لەشەش مانگ زیاتر ڕابگیرێت ئەو کاتە چارنی یە ئەبێت ڕێپێدانی دادگای تاوانەکانی بۆ وەربگیرێت بۆ ئەوەی ڕێ بدات کە ماوەیەکی گونجاو ماوەی ڕاگرتنەکە درێژ بکرێتەوە بەو مەرجەی لە چارەکی بەرزترین سنووری سزای بڕیار دراو بۆ تاوانەکە تێنەپەڕێت.
وە ئەم ماوەیە وەکو یەك بەسەر تاوانەکان(جنایات) و کەتندا(جنح) جێبەجێ ئەکرێت وە ئێمە لەم بارەیەوە وا ئەبینین کە دیاری کردنی ماوەی ڕاگرتن بە شەش مانگ بۆ کەتن و تاوان وەکو یەك دوورکەوتنەوەی لە دادپەروەری تیایە لەبەرئەوەی کەتن وەك زانراوە مەترسی کەمترە لە تاوان (جنایات) لەسەر کۆمەڵگە و تاوانلێکراو ، لەبەرئەوە باشتر بوو کە یاسادانەر جیاوازی بکردایە لە نێوان تاوان و کەتندا لە ماوەی ڕاگرتندا ئەویش بۆ پاراستی مافی تۆمەتبار ، لەلایەکی ترەوە وەك هاندانێك بۆ دادوەرانی لێکۆڵینەوە بۆ پەلەکردن لە لێکۆڵینەوە کە یەکێکە لەتایبەتمەندیەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی، لەبەرئەوەی ئەگەر ماوەی ڕاگرتن کەم بێت لە کەتندا ئەمە وا لە دادوەران دەکات کە خێرا بکەن لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکاندا بە تایبەتی ئەگەر ترسی هەڵهاتنی تۆمەتبارەکە هەبوو یان کار بکاتە سەر بەڕێوەچوونی لێکۆڵینەوە و ئەمەش ئەبێتە هۆی کە دادوەرەکان خێراتر لێکۆڵینەوە بکەن تیایدا پێش تەواوبوونی ماوەی بڕیاردراو بۆ ڕاگرتن لەبەر ئەوە پێشنیارمان بۆ یاسادانەری عێراقی ئەوەیە کە ئەم ماددەیە هەموار بکەن بە شێوەیەك بەرزترین ماوەی سنوری ڕاگرتن لە کەتندا بە کەمتر دیاری بکات لەبەرزترین سنووری ماوەی ڕاگرتن لە تاوانەکاندا (جنایات).

## کۆتایی

دوای نوسینی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بە چەندdk دەرەنجام و پێشنیار کە پوختی ئەکەینەوە لەمەی خوارەوە :
یەکەم : دەرەنجامەکان
1-لەکاتی توێژینەوەی فەرمانی دەستگیرکردن گەیشتینە چەندەها دەرەنجام لە گرنگترینیان :
أ - لە کاتی باسکردنی ماهیەتی فەرمانی دەستگیرکردن بۆمان دەرکەوت کە کرۆکی دەستگیرکردن بریتیە لە کارێکی ماددی خۆی ئەبینێتەوە لە کۆتوبەند کردنی ئازادی کەسێك و بێبەش کردنی لێی بە پشتبەستن بە دەسەڵاتێکی یاسایی وە بە مەبەستی ئامادەکردنی لەبەردەمیدا .
ب –دەستگیرکردنی کەسەکان لەو حاڵەتانە دائەنرێت کە تیایدا دەست ئەبرێت بۆ ئازادی کەسی تاکەکان وە لە هەرە ڕێوشوێنە بەربڵاو و بەکارهاتووەکانە لە لایەن دەسەڵاتی گشتی کە لەو ڕێگایەوە ئامانجی گلدانەوی تۆمەتبارە لە ترسی هەڵهاتنی .
ج –لە کاتی توێژینەوەی ماوەی دەستگیرکردن لە یاسا جۆراوجۆرە بەراوردکراوەکاندا ڕونمان کردەوە کە ئەم ماوەیە جیاوارە لە یاسایەکەوە بۆ یاسایەکی تر وە گەیشتینە ئەو ئامانجەی کە کە هەرچەندە ئەم ماوەیە کورت بێت بەڵگە ئەبێت لەسەر چاودێری کردنی مافی مرۆڤ لەبەر ئەوەی پێویستە کە بەزووترین کات کە لەتوانادا بێت چارەنووسی

دەستگیرکراوەکە دیاری بکرێت یان بە ئازادکردنی یان بە ڕاگرتنی وە ڕونمان کردەوە کە پێویستە ئەم ماوەیە درێژە نەکێشێت نەبەر ئەوەی ئەم ماوەیە بە پێچەوانەی ماوەی ڕاگرتنەوە لەماوەی سزای سەپێنراو بەسەر تۆمەتبارەکەدا داناشکێنرێت .

د – لەکاتی توێژینەوەی هۆبۆهێنانەوەی فەرمانی دەستگیرکردن ڕوونمان کردەوە کە مەبەست لێی خستنەڕووی ئەو بەڵگەو ڕوداوانەیە کە لێیانەوە ڕودانی تاوانێك بەدیئەکرێت وە گێڕانەوەی بۆ تۆمەتبارەکە بە بێ ئەوەی باسکردنی هۆیەکان بەدوورو درێژی پێویست بکات ، وە گەیشتین بە دەرەنجامێك کە هەرچەندە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنە سزایی یەکانی عێراقی دەقێکی ڕاشکاوی تیا نی یە کە هۆبۆهێنانەوەی فەرمانی دەستگیرکردن پێویست بکات بەلاّم گیانی یاسادانان ئەوە ئەخوازێ لەبەر ئەوەی کە دەستگیرکردن لە ڕێوشوێنە دەستلێدەرەکانی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە سەرەتاییەکانی یەتی لەبەر ئەوە نابێ ئازادی تاکەکان بێ ڕێزبکرێت بەبێ هۆ .

2 ) لە توێژینەوەی حوکمەکانی ووتەوەرگرتن گەیشتین بەم دەرەنجامانەی خوارەوە :

أ )ووتەوەرگرتن بریتیە لە ووتووێژکردن لەگەڵ تۆمەتبارەکە لە تاوانە ئەنجامدراوەکە داوە ڕووبەڕووکردنەوەی بە ئەو بەڵگانەی هەیە لە دژی ، وە گوێ گرتن لە بەرگری یەکەی سەبارەت بەو بەڵگە و سەلماندنانەی کە لەدژی پێشکەشکراوە ،وە بەم شێوەیە ئامانج لە ووتووێژکردن لەگەڵ تۆمەتبارەکە بە ووردەکاری لەکاتی ووتەوەرگرتنیدا بریتیە لە گەیشتن بەوەی کە ئایا ئەو کەسەکەیە کە تاوانەکەی ئەنجامداوە یان بە پێچەوانەوە گەیشتن بەوەی کە تۆمەتبارەکە بێتاوانە لەو تاوانەی کە خراوەتە پاڵی .

ب ) دانایی لە ووتەوەرگرتنی تۆمەتبار پێش دەرکردنی بڕیاری ڕاگرتنی ئەوەیە کە پێویستە ئەوەی کە تۆمەتبارەکە ڕوونی ئەکاتەوە لە ڕووەکانی بەرگریکردن بەرامبەر ئەو تۆمەتەی خراوەتە پاڵی بزانرێت ، لەبەر ئەوەی لەوانەیە دەسەلاّتی لێکۆڵینەوە دوای ووتەوەرگرتنی تۆمەتبارەکە بگاتە بڕوایەك کە تۆمەتبارەکە ئەو تۆمەتەی خراوەتە پاڵی ئەنجامی نەداوە ئەوکاتە پێویستە بڕیاری بێتاوانی بدرێت ، وە یان هەندێ جار دادگا دوای ووتەوەرگرتنی تۆمەتبارەکە قەناعەت ئەکات کە تۆمەتبارەکە تاوانێکی تری ئەنجامداوە بەدەر لەو تاوانەی کە لە پێناویدا بانگ کراوە وە لەوانەیە تاوانەکە لە پلەیەکی مەترسیداری ئەوتۆدا نەبێت کە پێویست بکات تۆمەتبارەکە لەپێناویدا ڕابگیرێت .

ج ) ووتەوەرگرتن ڕێوشوێنیکی خاوەن سروشتێکی دوولایەنەیە ، کە ئەو لە لایەك ڕێوشوێنیکە لە ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوەیە لە ڕێ یەوە دەسەلاّتی لێکۆڵینەوە بەڵگەکانی سەلماندن کۆئەکاتەوە لە دژی تۆمەتبار وە ئەوەش لەڕێ ی دانپیانانی تۆمەتبارەکە یان دەستکەوتنی چەند زانیاریەك لێوەی کە ببێتە هۆی دەرخستنی ڕاستی ، وە لە لایەکی ترەوە لە ڕێگاکانی بەرگری تۆمەتبارەکە دائەنرێت کە لە کاتی ووتەوەرگرتندا بوار لە بەردەم تۆمەتبارەکە ئەرەخسێ بۆ رەتکردنەوەی ئەو بەڵگانەی هەیە و لە خۆی دوربخاتەوە یان دانبنێت بە تاوانەکەدا ، وە دواتریش یارمەتیدانی دادپەروەری بۆ گەیشتن بە راستیەکان .

3)لە توێژینەوەی حوکمەکانی ڕاگرتن گەیشتینە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە :

أ ) لەکاتی پێناسەکردنی ڕاگرتندا ڕونمانکردەوە کە کۆمەڵێك لە یاسا عەرەبیەکان دەریئەبڕن بە زاراوەی بەندکردنی یەدەکی وەك یاسای میسری و ئیماراتی و لیبی ، لەکاتێکدا یاسای عێراقی و ئەردەنی و لوبنانی بەکارهێنانی زاراوەی ڕاگرتنیان پێباشترە ، وە گەیشتین بەو ئەنجامەی کە زاراوەی ڕاگرتن ڕاسترە لە بەندکردنی یەدەکی وە ئەوەش بۆ جیاکردنەوەی ڕاگرتن وەك ڕێوشوێنێکی لێکۆڵینەوە لە بەندکردن وەك سزایەکی تاوانکاری ،

وە هەروەها بۆ جیاکردنەوەی نێوان ئەوانەی ئەم ڕێوشوێنەیان لە دژ ئەنجام ئەدرێت و ئەوانەی حوکودراون بە بەندکردن ، وە ئەوەی یەکەم ناوئەبرێت بە ڕاگیراو و ئەوەی دووەم ناوئەبرێت بە بەندکراو .

وە لە کاتی توێژینەوەی سروشتی یاسایی ڕاگرتن ڕونمان کردەوە کە بیرو ڕای زانایان جیاوازبوون دەربارەی ئاستی دژایەتی ڕاگرتن لەگەڵ بنەمای گریمانەی بێتاوانی تۆمەتبار ، کە لایەنێکی یاساناسی وای دەبینێ کە ڕاگرتن دژناوەستێ لەگەڵ بنەمای گریمانەی بێتاوانی تۆمەتبار، لەکاتێکدا ئاراستەیەکی تر وای دەبینێ کە ڕاگرتن دژئەوەستێ لەگەڵ بنەمای گریمانەی بێتاوانی تۆمەتبار لەبەر ئەوەی ئەم بنەمایە وا ئەخوازێت کە تاکەکان چێژوەربگرن لە ئازادیەکەیان و ئەم ئازادیە دەستی بۆ نەبرێت تاوەکو تاوانباریەکەی ئەسەلمێنرێت ، وە گەیشتینە دەرئەنجامێك کە پوختەکەی ئەوەیە کە دژوەستان بوونی نی یە لەگەڵ بنەمای گریمانەی بێتاوانی تۆمەتبار و لەنێوان ڕاگرتندا لەبەرئەوەی بنەمای گریمانەی بێتاوانی مانای ئەوە نی یە کە نەتوانرێت هیچ ڕێوشوێنێك نەگیرێتەبەر دژی ئەو کەسانەی کە گومانی ئەنجامدانی تاوانێکی دیاریکراویان لێکراوە ، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی گشتی لە بوونی ئارامی و جێگیری هەندێ جار وا ئەخوازێت دەستببرێت بۆ ماف و ئازادیەکانی هەندێك کەس ، لەبەر ئەوە بنەمای گریمانەی بێتاوانی مانای ئەوە نی یە کە نابێت تۆمەتبار ڕابگیرێت بەڵکو ئەم بنەمایە وا ئەخوازێت کە پێویسە تۆمەتبار مامەڵەیەکی لەگەڵدا بکرێت کە شیاو و گونجاو بێت لەگەڵ ڕێزی مرۆڤەکان لە هەموو قۆناغەکانی داوا سزاییەکە ، لەبەر ئەوە ئەم بنەمایە وا ئەخوازێت کە پەنا نەبرێتە بەر ڕاگرتن جگە لە کاتی بوونی مەرجەکانیدا وە پێویستە لە ڕێ یەوە دڵنیایی یەکان بۆ تۆمەتبار دەستەبەر بکرێت ،وە ئەگەر بڕیاری بێتاوانی تۆمەتبارەکە درا لەو تاوانەی خرابوە پاڵی پێویستە قەرەبووی ئەو ماوەیە ی بکرێتەوە کە لە ڕاگرتن بەسەری بردبوو ئەوەش پشبەستن بە گریمانەی بێتاوانی یەکەی .

ج) لەکاتی توێژینەوەی ئەو تاوانانەی کە ڕاگرتنی تۆمەتبارەکەی تیا ڕێدراوە ڕونمان کردەوە کە کۆدەنگی هەیە لە هەڵوێستی یاساکان دەربارەی پێویستی بوونی ڕاگرتن لە تاوانەکاندا ( جنايات ) بەڵام جیاوازی یەکەیان دەربارەی کەتنەکانە کە لایەکی زۆر لە یاساکان ڕێ بە ڕاگرتن ئەدەن بەشێوەیەکی گشتی بەڵام چەند یاسایەکی تر جیاوازی ئەکات لە نێوان ئەو کەتنانەی سزادراون بە بەندکردن بە ماوەی زیاترلە سێ ساڵ و ئەوانەی سزا دراون بە بەندکردن بۆ ماوەی کەمتر لە سێ ساڵ کە لە حاڵەتی یەکەمدا ڕاگرتنی داناوە بە بنچینە و ئازادکردنی بە کەفالەت ی بە لە حاڵەت بەدەر داناوە وە لە حاڵەتی دووەمدا ئازادکردنی بە کەفالەت داناوە بە بنچینە و ڕاگرتن بە لەحاڵەت بەدەر .

د ) لە کاتی باسکردنی پێویستی بوونی بەڵگەی تەواو لەدژی ئەوکەسەی کە بڕیار دەرئەکرێت بە ڕاگرتنی ڕونمان کردەوە کە مەبەست لێ ی کۆمەڵێك ڕوداوی بەرچاو ی هەستپێکراوە کە لێوەی بەرهەم ئەهێنرێت کە ئەو کەسە تاوانێکی ئەنجامداوە و ئەویش ڕۆڵێکی هەبوە لە ئەنجامدانیدا ، وە ڕونمان کردەوە کە کۆمەڵێك یاسا هەیە کە پێویستی بوونی چەند بەڵگەیەکی تەوای بەدەفهێناوە لە دژی تۆمەتبارەکە پێش دەرکردنی بڕیار بە ڕاگرتنی لە کاتێکدا یاسای عێراقی زاراوەی ( تۆمەتباری ) بەکارهێناوە بۆ ئەو کەسەی کە بڕیار دەرئەچێت بە ڕاگرتنی وە تۆمەتبار ئەو کەسەیە کە چەند بەڵگە و نیشانەیەك هەیە لە دژی کە پاساوی ئاراستەکردنی تۆمەت بۆی و جوڵاندنی داوای سزایی لە دژی ئەکات وە ئەم بەڵگەو نیشانانە پشتی پێ ئەبەسترێت بۆ گرتنەبەری هەر ڕێوشوێنێکی تر لە دژی وەك ووتەوەرگرتنی و ڕاگرتنی و پشکنینی و پشکنینی شوێنی نیشتەجێبوونی لەبەر ئەوە پێویست ناکات کە دەقێك هەبێت کە بوونی بەڵگەی تەواو لە دژی تۆمەتبارەکە پێویست بکات بۆ دەرکردنی بڕیار بە ڕاگرتنی بەو پێیەی کە ئەو تۆمەتبارە ئەوە ئەگەیەنێت کە ڕێدراوە بە گرتنەبەری هەموو ڕێوشوێنە ڕێپێدراوە یاساییەکان لە دژی .